# کوردەکان لە میصر بە تێ پەڕینی چاخەکان


نووسینی

دکتۆرە : دریە عونی

دکتۆر: محمود محمد زاید دکتۆر: مصطفی محمد عوض


وەرگێڕانی مامۆستا مشیر حسن عمر


وەرگێڕانی بۆ کوردی : مامۆستا مشیر حسن عمر

٢٠٢٣ زاینی

چاپی یەکەم = قاهیرە ١٤٣٢ ی کۆچی / ٢٠١١ ی زاینی

# پەڕتوکی کورد لە میصر بە تێپەڕبونی چاخەکان

دانانی : دریە عونی / محمود محمد زاید / مصطفی محمد عوض

يار حسن عمر

دیاریە :

# بۆ میصری شۆڕش

# بۆ میصری ئازاد

# بۆ میصری  دایەنگا

وەرگێڕانی ماموٚستا میثر حسن عمر

# میصر شوێنە بلیمەتەکە

میصر لە چاوی دڵ لە کیشوەری ناوەندی ڕەگەزەکان ، ناوچەی بە یەك گەیشتنی حامیەکان و سامیەکان.

لە میصر ئەوروپای سپی و ئاسیای زەرد و ئەفریقیای ڕەش بەیەك گەیشتن .

لە میصر ڕەگەزەکان تێکەڵاو بون لە خوێن وەك کیمیایی بەڵام گەلێکی تێکەڵاو نیە . لە ڕەگەز میصریە بۆخۆی وە شێوەو گەشەی میصریە وە ناوەندێکە بۆ کۆکردنەوە و ڕاگرتنی هەموو ڕەگەزەکان بە شێوەکی جوان .

**جمال حمدان**

وولاَتی کوردان بە شەڕەف دادەنرێ کە دووسەرکردەی نەمری بۆ جیهانی ئیسلامی بەرهەم هێناوە : صەلاحەدینی ئەیووبی و محمد علی گەورە کە بەیەك گەیشتون بۆ دامەزراندنی یەکەمی کوردی لە هەڵسانەوەی میسر وە لە ڕەچەڵەکیانی قەلاَی یوسفیە یان { قەلاَی صەلاحەدین لە قاهرە } ئەم بینایە دەگەڕێتەوە بۆ صەلاحەدین ، وە بە نۆژەنکردنەوە و نوێ کردنەوە بۆ محمد علی گەورە دەگەڕێتەوە .

**عباس محمود العقاد**

# {پێشەکی وەرگێڕ}

**{بەناوی خوای گەورەو میهرەبان }**

**خوێنەری بەڕێز ئەم کاتەت باش :**

**ئەم پەڕتوکەی لەبەر دەستت دایە باس لە ڕۆلی کوردەکان دەکات لە میصر لە هەموو بوارەکانی ژیان وەك ئاوەدان کردنەوە و شەڕکردن و پاراستنی میصر بەڕێوەبردنی هەموو پۆستەکی سەربازی و شارستانی و حکومی وە ئەوەی لای من گرنگە ئەو کەسانەی مەدح و سەنای کورد دەکەن هیچیان کورد نین بەڵکو عەرەبن و خاوەن چەندەها بڕوانامەن کورد لە مێژودا کەسایەتی زۆر گەورەی هەبوە لە ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان بە تایبەتی لە میصر، ئێمەی کورد بێ خەبەرین لەم کەسایەتیانە بۆیە بە پێویستم زانی ئەم پەڕتوکە بەنرخە وەربگێڕم بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی تاوەکو خوێنەری کورد سودی لێ وەربگرێ . من زۆر بەبێ لایەنانە و بێ دەستکاری کردن هەموو پەرتوکەکەم وەر گێڕاوە بۆ زمانی کوردی بە گوێرەی توانای خۆم . جا ئەگەر هەر هەڵەیەك هەبێت من لێ ی بەرپرسیارنیم بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ نووسەرانی پەڕتوکەکە کە سێ دکتۆری زانکۆی قاهیرەن لە بەشی مێژوو ، ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی وەرگێڕان بووم زۆر جار بۆ ووشەیەك لە فەرهەنگ و گۆگل و لای برادەران گەڕاوم تا مانایەکی تەواوم دەست بکەوێ .**

**هەر خۆم کاری تایپ کردنی پەڕتوکەکەم کردوە . وە هەموو وێنەکانیش بەبێ دەستکاری لە هەمان شوێنی خۆی دانایتەوە ، زۆر سوپاسی بەڕێز مامۆستا محمد داریاس دەکەم کە پێداچونەوەیەکی ووردی بۆ پەڕتوکەکە کردوە زۆر هەڵەی بۆ ڕاست کردومەوە پێشەکیەکی جوانی بۆ نوسیووم .**

**من زۆر هەوڵم داوە بە شێوە زارەکیەکی ئاسان پەرتوکەکە بخەمە بەردەستان منیش یەکەم جارە کاری وەرگێڕان دەکەم بێ گومان کارەکەم لە هەڵە بەدەر نیە ئامادەم ڕاو سەرنج و ڕەخنەی ئێوە بە سنگێکی فراوان وەربگرم . نوسخەی پەرتوکە عەرەبیەکەم لای خۆم پاراستوە وە لە کۆتایی پەرتوکەکەش لینکی کتابەکەم بۆدانـاون بە زمانی عەرەبی هەرکەسێك ویستی بەراوردی بکات لە گەڵ کوردیەکە .**

**زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك خوا یارو یاوەری هەموان بێت.**

# دەروازە

هونەری وەرگێڕان کارێکی قورس و گرانە، هەموو کەسێك ناتوانی بەئاسانی خۆی لەم بوارە بدات و بەسەرکەوتویی وەرگێڕانەکە ئە نجام بدات . بەلاَم مامۆستای بەرێز

{ مشیر حسن عمر} ئەم ئەرکە قورسەی خستە سەرشانی وە زۆر بەجوانی ڕاپیەڕاند . ئەم کتێبەی کە لەبەر دەستتانە باس لە سیرەی ژیانی کوردەکانی (مصر) دەکات لە ماوەی چەند سەدەیەکی ڕابردوو . گەر بە وردی سەرنج بدەین لەناوەرۆکی ئەم کتێبە دەبینین بەسەدان هەزار کورد بەحوکمی ڕۆژگار و سەردەم بەهۆکاری جیاجیا کەوتنە (میصر) تێکەلَ بە خاك و گەل و ئاو و هەوای ئەم ولاَتە بون و بون بە بەشێك لە گەلی میصر واتە بوون

بە (میصری ) ئەوەی شایانی باسە ئەم کوردانە خەلَکێکی زۆر زیرەك و بلیمەت بەتوانایان لێهەلَکەوتوە لە بواری ڕامیاری و سەربازی و پیشەسازی و کشتوکالَی و زانستی و ئاینی و کارگێڕی و ئەدەبی و هونەری دا .

لە هەمان کاتدا ئەم کوردانە لە هەموو قۆناغەکانی میصردا پۆست و پلە و پایەی بەرزو گرنگیان لە حکومەت وەر گرتووە وە لە هەموو شوێن و سەردەمەێك لای خەلَك ڕێزدارو خۆشەویست بوون و گەلی میصر هەمووکات بە چاوێکی پڕ لە برایەتی و یەکسانی و هەستەوە سەیریان کردوون و کەسایەتیان پاراستوون مایەی شانازی و سەربەرزیە کە کە کوردەکان خەلَکێکی ئازاو هێمن و ئیشکەرو خواپەرست و بەرەوشت بوون و زۆر هاوکاری گەلی میصریان بون لە خۆشی و ناخۆشی دا .

بەڕاستی خاوەن تەگبیر و ڕابون لە کاتی گرفت و تەنگانەدا بۆ چارەسەرو مەیسەرکردنی ئەم بەلاَ و کارەساتانەی کە ڕووبەڕوی ئەم ولاَتە دەبونەوە .

واتە بەهرەو زیرەکی خۆیان بەگەلی میصر نیشاندەداو دلَسۆزی کارامەیی کوردیان بۆ میصریەکان دەسەلماند ، ئەوەی لێرە جێگای خەم و کەسەرە بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئەو کوردانەی (میصر) هیچ بەرهەم و سودێکیان بۆ گەلی کورد نەبووە ،بەلَکو هەموی بۆ گەلی عەرەبی (میصر) بوو. چونکە ئەوان لە ناو بۆتەی عەرەبی ئەو وولاَتە تواونەتەوە تا زمانەکەشیان لە دەستداوە بۆ ئێمەی کورد مایە پوچ دەرچوون ،بەکلتورو کەلەپورو کردارو

ڕەفتارو گوفتارو هەتانەریت و هزریان بوو بەعەرەبی . هەرچەند بەڕەگەزو ڕەچەڵەك كوردی عەیار بیست و چوارن بەلاّم زۆر بەداخەوە ئێمە بلێین چی كەناوەكانیشیان هەر عەرەبین واتە بۆ ئێمە مایەی دڵخۆشی نیە كە

هەمویان ڕەنج بەخەسارن و خەرمانی گەورەیی و ناوبانگیان بە فیڕۆ ڕۆیی كە لە خزمەتی عەرەبدا بوو لە كۆتایی دا دەست خۆشی و پیرۆزبایی بۆ مامۆستا ( مشیرحسن ) بە هیوای وەرگێڕانی زیاترو بەرهەمی باشتر بۆ دەوڵەمەند كردنی كتێبخانەی كوردی چونكە ئێمە لەم بوارە واتە بواری وەرگێڕان بەرهەممان كەمە .

مامۆستا ﴿محمد داریاس﴾

وەرگێڕانی مامۆستا مشیر حسن عمر

# کورد له پەڕتوکە ئاسمانیە پیرۆزەکاندا

بۆ بەبیر هێنانەوە ئاماژە بە کوردو کوردستان کراوە لە پەرتوکی پیرۆزوە تەوڕات . کە تەوڕات دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروست بونی مرۆڤ لە جیهان بۆ خاکی کوردستان

﴿ ان الله خلق جنه له فیما بین نهری دجله و الفرات ﴾[1] وە ئەمەش بەڵگە نەویستە کە ئەم دوو زێیە لە کوردستان هەیە . ئەمە باسکراوە لە﴿ پەڕتوکی موسی سورە تی ١٢ ئایەتی ٨ - ٥١ ﴾ ئەمە دەقەکەیتی

﴿ الله خلق جنته فی شرق (ئید ن ) وفیها خلق الله ذلك انسان و اسکنه فیها وبعد ذلك اخرج الله فی (ئید ن ) نهرا لیروی جنته : وەك زێ بایسان ،وە زێ کهان ، وە زێ ی دیجله ، وە زێ ی فرات[2] ﴾ .

بەلام لە ئینجیل : ئەمە باسکراوە لە { پەڕتوکی دووەم سوڕەتی ١٧ ئایەتی ٦ } ئەمە دەقەکەیتی ﴿ لە ساڵی نۆیەم لە پێغمبەرایەتی هۆشیا پاشای ئاشوریەکان هەڵساوە بە داگیرکردنی نیشتمانی سۆمەریەکان وە هەمووی بەدیل گرتن ﴾

نیشتە جێ ی کردن لە شاری ( هالاە ) و ( هابور ) لەسەر زێ ی ( کوزان ) ﴿لە شاری میدیا ﴾ .

وە لە قورئانی : پیرۆزدا باسی کوردستان دەکات بە شوێنێکی پیرۆز هەر وەك لەسەر زوبانی گەورەمان {نوح} سلاوی خوای لێ بێ خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وقل ربی انزلنی منزلا مبارکا وانت خیر المنزلین ﴾ پاش کۆتایی تۆفانی گەورە کەشتیەکەی گەورەمان {نوح} سلاوی خوای لێ بێ لەنگەری گرت لەسەر چیای جودی کە دەکەوێتە کوردستانی تورکیای ئیستا خوای گەورە دەفەرموێ ﴿استوت علی جودی ﴾ لە جێگایەکی پیرۆز هەر وەك گەورەمان نوح سلاوی خوای لێبێت .

---

[1] .مکتبة جزیری بدهوك،الطبعة الأولی مصطفی مختار:امة الکرد بین ضلم اعدائهاو جهل اصدقائها

[2] المرجع نفسه

لەم شوێنە ژیانی نوێ دەستی پێکرد بۆ تاکەکانی مرۆڤ لەسەر ڕووی جیهان ئەوە ڕاستیە کە طوفان هیچ شتەکی لە سەر ڕووی زەوی نەهێشت تەنها ئەوە نەبێ کە کەشتی (نوح ) سلاٌوی خوای لێبێت هەڵی گرتبوو .

کاتێ کەشتیەکە لەنگەری گرت هەموو شتێك لەسەری هاتە خوار مرۆڤ و غەیری مرۆڤ .

{ هەشتا کەس چل ژن و چل پیاو }

دەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوەی زەوی کشتوکاڵ و چاودێری و پیشەسازی و بازرگانی لە سەر زەوی کوردستان ، چەندەها گۆڕی پێغمبەران لە کوردستان هەیە وەك{ نوح – یونس – دانیال – نهوم – هباك } سلاٌوی خوایان لێبێت .

وەرگێڕانی مامۆستا میثیر حسن عمر

# ﴿پێشەكی نووسەر﴾

ولاَتی میصر هەردەم  لە هەموو چاخێكدا ولاَتێك بوە خەڵكی بۆ خۆی ڕاكێشاوە لە هەموو شوێنێكی جیهان  لە هەموو ڕەگەزو ئاینێك دا . بویتە شوێنكی دەگمەن كەسەركەوتوو بوە بە تەواوی ببێتە مۆڵگەیەك كە هەركەسێك بچێتە ناوی لەم ولاَتە جیگێر ببێ بە هەڵبژاردەی خۆی بە تەواوی , ئەوەش لەبەر جوانی سروشتەكەی ,شارستانیە جوانەكەی , باشی و لێبوردەیی خەڵكەكەی , كە زۆر دوورن بە هەموو شێوەیەك لە دەمارگیری,  ئەم هەڵس و كەوتانە وای كردوە هەر لە خۆوە ببێتە شوێنێكی گونجاو , زۆر بە دڵ دڵسۆزی بن .

لە گەڵ ئەم تێكەلاَوبوونە بە تەواوەتی زۆر لەو شاندانەی هاتونەتە میسر و لەناوی جێگیر بوین وە ڕەگیان

لە وێ هەیە هەتاوەكو ئەگەر كاتێكی زۆر دووریش بێت ،ئەگەر توشی یەكێك بیت لەو پەڕی میصر یان لە ناوچە بیابانەكان یان لە قولاَیی دەلتا سەرت سوڕ دەمینی كە باب و باپیرانی لە دەرەوەی میصر هاتوونە .

لە هەموو هۆزێك كە شاندێكیان  هاتونەتە میصر لێ ی جێگیر بون , لە ناو كۆمەڵگای میصر تواونەتەوە ، بەلاَم ڕەگ و ڕیشەی خۆیان لە بیر نەچوە . زۆر میصریەكان بەردەوام باس دەكەن كە ڕەگ و ڕیشەیان دوور و نزیك كوردن . باپیرانیان هاتونەتە میصر لە چاخە جیاوازەكان . لە بیریان نەچوە نەوەكانیان و نەوەی نەوەكانیان لە گەڵ ئەوەی زۆربەی پەیوەندیەكانیان لە گەڵ ولاَتی باپیرانیان كوردستان پچڕاوە .

بەلاَم بەداخەوە زۆر لە مێژوونوسی سەردەمی نوێ  كە لەسەر ناوبانگی  ڕەچەڵەكی كوردیان نوسیوە كە لە میصر ژیاین و  بە دڵسۆزانە خزمەتیان كردوە ئەوان بە تورك و ئەلبان و ڕەگەزی تریان ناو بردون ، مافی گەلی كوردیان نەداوە بە ناوبردنیان ،لە گەڵ ئەوەی ئەوانە لە نەزانینی خۆیانە، یان وردبین نەبوین لە مێژوو ، لە گەڵ ئەوەی زۆر خزمەتی شارستانی ئیسلام و عەڕەبی كردووە . تەنانەت زمانەكەشی لەبیر چوە كە ئەوە عەڕەب نیە  نمونەمان زۆرە  لەم پەڕتوكە باسی دەكەین .

لە باشی بەختیان زۆر لە مێژو نوسەكانی چاخی كۆن و ناوەڕاست باسی  ڕەچەڵەكی كورد دەكەن بۆ سود وەرگرتن و زانین زۆر پشتمان بەم نوسراوانە بەستووە .

دەمانەوێ ئاماژە بەوە بكەین كە كورد زۆر بلاَو بونەتەوە لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیان لە كوردستان نوسینیان بە زمانی خەڵكی  ئەم ولاَتانەی كە بۆی چووین و جێگیر بووین تیایدا ، لە ئەنجامی ئەمە كەم كەس دەزانن و

زانیاریان هەیە کە گەلی کورد چی پێش کەش کردوە لە چەرخە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامی بە تایبەتی خزمەتە مەزنەکان و قوربانیە گەورەکان لە پێناو بەرگری کردن لە شارستانی ئیسلامی و ڕۆشنبیری عەرەبی .

وە کوردستان ناو دەنرێ بە قەلای پێشەوەی ولاتانی ئیسلامی لەبەر ئەوەی وەك ﴿ قەلای داگیرنەکراو ﴾ بۆ جێنشین بەرامبەر شالاوی ڕۆمی چاوچنۆك بۆ دەوڵەتی ئیسلامی وە بە ناو بانگترینیان ﴿ قەلای کیفا ﴾

مێژوونوسەکان وێنا دەکەن کە گەلی کورد شوانی مەڕ و جوتیار و چیاییە و پیشەزان و زاناو سەرکردە و سەرباز بوون لە سوپای یاسایی دا .

گەلی کورد لە چاخە نزیکەکان پایەیەکی بە هێزی بناغەی دەوڵەتی ئیسلامی بوە وە داڕێژەری شارستانیەکەی بووە .

بۆ نمونە : دەوڵەتی مەڕوانی کە ئەحمدی کوڕی مروان دایمەزراندووە ، دەوڵەتی ئەیوبی کە صلاح الدینی ئەیووبی دای مەزراندووە == وە میصری نوێ کە محمد علی پاشا دای مەزراندوە .

ئەوەی شایانی باس بێت کە کورد هاتونەتە میصر شارستانی تایبەتی خۆیان هەڵگرتوە کە پێ ی دەناسرێنەوە شارستانی نوێ یان لەگەڵ بەرهەم هێناوە ئەوەی لەم کاتەدا میصر کە گەشەی کردووە بوە بە دوو شارستانیەکەی تێکەڵ کردووە لەگەڵ یەك . ژیانی کورد لە میصر ڕەگەزێکی چالاك و بەشدار بوە لە بناغەی سەرهەڵدانی میصر لە چاخە لە دوای یەك هاتوەکان.

ئەم پەرتوکە تیشك دەخاتە سەر ئەوەی گەلی کورد پێشکەشی کردوە لە شارستانی ئیسلامی وعەرەبی بەگشتی ، ئەوەی پێشکەش بە میصری کردوە بە تایبەتی . لەبەر ئەوە مافی نەوەکانە لە میصر بەتایبەتی و گەلی میصر بەگشتی کە شانازی بکەن بە باب و باپیرانیان . هەروەها مافی گەلی کوردە کە شانازی بە خۆوە بکات کە مێژوی سیاسی و ئابوری و شارستانی و ڕاگەیاندن ستەمی لێ کردون وە زۆر لەگەڵیان توندو تیژ بووە . هەردەم پێویستە ناسنامەی بونی خۆی بپارێزێ و بیسەلمێنێ و شانازی پێوە بکات .

ئەم پەڕتووکە سەرنجی ورد دەدات لە بوونی کورد لە میصر لە مێژودا .سەرەتا بە پێناسەی گەلی کورد ، لە کوێوە هاتوون ، شێ کردنەوەی پەیوەندی میصری فرعەونەکان و ئیمپراتۆری کوردە میتانیەکان ﴿میزۆپۆتامیای سەرو﴾ یان کوردستان ، کە دەست پێ دەکات بە شەڕوشۆڕ ، پاشان ئاشت بونەوەو ژن و ژنخوازی

سیاسی هەروەها باسی ڕۆڵی کورد دەکات لە فتوحاتی ئیسلامی کە بەشداربون بە هێز لەم کاتەوە کە ئیسلام بوەتە سێبەر بۆیان لە سەردەمی ﴿ عومەری کوڕی خەتاب ﴾ .خ.ر .

باسی زۆر سەرکردەی بەناوبانگ دەکات کە هاتونەتە میصر لە سەردەمی ئیسلامی ،بەناوی دەوڵەتی ئەیووبی هاتون کە صلاح الدین ئەیووبی دایمەزراند کە هیچ کەس لاری بونی نیە لەسەر کوردبونی. دەچینە ناو باسی شوێنەواری ئاوەدان کردنەوە کە ئەیووبیە کوردەکان دایان مەزراند .

بەلاَم لە سەردەمی نویٚ باس و خواس لەسەر پۆستی عوسمانیەکان پێش هاتنی محمد علی پاشا بۆ میسر دەست پێدەکات ١٥١٧ زاینی محمد علی گەورە دامەزرێنەری میصری نویٚ .ئەوەی بۆ دۆزراوەتەوە بە بەڵگە ڕەگەزی کوردە لە کوردی دیار بەکرە .لەویٚ لە دایك بوە کە دەکەوێتە مقدۆنیای ئەمڕۆ ، ئەم بلاَو بونەوەیەش لە بەر ئەوەی هیچ سنورێکی سیاسی نەبوە وەك کاتی ئێستا .

ئەوەی نوسراوە لەسەر محمد علی پاشا و پرۆژە گەورەکانی بەسە بۆ بونی کورد لەسەردەمی خۆی و مناڵەکانی و نەوەکانی . چۆن پشت دەبەستن بۆ زۆر لەوانە بۆ جێگیربون حوکمیان بە دەست بێت .لە بناغەی دەوڵەتی نویٚ ، لە شەڕی دەرەکیەکان کە باس دەکریٚ گرنگترین سەرکردەو زاناو پەرتوکی کوردی لەم سەردەمەدا هەبووە

پاش ئەمە باسی کۆچی کوردی نویٚ لە کاتی سەربەخۆبونی میصر لە سەردەمی محمد علی هۆکارەکانی سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستی و پێشانگای کوردەکان لە ئەزهەری پیرۆز . چۆن ئەوانە تواونەتەوە لە ڕایەڵەی میصری ئەمڕۆ کە زۆر لەوانە ناوبانگیان ڕۆیشت بەکارە مەزنەکانیان . هەولٚ دەدەین لیستێك پێشکەش بکەین لەوانەی کە بەناو بانگن و کورتەیەك لە کارەکانیان .

ئەوەی شایانی باس بێت لە میصر کۆمەڵگەی کوردی نیە ، هەموو میصریەك دەگەڕێتەوە بۆ کورد ئەوە لە زنجیرەی دەیەمی ژن و ژنخوازی لە مابەینی کورد و غەیری کورد لە دانیشتوانی میصر . کە ئیستا خوێنیان میصریە،بەلاَم دەمانەویٚ ڕەگەکانیان بە دیاربخەین هەتا ئەگەر بۆ سەردەمێکی دوور و کۆنیش بگەڕێتەوە .

لە بەشی کۆتایی پەرتوکەکە بەچاودێریمان لەسەردانێکی کرداریدا کە کردمان بۆ هەندێك نەوەی کورد لە قاهیرە و صعید و دەلتا ڕوونی دەکەینەوە کە ئەوان هەتا سەر ئێسقان میصرینە و ئەژدادی خۆیان لە بیرنەچوە بۆ سەدەها ساڵ .

# دەست پێك

## كورد كێن وە لە كوێ وە هاتون ؟

گەلی كورد بە سێ گەلی ڕەگەزی سەرەكی حساب دەكرێ لە ناوچەكەدا.گەلی عەڕەبی و گەلی فارسی و گەلی كورد .مانای ڕەگەزی سەرەكی لێرە كە مێژوو یان دیارە كە بونی ئەم گەلانە لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژوو .ئەمانە لەسەر ئەم خاكە ژیاون كە ئێستا تێیدا دەژین . بۆ نمونە گەلی تورك نەگەیشتونەتە ئەم ولآتەی ئەمڕۆ كە توركیایە تەنها لە سەرەتای سەدەی یازدەهەم لە مەنگولیاو ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتون بە پێچەوانەی ئەم گەلانەی كە باسمان كرد .

گەلی كورد ئاریە لە كۆمەڵەی هیند و ئەوروپیە ، لەناو خێزانی ئێرانی هەیە كوردە ،فارسە،ئەفغانیە ، تادوایی

كورد زمانی تایبەتی خۆی هەیە بە شێوە زاری سۆرانی و كرمانجی. ئاینی كورد زۆرینە موسڵمانن لەسەر پەیڕەوی شافعی هەندێكیان شیعەن كە لە كوردستانی عێراق دەناسرێن بە { كوردی فەیلی } لە كوردستانی توركیا دەناسرێن بە { عەلەوی} یان { ئەهلی حەق} هەروەها مەسیحی و یەزیدیشیان تیایە . لە نێوانیاندا یەهودی هەیە بەلآم هەموویان كۆچیان كرد بۆ ئیسرائیل.

بەلآم لە بارەی سەرژمێری كورد تا ئێستا لێكۆڵەوەرەكان توشی ئاستەنگ بونەتەوە بۆ دیاری كردنی ورد لە ژمارەیان ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەم ولآتانەی خاكی كوردستانیان دابەش كردوە. كە بە دەستی ئەنقەست بە وردی كاری سەر ژمێریان نەكردوە .خەملآندنی نزیك لە ڕاستی ژمارەی كورد لە جیهان گەیشتۆتە ٤٠ ملیۆن كەس . كە لەسەر خاكی كوردستانی دابەشكراون ئێستا لە نێوان توركیا {نزیكەی ٢٠ ملیۆن }و لە عێراق{ نزیكەی ٦ ملیۆن }و لە ئێران {نزیكەی ١٢ ملیۆن }و سوریا {نزیكەی ٢ ملیۆن }

كۆچیان كردووە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەم ولآتە بۆ ولآتانی عەڕەبی و ئەوروپی و ئەمریكی نزیكەی سێ ملیۆن كورد.

كوردستان دەكەوێتە بەشی ڕۆژئاوای كیشوەری ئاسیا ، ڕووبەرەكەی دەگاتە نزیكەی نیو ملیۆن كیلۆمەتر دووجا ، زیاترە لە كۆی ڕووبەری بریتانیا ، هۆڵندا ،بلجیكا، سویسرا ،دانیمارك ، دەگاتە نیوەی ڕووبەری میصر .

وەرگێڕانی مامۆستا مشیر حسن عمر

**شوێنەواری ناوچەی کوردستان هەتا ئیستاش جێگای گرنگی دانی لێکۆڵەوەرەکان و زانایانە وادادەنێن کە لانکەی شارستانیە .**

**گەلی کورد مێژوەکی پرشنگداری هەیە . کە بنیاتنەری ئیمپڕاتۆریەتی میدیەکانە کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ئێران . بەردەوام بوە لە ساڵی ٦١٢ پێش زاین تاوەکو ٥٥٠ پێش زایین . پایتەختەکەی {ئەکباتان }بووە ، و درێژبۆتەوە تا گەیشتۆتە ناوەڕاستی ئاسیای بچوك ڕۆژئاوای تورکیای ئێستا ، بۆ کەنداوی عەرەبی لە باشورەوە، بۆ صین لە ڕۆژهەلاَتەوە ، و لە باکورەوە بۆ بەحری ئاراڵ .**

**هاوپەیمانی میدیەکان و کلدانیەکان بوە هۆی لەناو بردنی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشوریەکان . پایتەختەکەیان دابەش کرد کە نینوی {موصل} بوە ، لە ساڵی ٦١٢ پێش زایین ئیمپڕاتۆریەتی کوردی میدیەکان بەردەوام بو تا ساڵی ٥٥٠ پێش زایین تا کورشی فارسی بونیاتنەری ئیمپڕاتۆری فارسی لە ناوی برد . پاش ئەو ئیمپڕاتۆریەتی میتانیەکان کە شارستانی لە هەزارەی دووەم پێش زاین لە خاکی کوردستان ئێستا هەبووە . لێرە پەیوەندی بەتین هەبوە لە مابەینی زمانی میتانی و زمانی کوردی ئێستا . ئیمپڕاتۆرەکانی میتانی پەیوەندی بە هێزیان هەبوە لەگەڵ فرعەونەکانی میسر . کە بە شەردەستی پێکرد وە بە ژن و ژنخوازی کۆتایی هات . وەك لەم پەرتوکە باسی دەکەین ,**

**پاش ئەوەی کورد ئاینی ئیسلامی وەرگرت بەشداری کارای هەبوە لە فتوحاتی ئیسلامی ، وە لە دەوڵەتی ئیسلامی کە سەری هەڵدا لە ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست . میرنشینی ئیسلامی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆیان دروست کرد وەك ئەمانەی خوارەوە :**

**١ – ڕوادیەکان لە تەوریز ئێرانی ئێستا { ٢٣٠ = ٦١٦ } کۆچی**

**٢ – دۆستەکی و مەڕوانی لە دیاربکر کوردستانی ئێستا { ٣٠٠ = ٤٢٠ } کۆچی**

**٣ – دەوڵەتی ئەیووبی لە شام و میسرو یەمەن { ٥٦٧ = ٤٧٦ } کۆچی**

**٤ – میرنشینی ئەردەلانیەکان لە ئێران { ٦١٧ = ٦٨٤ } کۆچی**

**٥ – میرنشینی کوردی لە خوراسان { ٦٤٣ = ٧٨٥ } کۆچی**

## بارو دۆخی گەلی کورد لە ئێستادا :

لە عێراق حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوە دوای ڕووخانی صدام حسین ، پاش خەباتێکی دوور و درێژ هەر لە دروست بونی دەوڵەتی عێراقەوە ١٩٢٦ زاینی وەرگرتنی حوکمی خۆیەتی فدراڵی .بەلام لە ئێران و تورکیا و سوریا خەبات بەردەوامە بۆ پاراستنی ناسنامەی کورد بوون . بۆ دەستکەوتنی حوکمی خۆیەتی فدراڵی لە ناو سنوری سیاسی کە تێدا دەژین .

بەدەست نەهاتنی دڵنیایی سیاسی نەتەوەیی گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك : هەڵکەوتەی ستراتیجی و جوغرافیای کوردستان . وە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە سامانی غازو نەوت ئاو زێ و ڕووبارو کانزاکان بۆتە هۆی چاوتێبڕینی چاو چنۆکانەی ئیمپریالیزم . داگیرکەران سامانەکانیان بە تالآن بردوە ، خاوەنی زەویەکانیان لە هەژاری و نەزانی بەجێ هێشتوە ،

ئەمە بۆتە هۆی دابڕینی گەلی کورد نەی هێشتوە پەیوەندی بە براکانی بکات لە ولآتانی تر ،

پەرت و بلآوی سەرۆکەکانی کورد بۆتە ڕێگر لەبەردەم دڵنیایی و سەرکەوتنی نیشتمانی .

بارودۆخی ئیستا جیاوازە لە پێشوو خەباتی کورد بەردەوامە ئاما نجی خۆی بەدی دەهێنێ ئەگەرچی بە هێواشیش بێت .

# بەشی یەکەم

# پەیوەندی میصریەکان و کوردەکان لە سەردەمی فیرعەونەکان

نەخشێنەرانی مامۆستا ... حسن

# پەیوەندی فیرعەونەکان و میتانیەکان

کۆنترین پەیوەندی مێژوویی کە تۆمار کرابێت لە بەینی کورد و میصریەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشی پێش زایین .لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی کە ڕویداوە لە نێوان میتانیەکان وفیرعەونەکان ، کە میتانیەکان با پیرانی گەلی کورد بونیادیان ناوە دەوروبەری سالآنی ١٥٠٠ پێش زایین .وە پایتەختیان { واشوکانی}لەسەر زێ ی خاپور لە هەرێمی کوردستانی عێراقی ئێستا . قەڵەمڕەوی ئەم میرنشینە درێژبۆتەوە بۆ هەموو خاکی کوردستان . میصریەکان پێناسەی دەکەن بە ناوی {نهارین} ئەم میرنشینە کۆتایی هات لە سەردەستی پادشای اشوری

{ ئاشور بانیپالْ }سالْی ١٣٣٥ پێش زایین ،چونکە بە هێزترین دوژمنی هاوپەیمانی میصری فیرعونی بوو ,

لەسەرە تا میرنشینی میتانیەکان کەوتە بەر هێرشی میصری بە سەرۆکایەتی { تحتمسی یەکەم}. بەلآم میتانیەکان توانیان خۆیان ڕزگار بکەن شوێن کەوتنی میصریەکان بە گرێبەست لەگەلْ { حیثیەکان} لە کۆتایی سەدەی سێزدەم پێش زایین وە بوونە خاوەن بڕیاری خۆیان .

بەلآم لەسەردەمی پادشای میتانی { توشرتا} نزیکەی ١٣٩٠سالْ پێش زایین پەیوەندی نێوان کوردەکان و فرعەونەکان زۆر توندو تۆلْ بوو . بەلگەنامەکانی میصر باسی میر { توشرتا} دەکات بە هاوڕێ ی لێپرسراوانی میصری ناو دەبات . لە مابەینی ئەوو پادشای میصر خزمایەتی و تێکەلآوی ژن و ژن خوازی هەبوو . وە هاتوچۆ و نامەگۆڕینەوە ی دوور و درێژ هەبوو لەگەلْ { ئەمین حوتەبی سێ یەم } لە سالْی ١٣٧٥ پێش زایین . وە

{ ئامن حوتبی چوارەم } لە سالْی ١٣٥٨ پێش زایین مردوە .

وە هەندێ لەم نامانە کە بۆ یەکتریان ناردوە پارێزراون لە گردی عمارنە لە پارێزگای { ئەلمنیا} بە زمانی میتانی نوسراوە نزیکەی ٦٠٠ دێر دەبێت .

وە هەندێ سەرچاوەی مێژونوسی کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە یەك لە خوشکەکانی پادشای میتانیەکان یەکێکە لە ژنەکانی ئامین حوتبی سێیەم وە یەکێك لە کچەکانی خێزانی ئەمین حوتبی چوارەم { اخناتون } بوە بە پێ ی هەمان سەرچاوە .

لە یەك لە نامەکانی پادشای میتانی کە نوسیتی بۆ خوشکەکەی { نفرتیتی } خێزانی فیرعەونی میسر ئەمین حوتبی چوارەم { اخناتون} دەیدوێنێ بە دەستە واژەی دۆستانە .

﴿ بۆ پادشای مەزن ، پادشای میصر ،برام،زاواکە کە خۆشی دەویٚم و خۆشم دەویٚ، هیوادارم بارو گوزەرانتان باش بێت، ماڵ و مناڵتان ، خوشکەکەم ، مناڵەکان ، سوار و ئەسپ سوارو سوپاکەت ، ولآتەکەت ، هەموو دەسەلآتت ، زۆر سلآوت لیٚ بێت﴾ .

کەواتە بە گوێرەی سەرچاوەی کورد شاژن نفرتیتی میتانیە و کوردیە لە ڕەچەڵکدا .بەلآم سەرچاوەکی میصری دەڵی ئەم بابەتە تائێستا جێگای گفتوگۆیە . دکتۆر محمد جمال مختار { سەرۆکی دەستەی شوێنەواری میسری پێشوو} دەڵیٚ تا ئیستا بابەتی نفرتیتی بابەتی گفتو گۆو لێکۆڵینەوەیە لە مابەینی دوو پسپۆر چونکە هیچ دەقێك باسی ناوی باوکی ناکات . هەندێك باوەڕیان وایە کەڕەگی دەگەڕێتەوە سەر یەك لە خێزانە بێگانەکان کە زۆر قەڵەباڵغ بوە لەسەردەمی ئەمین حوتبی سێیەم ، هەروەها ناوی میسریان لێناون کە لەم سەردەمەدا باو بوە . دکتۆر محمد جمال دین ئەمەی بۆ زیاد کردوە : کە خاوەن ڕایەکان ڕای جیاوازیان هەیە

هەندێکیان دەڵێن میتانی ئەصلیە ، هەندێکی تر ڕای جیاوازیان هەیە .دەڵێن شاژنە نفرتیتی بێگانەیەو میسری نیە .ئەم بابەتە بە جیٚ دەهێلین بۆ مێژوو با ساغی بکاتەوە ، بەلآم بێگومان لە شاژنە مەزنەکانە خێزانی ئەخناتونی مەزن .

ئەوەی لای ئێمە گرنگە پەیوەندی میسری فرعەونەکان و گەلی کوردە ، مێژوونوسەکان سورن لەسەر کوردبونی فیرعەونی فەرمانڕەوای میسری. زۆر لە خاتوونەکان کورد بوون خاتونی کۆشکی فیرعەونی سەردەمی بنەماڵەی هەشتەم لە دەوڵەتی نویٚ ی میسر .

هەروەها ڕوونی دەکەنەوە نامەکانی { تل العمارنە } کە قەلەمڕەوی میسری درێژ بۆتەوە بو ناوچەی دەسەلآتی میتانیەکان .

هێزەکانی { خیتا } لەسەردەمی پادشاکەی { شوبیولیوما} هەڵسا بە هێرش کردنە سەر ئەم ناوچانەو داگیری کردن لە سەردەمی ئەمین حەوتبی سێیەم ، پاشە ئەوەی ئەخناتون ئەمین حوتبی چوارەم دەسەلآتی گرتە دەست نامەیەکی دۆستانەی بە {شوبیولیوما} ناردبۆ هێمن کردنەوەی بارو دۆخەکە لە دوای باوکی .

ئەو نامانەی ﴿تل العمارنە﴾ بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە حوکمی خۆجێی هەبووە لە ناوچەی دەسەلآتی میسری بۆ هەریەك لە سوریاو ولآتی شام . داوای پارستن و هاوکاریان لە میسر کردووە.

بۆ بەرەنگاربونەوەی چاوچنۆکی {حیسیەکان} فراوا نخوازی  دەشێت ڕوویدات ، دەوڵەتی  {حیسیەکان} لەم کاتەدا وەك گە نجی و تازە پێگەیشتوو دەوڵەتەکەی پەیدا بوو .

بەڵگەکانی {تل العمارنە} بە گرنکترین سەرچاوە دەژمێرێ کە هەموو زانیاریەکی گرنك دەگرێتەوە لە سەر میتانیەکان ، لە ناوەڕاستی  سەدەی پانزەم پێش زایین .

لەم نێوانەدا یەکەم دەست پێشخەریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە  پەیوەندی دبلۆماسی نێوان ئەوانەو فیرعەونەکان

{ تۆتمۆس}ی سێیەم کە چوە ناو خاکی ئاسیا بە زۆر . بە سەرکردایەتی  خۆی پەلاماری میرنشینی قادشی دا لە ساڵی ١٤٧ پێش زایین .

ئاوا دەستی پێکرد دیاردەی پەیوەندی میسری و کوردی لە نامە گۆڕینەوەی بەینی پاشاکانی میتانی و فیرعەونەکانی میسر دوایی لە بنەماڵەی هەشتەم ، بەتاییەتی پاش پەیدابونی پەیوەندی و خزمایەتی لە نێوانیان بە درێژی سێ نەوە بەلانی کەمەوە ، تاوەکو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میتانیەکان بە دەستی

{ شوبیولیوما حیسی}وە . لە بەڵگەکانی { تل العمارنە} ئەم نزیکی و خزمایەنیە دووپات دەکاتەوە .

هەڵکۆڵین لە سەرەتا دەستی پێکرد لە ساڵی ١٨٨٧ زاینی ، ئەمەش زۆر یارمەتی مێژوونوسەکانی دا بۆ ڕاستکردنەوەی زۆر لایەنی گرنك لەم ڕووداوانەی پەیوەندی هەیە بە مێژووی جیهانی کۆن .

هەر ئەوەندە کارەکە کورت نەکراوەتەوە کە لە بەڵگەکانی {تل العمارنە} دا تەنها  هاتووە . زۆر پەرتوکی ئاسمانی کە لەسەر تابلۆی قوڕی هەیە یان گۆڕاون ، لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەم پێش زایین بە ووشە باس لە گرێدانێکی بەهێز دەکات

لە مابەینی میتانیەکان و بنەماڵەی هەشتەم لە دەوڵەتی نوێ ، بەتاییەتی لە نێوان شا {شوتتارنا} کوڕی {ئەرتاتاما} و هاوچەرخی { تحتمس } ی چوارەم وە کوڕەکەی ئەمین حوتبی سێیەم کە لە دایکێکی میتانی بووە

{جیلو حیبا}  { Gilu hipa }  بە ناوبانگ بوو بە { موت ام أیا } کە هەندێ نەریتی ئاینی لە وولاتی خۆی هێنابوو بۆ میسر بە ووتەی { فیلیب فاند نیبرج } .

گرنکترین تەماح کاریەکانی پاشای حیسیەکان {شوبیولیوما}دەکەوێتە مابەینی ساڵانی ١٣٤٠ تا ١٣٨٠ پێش زایین  کە دەستی گرت بەسەر میرنشینی میتانیەکان ، چونکە وای حساب دەکرد کە گەورەترین هاوپەیمانی

میسره له ئاسیا ، لێ پرسراوه له بارو دۆخی خراپی ولآت که توشی بوه ، چوه ناو {واشوکانی} پایتەختی که وێران بوو سیماکەی نەمابوو ، لێره ڕوونی دەکەینەوه نهێنی دارمانی خێرای میرنشینی میتانی .

## دۆزینەوەی پەیکەری فیرعەونی میسری{ توت عنخ ئامون} له دهۆك له کوردستانی عێراق

بەم زووانه شێ کردنەوەی پەیوەندیەکانی فیرعەونەکان و کوردەکان له دەنگ و باسی{ئاکانیوز}ی کوردستان له سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ ز له لایەن حسن احمد بەڕێوەبەری دەستەی شوێنەوار له دهۆك له کوردستانی عێراق دەڵێ: پەیکەرێکی بچوکی فیرعەونی میسری {توت عنخ ئامون}دۆزراوەتەوه. یەك له فرعەونەکانی بنەماڵەی هەشتەم بوه که دەست پێ دەکات له ساڵی ١٣٢٤ تا ١٢٣٣ پێش زایین له نزیك قەلاتی فیرعەون له دۆڵی دهۆك .

ئەمانه ئاماژەیەکی بەهێزه به هەبوونی پەیوەندی سیاسی و خێزانی نێوان دەوڵەتی میتانیەکان و فیرعەونەکانی میسر ،له ڕێگەی ئەم پەیوەندیانه هەندێ داب و نەریتی ئاینی گواستۆتەوه له کوردستان بۆ میسر. ئەمه وا دەکات که مێردی {نفرتیتی کەریمه} پادشای میتانیەکان بێزار ببێ بەهۆی ئەم داب و نەریتانەوه . ئەمه ڕوونی دەکاتەوه که ناوی قەلاتی دهۆك له خۆیەوه نەهاتووه .بەڵکو پاڵپشت بەڕاستەکی مێژوییه پڕشنگداره له مێژووی کورد ئەم کاره داوای پەیوەندی دەکات له بواری شوێنەوار له مابەینی کوردستان و میسر.

دکتۆر { زاهی حواس } باس دەکات وەزیری دەوڵەتی میسری پێشوو بۆ کارو باری شوێنەوار دەڵی دۆزینەوەی پەیکەری { توت عنخ ئامون} له کوردستان زۆر ئاساییه ،ڕوونی دەکاتەوه که میسر زاڵ بوه بەسەر ناوچەکانی سوریا و فلسطین وعێراق بەتەواوەتی پێش ٣٠٠٠ ساڵ هەروەها { حواس } ڕوونی دەکاتەوه که ئەم دۆزینەوەیه جێگای سەر سوڕمان نیه ، چونکه سەرۆکی سەربازی {حور محب} هەڵسا به چەند هێرشێکی زۆر له ڕۆژهەلآت وه لەوانەیه ئەم پەیکەره گواسترابێتەوه له کاتی ئەم هێرشانه . زۆر شوێنەواری میسری دۆزراوەتەوه له ڕۆژهەلات .

# بەشی دووەم

## کورد لە میصر پێش دەوڵەتی ئەییوبی

- یەکەم : چەرخی پێش ئیسلام -- چەرخی یۆنانی – چەرخی ڕۆمانی – چونە ناوەوەی مەسیحیەکان بۆ میسر
- دووەم : موسڵمان بوونی کوردەکان
- سێیەم : بونی کورد پێش دەوڵەتی ئەییوبی

## یەکەم : قۆناغی پێش ئیسلام

میصر بە سەردەمێکی تاریکی دا ڕۆیشت لە مێژوی خۆی لەم کاتەوە کە فیرعەونەکان لە ناوبران ،لە پاش داگیرکردنی لە لایەن چەند دەوڵەتێك و ئیمپراتۆرێك ، وەك فارس ، یۆنانیەکان ، بطلیمون ، ڕۆمانیەکان ،هی تریش .لەم سالآنەدا گەلی میصر تامی زۆر ناخۆشی و ستەم و هەڵچون و چەوسانەوەی کرد.

سەردەمی یۆنانی و ئەغریقیەکان : میصر بوە ژێردەستەی داگیرکاری یۆنانی پاش سەرکەوتنی{ ئەسکەندەری مقدۆنی }بەسەر فارسەکان لە ساڵی ٣٣٢ پێش زایین . پاش ١٢٠ ساڵ داگیرکردن ، بەم شێوەیە میصر دەستاو دەستی پێ دەکرا لە داگیرکەرێکەوە بۆ داگیرکەرێکی تر . وە هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان باس دەکەن کە ئەسکەندەر شکستی بە فارسەکان هێنا بە هاوکاری تیپی دەریایی میسری ، وە زۆر دەستەی دۆزەرەوەی میسری .وە تا ئەم کاتە هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ بونی کورد لە میسر لەم سەردەمە.یان پەیوەندی نێوان میرنشینەکانی کورد و دەوڵەتی یۆنانی حاکمی میسر ئەم کاتە . لە ساڵی ٣٣٠ پێش زایین میسر کەوتەدەستی { بەتلیمۆس } پازدە

وەرگێڕانی مامۆستا میشر حسن عمر

مەلیکی بەتلیمۆس حوکمی میسریان کرد. وە ئەم دەوڵەتە حوکمی کرد تا لاواز بوو وە داڕما لەسەر دەستی ڕومەکان  ساڵی ٣٠ پێش زایین

ڕۆمانەکان میسریان داگیر کرد لە ساڵی ٣٠ پێش زایین . میسر نەبوە ولایەتێکی دەوڵەتی ڕۆمانی بەڵکو بوە ولایەتێکی زۆر گرنك لەبەر گرنگی ئابوریە گەورە کەی .  میسر بە  سەبەتەی  خواردنی  دەوڵەت ڕۆمانی ناسرابوو . بە هۆی زۆری بونی دانەوێڵە . {ئەسکەندەریە} بوە { پایتەختی میسر } دووەم  و گرنکترین و

گەورەترین شاری ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی پاش ڕۆما .  ڕۆمانیەکان لە میسر وەك چینەکی دابڕاو ژیاون ، وادادەنێن گەلی میسر بەندەن و گرنکی ژیانی وان  ئەوەیە کە تەنها خزمەتی گەورەکانی ڕۆم بکەن کە حوکمی ولآت دەکەن و ئەرکەلەسەریان هیچ کارێك نەکەن تەنها لە خزمەتی وان بێت . لەبەر ئەوە گەلی میسر زۆر ڕقیان لێ دەبوونەوە ،وە ڕقیان لە دەسەلآتەکەش  دەبووەوە  ئاواتەخوازبون ڕزگاریان بێت لە دەستیان . لەبەر ئەوە هیچ پەرچە کردارێکی باشیان نەدیت لەکاتی هاتنی سوپای ئیسلامی  بەسەرکردایەتی  {عومەری کوڕی عاص }

مەسیحیەکان هاتنە ناو میسر لەسەردەمی ڕۆمانەکان  بە دیاری کراوی  لە سەردەمی { نیرون} ساڵی ٥١ زایین ، لەو کاتەی  قەشە مرقص ئینجیلی { قوتابی بطرس رسول } هاتە ئەسکندریە ، ویەکەم کەنیسەی مەسیحی لە میسر و ئەفریقیا دامەزراند  . مەسیحیەکان بلاَ بونەوە لە نێوان خەڵکی میسرلە  ماوەی نیوەی یەکەم لە سەدەی یەکەمی زاییني . بەلآم میسریە مەسیحیەکان توشی زۆر زەحمەت بونەوە بە هۆی جەوری ڕۆمانەکان بۆ ئەم ئاینە ، بەتاییەتی لە ماوەی دەسەلآتی

{دقلدیانوس } تا هاتنی چەرخی ئیمپڕاتۆری{ قسطنطین }ساڵی ٣٢٤ ی زاینی  . کە ئاینی مەسیحی کرد بە ئاینی  ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی . بارو دۆخەکە بەم شێوە مایەوە تا هاتنی فتحی ئیسلامی لە میسر .

## دووەم : هاتنی کورد بۆ ناو ئیسلام

ئاینی کورد  پێش ئیسلام ئاینی زەردەشت بوو . کە لە نێو نەتەوەی ئاری بلاَو ببۆوە . وا حساب دەکرا ئاینی نیشتمانیە .

هەندیَ مێژوو نوسی گەورە باس دەکەن وەك {البلازری} و {الواقدی} و {ابن الاثیر} کە کورد هاتۆتە ناو ئیسلام بە خۆبەخشی و هەڵبژاردەی خۆی . ئیسلامیان پەسند کردوە بە ئاشتی نەك بەشەڕ.  ئیسلام لەکوردستان بلاَو بۆتەوە لە سەر دەستی صحابە { خالد کوڕی وەلید} و { عیاض کوڕی غنم} لە سەردەمی

{ عومەری کوڕی خەتاب} (ر.ض) .

کاتێ کورد هاتە ناو ئیسلام جموجۆڵی زیاد کرد ، بەتایبەتی لە بواری فتوحاتی ئیسلامی ، کورد بەناوبانگە بە پیاوی ئازا و توند خۆڕاگر لە شەڕکردن . ئەم خو ڕەوشتە زامنی سەرکەوتنە لە زۆر شەڕدا لە سوپای ئیسلامی بەسەر دوژمنەکان زۆربەیان نیشتمان و کوردستان و ماڵیان بە جێ هێشتوە بۆ بەشداری کردن لە فتوحاتی ئیسلامی رۆژهەلآت و ڕۆژئاوا و باکور و باشور ، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە زۆر بلآوبونەتەوە لە ویلایەتە ئیسلامیەکان لەم کاتەدا .

جا بە هەرشێوەیەك بێت کورد لە جهاد دوانەکەوتوە و کەم تەرخەم نەبوون لە گیان بەخشین لە پێناوی شارستانی ئیسلامی و عەرەبی ، هەتاکو وێنەی ئەم کاتەیان بە سەردەمی زێڕینی کورد لە چاخی ناوەڕاست ناو زەند کردوە . ئەوە سەردەمی صلاح دینی ئەیووبیە کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیوبی کوردیە ، کە درێژ بۆتەوە لە باشوری قفقاس بۆ سەروو ، بۆصنعاو لە یەمەن بۆ باشور ، وە بۆ دۆڵی دجلە ڕۆژهەلآت بۆ طرابلس رۆژئاوا .ئەمەش پاش دەرکردنی خاچ پەرستەکان لە خاکی ئیسلام ئازاد کردنی پیرۆزیەکانی ئیسلام لە پاشماوەکانیان

## سێیەم : بونی کورد لە میسر پێش دەوڵەتی ئەیوبی :

بونی کورد بەم شێوەیە نەبو پێش دەوڵەتی ئەیووبی بەو شێوەیەی کە لەسەر دەمی دەوڵەتی ئەیوبی هەبوو . لە گەڵ ئەوەش کورد ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە مێژوی میسر بە تایبەتی ، مێژوی ئیسلام بە شێوەکی گشتی . لە سەردەمی فاطمیەکان { العادل کوڕی السلار} کە بە ڕەگەز کوردە وەزیری خەلیفە یە { الظافر بأمر الله الفاطمی } .

ئەم وەزیرە هەڵسا بە بەرگری کردن لە وولآتانی ئیسلامی دژی خاچ پەرستەکان ،خاوەنی کتابی پەیوەندی سیاسی نێوان دەوڵەتی ئەییوبی و ئیمپراتۆریەتی ڕومانی پیرۆز : دەڵی هەر شەش مانگ جارێك پەلامارێکی سەربازی بۆ {عسقلان} ناردوە .

بۆ بەرگری کردن لە هاتنی خاچ پەرستەکان پارێزگاری کردن لە شوێنە پیرۆزەکان ، بەڵگەش بۆ ئەمە پەلامارەکانی ساڵی ٥٧٤ کۆچی / ١١٥٢ ی زاینی دژی خاچ پەرستەکان پاش مردنی { کوڕی سلار} بارودوخ گەڕایەوە شێوازی پێشووی ، بارو دۆخ وامایەوە تاوەکو هاتنی {صلاح دینی ئەیوبی } شەڕی لە دژی خاچ پەرستان دەستی پێکرد .

[watermark text]

# بەشی سێیەم

**کورد لە میسر لە سەردەمی ئەیووبی**

**یەکەم : هاتنی یەکەمی کورد بۆ میسر**

**دووەم : هاتنی دووەمی کورد بۆ میسر**

**سێیەم : هاتنی سێیەمی کورد بۆ میسر**

**چوارەم : صلاح الدین ئەیووبی کوردی و وەزارەتەکانی لە میسر**

**پێنجەم : کورد لە سوپای صلاح الدین لە میسر**

**شەشەم : ناودارەکانی کورد لە سەردەمی ئەیووبی**

**حەوتەم : شوێنەواری ئەیووبیە کوردەکان لە میسر**

وەرگێرانی ماموستا میتر حسن عمر

## یەکەم : یەکەم هاتنی کورد بۆ میسر لە ساڵی ٥٥٨ ی کۆچی / ١١٦٣ ی زاینی

جولانەوەی خاچ پەرستەکان کە هات بۆ ولاَتانی ڕۆژئاوای ئیسلامی لە کۆتایی چەرخی پانزەی کۆچی بوو ، یانزەی میلادی ،ئە نجامی زۆر بوو گرنکترینیان : گۆڕان و گەشە پێدانی نەخشەی سیاسی ولاَتانی شام میسر ،لە ولاَتی شام پاش پەلاماری یەکەم سەرکەوتن و چەند میرنشینەکی خاچ پەرستیان دانا وەك :﴿ الرها = ئەنطاکیە = طرابلس =مملکە بیت مقدس﴾ .

لە میسر بارودۆخەکە لە شام باشتر نەبوو ،دەوڵەتی فاطمیەی شیعە دەرکەوت لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر ، تاوەکو کوردەکان هاتن بە سەرکردایەتی {ئەسد الدین شێرکۆ}لە گەڵ کوڕی براکەی صلاح دین ، سەرکەوتن بە لە ناوبردنی دەوڵەتی فاطمي و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەییوبی ، دەستیان گرت بەسەر وولاَتی شام لە ژێر چوارچێوەی ئیسلام ..بۆیە دەتوانین بلێین ئەم سەردەمە سەردەمی ئیسلامی و عەرەبی بوو ، سەردەمی درێژکردنەوەی خاچ پەرستان بو لە وولاَتی ئیسلامی .

ئێستا نامانەوێ باس لە وولاَتی شام بکەین ، بەڵکو گوتاری ئێمە لەسەر وولاَتی میصرە . لەم کاتەدا دەوڵەتی فاطمی بەساڵدا چوو بوو ، جێ نشینەکانی لاواز ببون . هاوپەیمانەکانی لاوازبون ، سەردەمی جێ نشین داماڵراو بوو سام و هەیبەتی نەمابوو، بەڵگەش بۆ ئەمەش دەستوەردانی وەزیرەکان لە کاروباری دەوڵەت . هەروەها لە کارو باری جێ نشین {خلیفە} وەك ڕووی دا لە کاتی مردنی جێ نشین {الظافر فاطمی } کە لە ساڵی ٥٤٩ ی کۆچی / ١١٥٤ ی زاینی کوژرا . یەك لە وەزیرەکان بە ناوی { طلائع بن زریك } بە ڕەچەڵەك ئەرمەنی هەڵسا بە بەڕێوەبردنی کاروباری میسر بە تەنها ، لەبەر ئەوەی جێ نشین { الفائز کوڕی خلیفە } تەمەنی زۆر بچوك بوو

وەزیرەکان بەم شێوەیە بوون ، دەستیان لە کاروباری میسر وەردەدا ، بە هەوەسی خۆیان یاریان پێ دەکرد . ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو ،هەتا پادشا {عموری } پادشای شانشینی بیت مقدیس خاچ پەرستان – لە ساڵی ٥٥٨ ی کۆچی = ١١٦٣ی زاینی میسری داگیر کرد ، گەیشتە {بلبیس} ئابلۆقەی دا ، { ضرغام } وەزیری فاطمی توانی ناچاری بکات بکشێتەوە .

لەم کاتەدا وەزیری فاطمی دووەم { شاور } پەنای {نوردین ترکمانی } بوو لە بنچەدا هاوکاری کرد کە حاکمی موصل بوو ، کە تەماعی لە میسربوو دەیویست لە ژێردەستی خاچ پەرستان دەری بهێنێ . بە خێرایی سوپایەکی ڕەوانەی میسر کرد ساڵی ٥٥٩ ی کۆچی =١١٦٤ ی زاینی بەسەرکردایەتی { ئەسەد دین شێرکۆ} وە

لە گەڵ برازاکەی {صەلاحەدین } ژمارەیەك سەربازی کورد .وە صەلاحەدین لە تیپی پێشەوە بوو لە هێرشە .

{ ئیبن شداد } دەڵێ : ئەسەد دین شێرکۆ} هیچ کارێکی نەدەکرد ئەگەر پرس و ڕای بە {صەلاحەدینی ئەیووبی} نەکردبا .چونکە پیاوێکی زۆر هۆشمەند و خاوەن تەگبیر بوو .

بە کرداری شێرکۆ و صەلاّحەدین گەیشتنە قاهرە ساڵی ٥٥٩ ی کۆچی = ١١٦٤ ی زاینی بەسەرۆکایەتی هێرشی سەربازی کە زۆربەی خەڵکەکەی لە گەڵی بوون لە سەربازەکان و ئەفسەرەکان کورد بوون .بەتاییەتی سەربازی شێرکۆ و صەلاّحەدین بۆ نمونە وەك خاڵی صەلاّحەدین {شهاب دین محمود حارمی } . لە کاتەدا { ضرغام } وازی هێنا کە هاوپەیمانی خاچ پەرستەکان بوو لە هاوکارەکانی و پیاوەکانی و سوپاکە کۆتایی بە کوشتن هات . { شاور } پۆستی وەزارەتی وەرگرت پارێزگار هاوپەیمانی لە گەڵ { نورەدین محمود } نەکرد ، داوای لە شێرکۆ کرد کە میسر بەجێ بهێڵی . بەلاّم شێرکۆ داوای لێ کرد بە وەفا بێ بەرامبەر پەیمانەکەی لە گەڵ نورەدین ،شاور وەلاّمی داوە ئێوە سەربازن بە فەرمانی نورەدین محمود هاتوون .

دەبێ هەموو فەرمانی ئەو جێ بە جێ بکەن کەسی ترنا . گوتی لێك تێگەیشتن لەگەڵ نوردین بۆمن جێ بهێڵن ، شێرکۆ وەلاّمی دایەوە کە بلبیس و ڕۆژهەلاّت دەگرێ.

شاور بە پەلە داوای هاوکاری لە خاچ پەرستەکان کرد .عموری ئەم هەلەی قۆستەوە لە میسر ئامادە بوو ، لە ناوچەی دەلتا خۆی قایم کرد و چواردەورەی شێرکۆی گرت لە ڕۆژهەلاّت . پاش ماوەیەك لە ئابلۆقەکە هەردوك لا ڕێك کەوتن میسربە جێ بهێڵن شێرکۆ و عموری لە کۆتایی ساڵی ٥٥٩ ی کۆچی = ١١٦٤ ی زاینی .

بەم شێوە یەکەم جار سەرباز و ئەفسەری کورد بێنە ناو میسر ، بۆ دوو جار کە فاطمیەکان یارمەتی موسڵمانەکانیان دا دژی خاچ پەرستەکان بۆ پاراستنی فەرمانڕەوایەتیان لە میسر. بەدەر لەوە هیچ جێگیربونی کورد نەبو لە میسر لەم کاتەدا.

## دووەم هاتنی کورد بۆ میسر لە ساڵی ٥٦٢ ی کۆچی = ١١٦٦ ی زاینی

پاش سێ ساڵ لە دەرچونی هێرشی ئەسەدەدین شێرکۆ و صەلاحەدین لە میسر . خەلیفەی فاطمی { العاضد } لە ساڵی ٥٦٢ ی کۆچی = ١١٦٦ ی زاینی سکالایەکی ناردە لای نوردین محمود دژی شاوری وەزیر کە بە هەوەسی خۆی ستەمکاری لە میسر دەکات . داوای لە نورەدین کرد کە چارەی بکات . ئەویش محمد شێرکۆ و کوڕی براکەی صەلاحەدینی نارد لەگەڵ ٢٠٠٠ سەربازی ئازاو لێهاتوو شارەزا لە بواری شەڕ \ بە کرداری ئەم سوپایە گەیشت {اِطفیح} پاش توش بونی زەحمەتیکی زۆر و ناخۆشی لە ڕێگا ، لێرە توانیان بگەنە {الجیزە}.

{شاور } داوای هاوکاری کرد لە {عموری} بۆ جاری دووەم لەلایەن خۆیەوە . جاری سێیەم لە لایەن فاطمیەکانەوە . پادشا عموری وەڵامی داواکەی دایەوە ، بەخێرایی هاتە میسر . چواردەورەی صەلاحەدینی گرت . کە صەلاحەدین بەرگری دەکرد دژی خاچ پەرستان . میسریەکان زۆر یارمەتیان دەدا ، تاوە کو شێرکۆ و عموری پێك هاتن کە هەردوکیان میسر بە جێ بهێلن هەردوکیان لە میسر ڕۆیشتن .

## سێیەم : هاتنی سێیەمی کورد بۆ میسر لە ساڵی ٥٦٤ ی کۆچی = ١١٦٨ ی زاینی

شا عموری پابەند نەبوو بە پەیمانەکەی لەگەڵ شێرکۆ ، پێشنیاری کرد بە هێرش کردنە سەر میسر بە بیانوی ئەوەی کە شاور وەزیری فاطمی وەفای بە پەیمانەکەی نەکردوە لەگەڵ خاچ پەرستان ، هەڵسا بە هێرش کردنە سەر دەلتای نیل . لەلایەن خۆیەوە خلیفە عاضد هەڵسا بە ناردنی هاوکاری خێرا بۆ جاری دووەم بۆ نوردین محمود . هەروەها وەزیر شاور نامەیەکی نارد بۆ نورەدین محمود داوای یارمەتی و فریاکەوتنی لێ کرد ، نورەدین محمود ناردیە لای شێرکۆ لە دیمشق داوای کرد سوپایەك بنێرێ بۆ میسر . ٥٠٠ سەربازی کوردی تیابێ، بەڵام صەلاحەدین ئەم جارە حەزی نەدەکرد بچێتە میسر ،بە هۆی ڕووداني ئابڵوقەی عموری لە ئەسکەندریە ، بەڵام ڕایەکەی گۆڕی و وەڵامی سوڵتان نورەدینی دایەوە ، لە گەڵ سوپاکەی دەرچو بەرەو میسر .

شێرکۆ و صەلاحەدین لەگەڵ هەرچی سەربازیان لەگەڵ بوو لە بیابانی ڕۆژهەلات پەرینەوە و گەیشتنە قاهرە . خەڵکەکە زۆر بەخێرهاتنیان کردن، پێشوازیەکی گەرمیان لێکردن ، بارو دۆخی عموری خراپ بوو . چونکە کەس نەما هاوپەیمانی لەگەڵ بکات .

سوڵتان نورەدین لە شام پاڵە پەستۆی خستە سەر خاچ پەرستەکان ، عموری بڕیاری دا کتوپڕ پاشەکشە بکات بەرەو فلسطین لە سەرەتای ٥٦٤ ی کۆچی = ١١٦٩ ی زاینی .

## سەرەتای دەرکەوتنی کورد لە میسر :

خەلیفەی فاطمی {عاضدی } ناردە لای شێرکۆ داوای لێکرد .کە خەلیفە نەما ئەم وەزارەتەی هەڵبوەشێنێتەوە ناو نیشانی منصوری بۆ دابنێت بەم کارە شێرکۆ کاروباری ولآتی میسر بەڕێوەببات . ڕزگار بوو لە شاورکە پلانی دادەنا بۆ کوشتنی ، شاور بەدەستی صەلاحەدین کوژرا بە فەرمانی مامی شێرکۆ لە ٥٦٤ ی کۆچی = ینایر ١١٦٩ ی زاینی بەلآم قەدەر ماوەی زۆری شێرکۆی نەدا بژی کۆچی دوایی کرد . لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ ی جمادی دووەم ٥٦٤ ی کۆچی = ١١٦٩ ی زاینی

## چوارەم : صەلاحەدینی ئەیوبی کوردی و وەزارەتەکانی لە میسر :

لە سوپای شێرکۆ کۆمەڵێ ئەمیری کورد هەبوون ،کە بەدوای پۆستی وەزاری دا دەگەڕان ، هەندێ سەرچاوەی نوێ ی ڕووداوەکان جەخت دەکاتەوە کە خەلیفەی فاطمی عاضد پشتیوانی وەزارەتی دەکرد بۆ صەلاحەدین ، باوەڕی وایە ئەم لە صەلاحەدین بچوکترە بە ساڵێك وای پیشان دەدا کە ئەو شارەزایی کەمترە.بەم شێوەیە ئاسان بوو بۆ خەلیفە ڕزگاری بێت وە لە کاتی پێویست بانگەشەی بۆ بکات ,

## دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیووبی کوردی لە میسر:

ئەو { یوسف کوڕی نجم الدین أیوب کوڕی شادی کوڕی مروان} دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی کوردی لە هۆزی ڕوادیەکان. باوکی ئەو لە گوندی {دوین } کە دەکەوێتە سەروی ڕۆژهەلآتی هەولێر لە هەرێمی کوردستانی ئێستا لە دایك بووە.

مامۆستا مشیر حسن عمر

## سەر هەڵدانی صەلاحەدینی ئەیووبی :

لە شاری تکریت لە دایك بوە لە ساڵی ٥٣٢ ی کۆچی ، ئەم شەوەی کە صەلاحەدین لە دایك بوە باوکی و مامی شێرکۆ تکریتیان بە جێ هێشتوە ، بە ئاڕاستەی {عمادالدین زەنگی } فەرمانڕەوای موصل ، چونەتە خزمەتی کە عمادالدین زەنگی {بعلبك}ی ئازاد کردوە. ساڵی ٥٣٤ ی کۆچی باوکی صەلاحەدین {نەجم دین ئەیوب } بە فەرمانڕەوای ئەم شوێنە دانا .

صەلاحەدین لە گەڵ باوکی بوو ، کاتی مناڵی صەلاحەدین لە بعلبك بووە بەلآم مێژوو زۆر باسی نەکردوە.

## خوڕەوشتی صەلاحەدینی ئەیووبی کوردی :

زۆر حەزی بە دادگەری بوو دژی ستەم و چەوسانەوە بوو ، دە یویست کار بە پەیڕەوی ئیسلامەتی بکرێ ، وە حەزی دەکرد شوێنکەوتەی پێغمبەر محمد { ص.ع } و یارانی بێت . زۆر ڕێزی لە ڕای هەموولایەك دەگرت ، پیێ ی باش بوون و زۆرجار بەقسەی ئەوانی دەکرد ئەگەر ڕایەکە سودی هەبوایە .زۆر هەست ناسك بوو ،زۆر زانست و کۆبونەوەی زانایانی ئاینی خۆش دەویست .

زۆر شتەکی جوانی کرد کە قودسی ئازاد کرد مامەڵەیەکی جوان وباشی لە گەڵ دیلەکان کرد . ئازادی کردن بەرامبەر فدیەکی کەم کە ڕەمزی بوو .ئەوە پێچەوانەی خاچ پەرستەکان بوو کە {قدس}یان داگیر کرد هەڵسان بە کوشتن و دزی و ڕاو ڕوت و گەندەڵیان بڵاو کردەوە ؟ ئەم دیاردەیەی صەلاحەدین وەرگیراوە لە بیرو باوەڕی بەخشندەیی ئیسلام.

## صەلاحەدین لە دیدگای ڕۆژئاوا :

مێژوونوسی ئینگلیزی { ئەمیرۆتو } لە بارەی صەلاحەدینی ئەیووبی دەڵێ :پاش پەلاماری دووەمی خاچ پەرستان ، ماوەیەك تێ پەڕی ئەوروپا هیچ چالاکیەکی سەربازی نەبوو دژی موسڵمانەکان ، لەم کاتە ڕووداوێکی گەورە ڕوویدا لە مێژوی شەڕی خاچ پەرستان .ئەویش دەرکەوتنی صەلاحەدینی ئەیووبی . لە سەربازگای ئیسلامی ئەم سەربازگایە بوە شوێنێکی بەرز بۆ پەیدابونی پاڵەوانێکی نوێ و کەسایەتیەکی مەزن سیاسی و سەربازی ناسراو

لە سەردەمی شەڕی خاچ پەرستان . ئەو بێجگە لە هونەری جەنگی بەڵکو هەڵس و کەوتی کەسایەتی لە لوتکەدا بوو .لە نێوان مەزنەکان و چاکەکاران لە مێژووی جیهان.

صەلاحەدین شوێنێکی مەزنی هەبوو لە لای ڕۆژئاوا : بەڵگەش بۆ ئەوە ڕێزگرتنی پادشاو مێژوو نوس و زانا یەکانی ڕۆژئاوا : کاتێ ئیمپراتۆری ئەڵمانی سەردانی سوریای کرد چوە سەر گۆڕی صەلاحەدین و چەپکە گوڵی لەسەر دانا . ووتی من زۆر دڵخۆشم هاتومە ئەم خاکە کە لانەی پاڵەوانێکی وەك سوڵتان صەلاحەدینی ئەیوبی لێرە ژیاوە . ئەم پیاوەی کە گەشەو ئازایەتی نایاب بووە . پاڵەوانێکی دەگمەنە ،کردارەکانی بەرەو ئاسۆ دەچن

## سەردەمی صەلاحەدینی ئەیووبی لە دەسەلآت :

ئەو کاتەی صەلاحەدین وەزارەتی گرتە دەست لە سەردەمی جێنشینی  فاطمي عاضد پاش مردنی شێرکۆ ، بوە هۆی رق و کینەی خەلیفە لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە :

١ – دلّی خەلّك لای صەلاحەدین بوو ، زۆر کاری خێر خوازی دەکرد ،وەك کەم کردنەوەی باج و گومرك لەسەر هاولآتیانی میسر.

٢ – مەیل و پشتیوانی مەملەکەتی شێرکۆ و کوردەکان بۆ صەلاحەدین ،کە ژمارەیان ٥٠٠ سەرباز بوو ، بەتەواوەتی دەستیان بەسەر بارو دۆخەکەدا گرت کە  پاشای فاطمیەکان وای پێێش بینی نەدەکرد .

٣ –  سولّتان نوردین  محمود کۆمەلّێ سەربازی کوردی نارد بۆ لای صەلاحەدین ، {توران شاه} یان لە گەلّ بوو کە برای صەلاحەدین بوو . بنکەی صەلاحەدین بە هێز بوو ،کە خلیفەی فاطمي بەمە ڕازی نەبوو .

٤ – سەرکەوتنی صەلاحەدین بۆ هاولآتیان کە پشتیوانی خەلیفەی  فاطمي نەکەن ،بۆ نمونە سەرکەوتن بەسەر سەربازی سودانی کە  پشتگیری هاتنەوەی دەولّەتی فاطمي شیعەیان دەکرد کە فەرمانڕەوای میسر بکات .

٥ – رازی بونی نورەدین  محمود بۆ داواکاری صەلاحەدینی ئەیوبی بۆ هاتنی خزم و کەسی بەتایبەتی باوکی  نجم دین بۆ میسر  ئەگەر خەلیفە عاضد وەعدی لایەنگری صەلاحەدین بێت .

## بەرپەرچ دانەوەی هێرشەکانی خاچ پەرستان بۆ میسر:

کاتێ خاچ پەرستەکان هاتن بە ڕێبازی وشکانی بۆ میسر لە سالّی ٥٦٤ ی کۆچی = ١١٦٩ ی زاینی مەبەستیان { دمیاط } بوو ،

صەلاحەدین کاتێ زانیاری ئەم پەلامارەی بیست ، بە خێرایی بلبیس و قاهرە و ئەسکەندریەی توند کرد لەگەلّ هێلەکانی پێشەوە ، باوەڕی وابو هاتنی خاچ پەرستەکان بۆ قاهیرەیە ڕاستەوخۆ ، بەلآم ئاڕاستەکەی بەرەو دمیاطە . صەلاحەدین بێئاگا نەبوو لەم هێرشە زۆر بە وریاییەوە مامەلّەی لەگەلّ ئەم بارو دۆخە کرد . ناردیە لای نوردین محمود داوای یارمەتی لێکرد ، ئەویش تا دوا سەربازی بۆ نارد بەتایبەتی سەربازە کوردیەکان ،کە {زەنگین } زۆر بڕوای بە کوردەکان هەبوو لە سوپاکەدا هەموو کاروباری سەرەکی لای کوردەکان بوو .

سەربازە کوردەکان ڕۆڵەکی گەورەیان بینی لە پارێزگاری کردن لە دمیاط . زۆربەیان بنکەی سەرکردەیان هەبوو لەشەڕەکە. بۆ نمونە {تقی دین عومەر } کوڕی برای صەلاحەدین بوو ، {شهاب دین محمود حارمی } خاڵی صەلاحەدین بوو ، زۆر لە سەربازی کورد ،کەتوانیان بگەنە دمیاط بچنە ناویەوە ، صەلاحەدین یارمەتی و پێویستی سەربازی بۆ ناردن ،تا سەرکەوتن بۆ لابردنی ئابلۆقە لە سەر دمیاط لەم کاتەدا پاشا عاموری زانی کە نوردین محمود هەڵساوە بەهێرش بۆ وولاتی شام ،بە خێرایی عاموری گەڕایەوە { بیت مقدیس } بۆ پاسەوانی کردنی کەل و پەلی خاچ پەرستەکان

## پێنجەم : کورد لە سوپای صەلاحەدین لە میسر :

صەلاحەدین زۆر پشتی دەبەست بە شێوەی سەرەکی بە سوپاکەی لە سیاسەت و لە شەڕەکان . وە هێزی صەلاحەدین هێزی سوپاکەی بوو .سوپاکە پێك نەهاتبوو لە سەربازی نامۆ وەك سوپای فاطمي .سوپای صەلاحەدین پێك هاتبو لە سەربازی یاسایی وە بناغەکەشیان کورد بوو.بە گوێرەی هەندێ لێکۆڵینەوە گەیشتینە ئەوەی کە سوپای کوردی بناسین لە میسر .

لە سەرەتای دەسەلاتی صەلاحەدین ٥٦٧ ی کۆچی = ١١٧١ی زاینی ژمارەی کورد لە سوپای صەلاحەدین ١٧٤ یەکە بووە.کە بەرامبەر بووە بە ١٤٠٠٠ سوار بوو، وە لەساڵی ٥٧٧ ی کۆچی = ١١٨١ ی زاینی ژمارەی کورد لە سوپای صەلاحەدین ٨٦٤٠ سوار بوە بە هەموو کەل و پەل و پێویستیانەوە ، وە لە نێوانیاندا ١١١ میری کوردی هەبوە . ٦٩٧٦ سوار لە پلەی یەکەم { طواشیا} وە ١١٥٣ سوار لە پلەی دووەم {قراغلام} بە شێوەیە هێزی کوردی توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت لە شەڕی {حطین}.

ڕەگەزی کوردی لە سوپای صەلاحەدین زۆرترین قەبارەو ژمارەی هەبووە. صەلاحەدین حەزی دەکرد زۆربەی سەربازەکانی لە ڕۆڵەی کوردەکان بێت. چونکە دەیزانی چەند دڵسۆزو ئازان لە شەڕەکاندا. بە وەفان بۆ بەرگری لە ئیسلام ، ئەوە ڕوونە لای زۆر کورد لە سوپای صەلاحەدین . لێرە زۆر بەڵگە هەیە کە صەلاحەدین پشتی بەستوە بە ڕەگەزی کورد لە سوپا ، لەشەڕەکان دژی خاچ پەرستان . وەك {ئیبن شداد خاوەنی پەرتوکی چیرۆکی سوڵتانیە}

کاتێ صەلاحەدین ئابلۆقەی لەسەر یافا دانا ساڵی ٥٨٨ ی کۆچی داوای سەربازی ئیسلامی کرد لە میسر ،سەربازی ئیسلامی گەیشتێ کە زۆرینەیان کورد بوون ، وەك{ مجد دین هلدری } و {سیف دین یازکج کوردی} کۆمەڵێ سەربازی موسڵمانی کورد کە سەر بە مامی اسد دین شێرکۆ بوون ، {ابن شداد} باس دەکات کە یەکەم دەستە گەیشتە

صەلاحەدین لە سەربازانی ئیسلامی سەربازی کوردی موصل بوون .{ابن شداد} باسی بەڵگەیەکی تر دەکات لەسەر پشت بەستنی صەلاحەدین بە سەربازە کوردەکان ،دەڵێ کە صەلاحەدین چوە { الرملە} فەرمانی بەسەربازەکان دا بگەڕێنەوە شاری خۆیان ،یەکەم دەستەی کە گەڕانەوە سەربازی هەولێر بوون دوایی موصل شەنگار کە هەموویان کورد بون .

کاتێ صەلاحەدین خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئازاد کردنی {بیت مقدیس } لە دەستی خاچ پەرستەکان ،سەربازگەی لە دیمەشق دانا. براکەی کردە شوێن گرەوەی لە میسر {ملك عادل } بۆیە سەربازگەی لە دیمەشق دانا تاوەکو نزیك بێت لە لە دوژمن.ئەوە خورەوشتی بوو دەیویست لە خۆی حاڵ وباری دوژمن بزانێ و ئاگاداربێت . لەدیمەشقەوە جوڵەو ڕیزەکانی ڕێك دەخست لە میسر و حەلەب و جزیرە و دیاربکر لە کوردستانی تورکیا . کاتێ ڕیزەکانی سەربازی و کارەکانی ڕێکخستنی تەواو کرد .لە دیمەشق چوە دەروە ساڵی ٥٨٣ ی کۆچی =١١٨٧ ی زاینی مەبەستی { الكرك } بوو ، ئازادی کرد بەرەو {الشوبك} چوو کە هاوسێ ی بوو ئازادی کرد .وە سەربازگەی لە {بانیاس } دا چاودێری بارو دۆخەکەی دەکرد .

## ڕۆڵی کورد لە کاتی فەرمانڕەوایی صەلاحەدین :

لەسەرەتاوە پێویستە هەلوێستەیەك بکەین لە سەر چوار چێوەی مێژویی ئەم پۆستە.پاشان پۆستی جێ نشینەکانی صەلاحەدین .لە ڕاستی دا سەرکردەکانی ئەییوبی کە گەیشتنە دەسەڵاتی شارەکان کە ئەیوبییەکان ئازادیان کرد بوو .شوێن پە نجەی گەورەی بەرزی هەبوو لە دەوڵەتی ئەیوبی .ڕۆڵەکی گرنکیان هەبوو لە کاتی فەرمانڕەوایی صەلاحەدین . پاش مردنیشی ، پاش لابردنی دەوڵەتی {نوردین محمود} خزمە نزیکەکانی خۆی لە سەرکردایەتی سوپا دانا لە دەسەڵاتی بەڕێوە بردنی شارەکان دانا . نەوەو وەچەی شێرکۆی لە ﴿حمص﴾ دانا پاش پەراوێز خستنیان لە لایەن سوڵتان نورەدین محمود. هەروەها کوڕی برای سوڵتان صەلاحەدین { تقی دین عمر} ڕۆڵەکی چالاکی هەبوو لە سەرکەوتنەکانی صەلاحەدین . لە ژیانی سیاسی و پۆستەکاندا . {تقی دین عمر }بەشداریەکی گەورەی کرد لە بەرگری کردن لە {حماة }لە سوریای ئێستادا. لە سەرەتای ئاڕاستەی صەلاحەدین بەرەو ڕۆژهەلات . لەگەڵ ئەوەی {تقی دین } ئاژاوە گێڕیش بوو ، بەڵام صەلاحەدین توانی بە شێوەیەکی باش مامەڵەی لەگەڵ بکات لە کۆتایی دا بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێبازی ڕاست. هەڵسا بە ئەرکی خۆی لە هێرشە سەربازیەکاندا. بوو بەگرنکترین بەشداربوو لە فراوان کردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەیوبیەکان لە ڕۆژهەلات .

## کۆچی دوایی  صەلاحەدینی ئەیووبی :

پاش سەرکەوتنە گەورەکەی موسوڵمانان بەسەرکردایەتی  پاڵەوانی کورد صەلاحەدینی ئەیووبی لە شەڕی {حطين} ،

لە ١٤ ی صفر ی ٥٨٩ ی کۆچی = مارسی ١١٩٣ ی زاینی  سوڵتان صەلاحەدین  دەرچوو بۆ پێشوازی لە گەڕانەوەی حاجیان  لە مکە . پاش کۆتایی هاتنی ئاهەنگی گەڕانەوەی حاجیان لە مەکە .

سوڵتان صەلاحەدین گەڕایەوە ناو بارەگای خۆی  هەستی بە موچڕکە و ناجیگیری تەندروستی خۆی کرد ،تایەکی توندی هاتێ ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد .تا کۆچی دوایی کرد لە ڕۆژی چوارشەم ٢٧ ی صفر ٥٨٩ ی کۆچی = ٤ ی مارسی ١١٩٣ ی زاینی . پاش ٢٠ ساڵ لە بون بە سوڵتان ، تەمەنی نزیکە ٥٧ ساڵ بوو . کاتێ خەڵك دەنگ و باسی مردنیان زانی دەنگی گریان بەرز بووەوە .  خەمناکی هەموو ناوچەی ئیسلامی گرتەوە .

کۆچی دوایی صەلاحەدین کەلێنێکی گەورە نەبوو بەتەنها بۆ بنەماڵەکەی و کورد بەڵکو غەمێك بۆ بۆ هەموو جیهانی ئیسلامی بە گشتی وە میسر بەتایبەتی .  ئەوە بەسە کە دوژمنانی خۆی شایەتی دەدەن کە مەزنترین کەسایەتیە  لە چاخی شەڕی خاچ پەرستان . بە دەربڕینی مێژوونوسە مەسیحیەکان .

صەلاحەدین  پاڵەوانی کورد زۆر خزمەت و کاری گەورەی پێشکەش بە جیهانی ئیسلامی کرد .  زۆر قوربانی دا بۆ بەرزکردنەوەی ئیسلام و خەڵکی موسوڵمان .کەس حەسودی بە ماڵی نەبرد ، هیچ شتێکی بەجێ نەهێشت تەنها بەرەیەکی ئیسلامی یەك پارچە .

داوای دەکرد بەم شێوەیە بە بە هێزی بمێنێتەوە . سوڵتان صەلاحەدین وانەیەکی وای دا بە خاچ پەرستان کە بە درێژایی ژیانیان لە بیریان نەچێتەوە . ئەم نهێنیە لە ناو سنگیان مایەوە تا چاخی  نوێ. بەزەیی لەو کەسانەبێ کە تێکۆشان دەکەن بەدڵسۆزی وە ئەفرینی خوا لە وانەبێ کە نا پاکی و دووبەرەکی دەنێنەوە .

## دەوڵەتی ئەیووبی کوردی دوای صەلاحەدین

صەلاحەدین  پێش مردنی هەڵسا بە دابەشکردنی بنەماکانی دەوڵەتی ئەیووبی بەسەر کەسانی ئەیوبی و کوردی ، کارو باری سوریا و فلسطین بۆ کورەکەی ملك {الافضل  ابی حسن نور دین علی}

فەرمانڕەوایەتی میسر کەوتە دەستی مەلیك { عزیز عوسمان}  حەلەب کەوتە دەستی مەلیك {الظاهلر الغازی غیاث الیدن}  براکەی مەلیك { العادل} هەندێ بەشی لە وولاتەکەی گرتە دەست وەك دوورگەی {ابن عمر} کوڕەکانی شێرکۆ {حمص} یان کەوتە دەست ، لە سەروو کوڕی براکەی {سیف اسلام  طغتکین } .

وەلێرە تێبینی دەکەین، کە صەلاحەدین کەسی دانەناوە بە جێگری خۆی لە وەختی مردنی ، کەس لە میراتگرەکانی نەبوونە فەرمانڕەوا ، بەس کاروباری دەوڵەتی دابەش کرد بەسەر هەمووان بە هیوای ئەوەی ببنە یەك دەست ، و پارێزگاری بکەن  لە یەك پارچەیی ،  جارێکی تر بەرەی ڕۆژهەلات لە جیهانی ئیسلامی نەگەڕێتەوە سەر باری پێش دەسەلاتی ئەو ,

پاش مردنی صەلاحەدین حەڤدە کوڕی لە  پاش بەجێما ، ئەمانە بوون :  {الأفضل علی ، الظاهر خضر،قطب الدین موسی، العزیز عثمان ،الاعز یعقوب ،الظاهر غازی،الزاهد داود،المعز إسحاق،المؤید مسعود ،الاشرف محمد، المحسن احمد ، الغالب ملك شاه ، ابوبکر النصر ، الجواد أیوب ، الاشرف توران شاه ،عماد الدین شادی ، نصردین مروان }وە تەنها یەك کچی هەبوو بەناوی   {مؤنسة خاتون}

## شوێن پە نجەی ئاوەدان کردنەوە کە صەلاحەدین بە جێ ی هێشتبوو :

صەلاحەدین هەندێ پرۆژەی دروست کرد لە میسر هەتا ئیستا گەواهی دەرن لەسەر پیش کەوتنی ئەم چاخە،ئەم کوردانە مێژو و شارستانی  شێوەی ژیانیانی خۆیان پاراستوە . وە ئەوەش هەندێ نمونەیە لە کارەکانی

١ –  دروست کردنی قوتا بخانەی گەورەو بچوك لە تەنیشت گۆڕی ئیمام شافیعی

٢ – قوتا بخانەی قاهرەی معزیە لە تەنیشت مەزارگەی ئیمام حسین

٣ – قوتا بخانەی شافعیە کە ناسراوە بە قوتا بخانەی زین تجار لە میسر

٤ – قوتا بخانەی هاوڕێیانی مذهب ی ئیمام مالك لە نزیك قوتا بخانەی شافعیە

**٥ - قوتابخانەی حناف لە ساڵی ٥٧٢ی کۆچی =١١٦٧ ی زاینی بوە بارەگای ماڵی وەزیر{البطائیحی} ناسراو بە قوتابخانەی { السیوفیە}**

**٦ – نەخۆشخانە لە ناو کۆشکی خۆی لە قەڵات بۆ چارەسەری نەخۆشی**

**بەڵام لە بارەی خانەقا و گەیاندن کە صەلاحەدین دروستی کردبو تا ئەم سەردەمە میسری شتی وای نەبینی بوو ،ئەم جۆرە تەلارانە کوردو صەلاحەددین هیناویانە ناو میسر ، {قلقشندی } خاوەنی کتابی { بەیانی و عیشا} ئەم بینایەی دیبوو ،**

**باسی دەکات بە قسەی خۆی کە گەیاندن و خانەقا کاری میسریەکان نەبووە بەڵکو صەلاحەدین دروستی کردون**

**صەلاحەدین خانەقای {سعید السعداء }دروست کرد لە ساڵی ٥٦٩ ی کۆچی = ١١٧٣ ی زاینی وە بە شوێنی {صۆفیەکان}، شێخێکی کرد بە لێپرسراو بە ناوی { شێخ شیوخ} و یارمەتی هەژارەکانی گرتە ئەستۆ.**

**زیاتر لە مانەش پێویستە لە بیرنەکرێن کە زۆر قەڵات و بورجی گرنگی دروست کرد ، زۆر گرنگی پێ دەدان بە ئامانجی پارێزگاری و بەرگی کردن لە وولاتی ئیسلامی بەتایبەتی میسرو شام هەر بۆیە زۆر قوللەو قەڵاتی دروست کرد لە میسر و شام. یەك لەم قەڵایانە قەلای چیای قاهیرە {قەلای صەلاحەدینی ئەیووبی}ئەم ناوچەیان ناونا بە ناوی گەڕەکی قەلاَ .**

**کە دروست کرا لەسەر یەك لە مۆڵگە تایبەتەکان لەسەر چیای { المقطم } لەسەر دەرگاکانی قاهیرە. قەلای سەربازی صەلاحەدین بە گەورەترین قەلاَ دەژمێرێ کە دروست کراوە لە چاخی ناوەڕاست .لەبەر ئەوەی شوێنێکی ستراتیجی هەبوە بە پلەی یەکەم دێت .وەك رەمزێکە بۆ قاهیرە و فاطمی و الفسطاط وا دادەنرێ پشتێنەیەکی سروشتی بێ چونکە لەسەر لوتکەی چیابوو. ئەم پشتێنەیە بەرز بوو بۆ هەردوو شارەکە گرنگی زۆری بەرگری هەبوو .**

**قەلای صەلاحەدین لە دوو بەش پێك دێ : باکور و باشور ، باکور لەسەر شێوەی لاکێشەیە بورجی زۆر دیاری هەیە،لە ناوەڕاستی دیوارەکەدا دەرگای قەلاَکەیە ،ناسراوە بە { دەرگای جوانی} بەشی باشوریش پاشکۆی بینایەکانە وەك کۆشکی تایبەت بە سوڵتان ، تەویلەی تایبەت بە ئەسپەکان وە بەشی سەروو مۆڵگەیەکی بە هێز بوو ، بینای قەلاَکە لە سەردەمی صەلاحەدین تەواو نەبوو تاوەکو سەردەمی ملك{ کامل} .**

کاری صەلاحەدین هەر بنیاتنانی ئەم قەلآیانە نەبوو ،بەلکو دوو قەلآی تریشی لە ناو میسر دروست کرد یەکیان لە {سینا}نزیك { عین سدر } دووەم لە {دورگەی فرعون} لە نۆکەندی {عەقەبە}کە ناسراوە بە قەلآی صەلاحەدین یان قەلآی فرعون هۆکاری دروست کردنی ئەم قەلآیانە بۆ پاراستنی میسر لە دەست درێژی خاچ پەرستان کە درێژ دەبێتەوە بە درێژایی کەناری دەریای سور . بەلگەش بۆ ئەم قسانە کە { أرناط} خاوەنی {الكرك} کە زۆر شالآوی توندی کرد .

ئامانجی گەیشتن بوو بە خاکی حجازی پیرۆز . هەولدان بۆ هەلدانەوەی گۆڕی پێغمبەر {د . خ }. لە پاش ئەمە صەلاحەدین هەلسا بە توند کردنی قەلآکان دروست کردنی ئەم بینایانە . بۆ ڕاگرتنی دەست درێژی خاچ پەرستان لەم ناوچەیە . هەروەها قەلآی چوارەم لە باشوری میسر بۆ پارستن و بەرگری کردن لە ناوچەی { نوبە وسودان} لە هەر دوژمنایەتیەکی دەرەکی .

هەروەها صەلاحەدین شورایەکی دروست کرد بە چواردەوری قاهرە و میصر { الفسطاط – و القطائع –والعسكر} لە سالی ٥٧٢ ی کۆچی = ١١٧٦ ی زاینی وە ئەم شورایە لەم دوایە {علی بك بهجت } بەشێکی دۆزیەوە .

کرداری پرۆژەو ئاوەدانکردنەوە لە دوایی صەلاحەدین ڕانەوەستا بەلکو ئەوانەی دوای ئەو زۆر پرۆژەیان دەست پێکرد کە هەتاوەکو ئیستاش ماوە جێگای شانازیە بۆ ئەم سەردەمە و بۆ گەلی کورد . وەك :

١ – مزگەوتی سولتان { صالح نجم دين أيوب}. و سولتان {صالح ایوبی کوردی }ڕێکخەری کارو باری میسر بوو . کاری باشی دەکرد ، سوپای خاچ پەرستانی شکاند لە {ڕەشید} . ئەم مزگەوتەشی دروست کرد بە دەستکەوتی ئەم شەڕانە .ئەم مزگەوتە دەکەوێتە نزیك { باب نصر} لە قاهرە . سولتان لەویٚ نێژراوە ،گومبەزێکی بلندی هەیە لە پشت ڕێبازی چەپی گومبەزی مزگەوتەکە.

٢ – مزگەوتی سولتان الاشرف ، ئەویش کوردەو ئەیوبیە ، مزگەوتەکەش لەسەر شێوەی مزگەوتی سولتان صالحیە ، جێگای ئێستای لە بازاڕی سولتانیەیە لە نزیك دەرگای نصر .

٣ – مزگەوتی شیخونە : شیخونە لە بنەڕەتدا کوردیە ،وەزیری سولتان حسن بوو ناوی عومەر بوە ، ئەم مزگەوتە لە گۆڕەپانی {الرميلە}یە کە بەمەیدانی صەلاحەدین ناسراوە لە قەلآ .

٤ – قوتابخانەی سولتان کامل : یەکەم قوتابخانەیە بۆ زانیاری فەرمودەی پێغمبەر {د.خ} لە قاهیرە بونیات نراوە وە ئیستا لە ناوچەی ئیمام شافعیە .

٤ – بیری یوسف :كە قەلاَی صەلاحەدین بەجیٚ دەهیٚلی گۆڕەپانیٚكی گەورە دەبینی ،لە كۆتایەكەی بیریٚك هەیە پیٚ ی دەلیٚن بیری یوسف .یەك لە شویٚنەوارە دەگمەنەكانە لە میسر ،میسریەكان وا باس دەكەن و باوەڕیان وایە دەگەڕیٚتەوە بۆ حەزرەتی یوسف سلاَوی خوای لیٚ بیٚ، بەلاَم {قلقشندی } دەلیٚ ئەوەی ئەو بیرەی هەلكەندوە

{قراقوش }بوە نەك كوردی ئەوەی ناوی لیٚ ناوە یوسف نەوەی صەلاحەدینە {یوسف كوڕی ئەیوب} ئەم بیرە ناویٚكی تریشی هەیە بە{حلزون} ناسراوە.ئەم بیرە پیٚك دیٚ لە دوو نهۆم ، وە مەبەست لە لیٚدانی ئەم بیرە بۆ گلدانەوەی ئاوە بۆ ئەوانەی لە قەلاٚ دەمینیٚنەوە،

یەك لە نوسەرەكان لەسەر قەلاَی چیا نوسیویەتی كە زیاتر لە دە مەزارگەی گەشتیاری تیٚدایە ، میٚژوی دروست كردنی قەلاَكە دەگەڕیٚتەوە بۆ صەلاحەدینی ئەیووبی ،كە وەزیرەكەی {بهائەدین قراقوش} لە سەدەی دوانزەی زاینی دروستی كردوە. ئامانجی دروست كردنی ئەم قەلاَیە بۆ دلٚنیابون و پارستنی قاهیرە لە خاچ پەرستەكان بوە. نۆژەن كردنەوەی قەلاَكە لەسەر دەستی بنەمالَەی ئەیوبی كوردی بوە . ئەم قەلاَیە بۆتە بارەگای دەسەلاَت لە سالَی ١٢٠٨ ی كۆچی = ١٨٧٤ ی زاینی وە لەم میٚژوە كۆتایی بە دروست كردنی { كۆشكی عابدین} هات . لەسەر دەستی یەك لە بنەمالَەی محمد علی ، ئەویش {خدیوی ئیسماعیل } بوو .

{ ١٨٦٣ – ١٨٧٩ } وە بارەگای دەسەلاَت گواستراوە لە قەلاٚ بۆ كۆشك.

## ئەم ناوچانەی كە كورد لیٚ ی نیشتە جیٚ بوون لە كوردستان و دەرەوە پیٚش گەیشتنی بنەمالَەی ئەیووبی بۆ دەسەلاَت :

لە ڕاستی دا كاریٚكی گرانە ئەم شارو گوندانە دیاری بكەین كە كەسەربازی كوردی لیٚ بوە پیٚش گەیشتنیان بۆ میسر ،چونكە زۆر لە هۆزە كوردیەكان ڕۆیشتون ، هەندیٚكیان كە تیٚكەلاَو بون لەگەلٚ ڕەگەزی تر .بەلاَم لە شویٚنە زۆر دیارەكان كە هاتوون باكوری موصل و هەولیٚرو شارەزوور بون . لەم ناوچانە{ زەنگیەكان} سەربازی كوردیان هیٚناوە ، بۆ هاوكاری كردنی سوپای زەنگی .ئەگەر ئەم كوردانە بە چڕی لەم ناوچانەبن كەس ڕیٚگری نەكردون بۆ كۆچ كردنی ژمارەیەكیان لە نیشتمانی خۆیان بۆ سوریا و میسر ، پایەی سەربازی و سیاسیان بەدەست بوە لەم ولاَتە.لە ڕاستی دا {قەلاَی كورد} ی بەناوبانگ لە باكوری سوریای ئیٚستا كە ناسراوە بە {قەلاَی حصن} ڕۆژانی فەرەنسیەكان ناویان نابوو بە {كراك فرسان} كە بەكاردەهات لەسەدەی یانزەهەمی ی زاینی لەلایەن سەربازە كوردەكانەوە .بۆ دلٚنیابوون لە ئەم ڕیٚگایەی دەڕوات بۆ {حمص و حماة } . دەلیٚن لە سەدەی دوانزەهەمی زاینی كوردیٚك فەرمانڕەوای حماة بوە بەناوی { علی كوردی } لە ژیٚر دەسەلاَتی { البورید }.

## ئەو کوردانەی لە گەڵ شێرکۆ بوون لە شالاوی سەر میسر :

١ – بدران کافر : کە {شمس ملوك } دای نابوو ، بە فەرمانڕەوای دیمەشق بۆ خزمەت کردن . ئەم کوردە لە حمص هاتبوو لە سوریای ئێستا .

٢ – مجاهدین بوزان کوردی : ئەمیر سرخاد ، دامەزرا وەك سەرکردەی هێزی کوردی لە دیمەشق لە ژێر دەسەڵاتی بورید لە {الجلالیه} لە ڕەچەڵەکدا خەڵکی شارەزوور بوو . یان هەولێر . لە دیمەشق دوومزگەوت و قوتابخانەیەکی دروست کرد . کوڕەکەی {سیف دین محمد بازدان } لە گەڵی بوو .

٣ – کوڕی ماین کوردی : ئەم پیاوە لە لایەنگرانی نوردین محمود زنگی بوو لە وولاتی شام بوو لەگەڵ شێرکۆ سەفەریان کرد بۆ میسر لە کاتی شالاوی سەر میسر گیانی سپارد لە ئابلوقەی بلبیس .

## شەشەم : ناودارەکانی کورد لە سەردەمی ئەیووبی :

١ – ئەمیر مجیر دین یاخود مجد دین باوکی هیجاء کوڕی عیسای الازکشی کوردی :

لە میسر لە دایك بوە ساڵی ٥٦٧ ی کۆچی =١١٧١ ی زاینی بەشداری کردوە لە کاروباری شام لەگەڵ میر علم دین سنجر حلبی وە لە ساڵی ٦٦١ ی کۆچی = ١٢٦٧ ی زاینی کۆچی دوایی کردوە .

٢ – ضیاء دین أبو فتح نصرالله : لە دورگەی ئیبن عومەر لە دایك بووە ، کە دەکەوێتە کوردستانی تورکیای ئێستا . لەوێ فێرە حوێندەواری بوە . دوایی لەگەڵ باوکی چۆتە موصل ، کاری لەگەڵ شیعرو ئەدەب کردوە زۆر بلیمەت بووە تێدا پاشان چۆتە میسر . چویتە خزمەت سوڵتان صەلاحەدینی ئەیووبی ساڵی ٥٨٧ ی کۆچی لە گەڵی ماوەتەوە تا سوڵتان کۆچی دوایی کرد . پاشان چۆتە سوریا بوە بە وەزیر لای کوڕی صەلاحەدین { میر افضل }. دوای کەوتنی میر افضل بەدزی گەڕاوەتەوە میسر لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی ٦٠٧ ی کۆچی پاشان چویتە حلب ، دوایی بەرەو هەولێر چووە لە کوردستانی عێراق . لە ساڵی ٦١٧ ی کۆچی گەڕاوەتەوە موصل . لەوێ نیشتەجێ بووە ، دەستی باڵای هەبوە لە وێژەو داڕشتن خاوەنی پەرتوکی

{المثل السائرفی ادب الکاتب و الشاعر} و { الوش المرقوم في حل المنظوم }لە کۆتایی لە ڕێگەی بەغدا کۆچی دوایی کرد .

٣ – ئەبو حسن علی سیف دین : خەڵکی ئامەد { دیاربکر} لە کوردستانی تورکیای ئیستا . لەوێ لە دایك بوە لە ساڵی ٥٥١ ی کۆچی چویتە میسر ، کاتێکی زۆر لە ژیانی لەوێ ماوەتەوە ، زۆر پەرتوك و بلاو کراوەی هەبووە ،وەك پەرتوکی { أبكار الأفكار في علم الكلام } لە ساڵی ٦٣١ ی کۆچی لە شام کۆچی دوایی کردوە .

٤ – میر ئەحمەد ئەیووبی : ئەو میر محسین عەینەدین بوو لە کوڕانی صەلاحەدینی ئەیووبی بوو لە گەڵ باوکی لە میسر ژیابوو . زۆر زانا بوو لە گفتوگۆ وە ناسراو بوو بە خواناسی و خوا پەرستی حەزی لە ڕێبازی شیعەی ئیمامی علی بوو خوا لێ ی ڕازی بێ . لە ساڵی ٦٣٤ ی کۆچی لەحەلەب کۆچی دوایی کرد .

٥ – ئەیوب { میر ئەیوب } : ناو نیشانی {نەجمەدین } ئەو باوکی صەلاحەدینی ئەیووبی بوو وە لە ڕەچەڵەك دا هۆزی ڕەوادی کوردیە ، مێژوو نوس { ئیبن خەلەکان} دەڵێ لە گوندی {دوین } لە سەروی ڕۆژهەلاّتی هەولێر لە کوردستانی عێراق لە دایك بووە .ماوەیەك لە تکریت یاخود {دزدار} پارێزگار بووە پاش مردنی باوکی شادی . لە ساڵی ٥٢٦ ی کۆچی میوان و خانە خوێ ی {اتابك عماد دین زنگی } بوە پاش شکانی بەرامبەر سوپای سەلجوقی بەسەرۆکایەتی { قرجان } لە شەڕی باشوری تکریت.

زۆر ڕێزی لێ گرتوە ، بۆی باش بوە ، توانی بیپەڕێنتەوە بۆ ئەم بەری چە پی زێ ی دیجلە. پاش ماوەیەك نجم دین أيوب و بنەماڵەکەی تکریتیان بە جێ هێشت لەبەر هەندێ کێشە لەگەڵ شێرکۆ . بەرەو موصل چون ، زۆر بە سروشتی عماد دین زەنگی وەلاّمی دایەوە پێشوازی لێکرد .زۆر بۆی باش بوو ، ئەو و شێرکۆی برای گەیشتنە ناو سوپای زەنگی لەم کاتەدا , کە عماد دین بعلبکی گرت نەجمە دینی کرد بە فەرمانڕەوای ئەم شارە.بەم شێوە مایەوە تا سوپای شام هێرشی کردە سەر بعلبك بۆ یەککخستنی سوپای ئیسلام دژی خاچ پەرستان . هیچ چاەیەکی نەبوو نجم دین تەنها ئەوە نەبێت لەگەڵ سوپاکە یەك بگرێت . دەسەلاّتداری شام {مجیر دین ارتق} پلەی سەرکردایەتی گشتی سوپای شامی پێدرا . زۆر سەرکەوتو بوو لە بەرەنگاری سوپای خاچ پەرستان لە شالاّوی دووەمیان بۆ سەر شام . وە بەرگری کرد لە شام و ئیسلام زۆر بە بوێرانە ،میری شام ئەو کاتە لە ڕاستیدا شوێن کەوتەی نوردین محمود کوڕی عماد دین زەنگی بوو .بەلاّم نورەدین زەنگی دەیویست دەست بەسەر شام دابگرێ وە سوپایەکی نارد بەسەرکردایەتی شێرکۆی برای نەجمەدین ئەیوب ، نەجمەدین ئەیوب نەیتوانی بچێتە ناو شەڕەکەوە لە گەڵ کوڕی عمادین زەنگی هەروەها شێرکۆی برای کەبەیەکەوە بوون نەچوون بۆ شەڕەکە .ە نورەدین محمود توانی دەست بەسەر شام دابگرێ ، (نورەدین محمود ) نجم دین محمودی کردە فەرمانڕەوای شام و ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی . نەجم دین لەوێ مایەوە تا کوڕی صلاحەدین دەستی گرت بەسەر کورسی دەسەلاّت لە میسر .

داوای لە نوردین محمود کرد بێتەلای تاوەکو سود لەشارەزایەکانی ببینێ ،نورەدین ڕازی بوو بەم شێوەیە نەجم دەسەلأتی بەتەواوی نەما لە میسر ساڵی ٥٦٤ ی کۆچی ،کوڕی صەلاحەدین زۆر لە گەڵی توند بوو .

٦ – میر حسام دین : کوڕی علی هزبانی ،یەك لە میرەکانی میر صالّح نجم دین ایوبی بوو. لە سوپای ئەیوبی سەرکردە بوە ، لە گەڵ سوپا بۆ دیمەشق ڕۆیشتووە . کە میر صالّح دەستی بەسەر بعلبك داگرتوە ، حسام دین بویتە جێگری میر صالّح لە شام .

٧ – میر خەسرەو : کوڕی بلیل ، کوڕی برای ئەبی هیجاء هزبانی فەرمانڕەوای هەولێر لە کوردستانی عێڕاق بووە . لە بەهێزترین سەرکردە بووە کە سوڵتان نورەدین محمود بۆ میسری ناردوە لەگەڵ ئەسەد دین شێرکۆ . یەك لەو چوار کەسانە بوە کە ڕازی نەبوە بەوەزارەتی سوڵتان صەلاحەدینی ئەیووبی کوڕی خوشکی . زۆر لە میسر ماوەتەوە پاشان گەڕاوەتەوە شام .

٨ – شێرکۆ : نازناوەکەی {باوکی شەڕ} بەناوبانگە بە {میری سەرکەوتو ئەسەد دین شێرکۆ}کوڕی شادی کوڕی مڕوان . مامی صەلاحەدین لەلایەن باوکیەوە کراوەتە لێپرسراوی تکریت لە لایەن {جمال دین مجاهد بهروز} شێرکۆ لە گەڵ باوکی بووە . پاش مردنی باوکی لە گەڵ نجم دین ئەیوبی برای کە دەکاتە باوکی صەلاحەدین ماوەتەوە . فەرمانڕەوای تکریت بوە . لەو کاتەی لە تکریت بوە ئەفسەرێکی سەلجوقی کوشتووە . بە هۆی ئەوەی دەست درێژی کردۆتە سەر ئافرەتێك لە ڕێگا.

بەهۆی ئەم کارە نجمە دین ئەیوب بەندی کردوە ،بەلأم {بهرۆز}ی دادوەر دەری کردون لە گەڵ خێزانەکەی و شێرکۆ لە تکریت . لە تکریت ڕۆیشتون بەرەو موصل بۆ لای عماد دین زنگی ،کە زۆر ڕێزی لێ گرتن ، پۆستێکی گونجاوی بۆ پەیداکردن لە ناو سوپا ، هەردوکی پاراستن وە ئەوانیش زۆر بە دڵسۆزیەوە کاریان بۆ عماد دین کرد تاوەکو کۆچی دوایی کرد ، گوازرانەوە بۆ خزمەتی کوڕەکەی نوردین محمود پاش دەست بەسەرداگرتنی {حمص و رحبە} نورەدین شێرکۆی کرد بە سەرکردەی سوپاکە .لە ساڵی ٥٥٨ ی کۆچی . شاور وەزیری فاطمی هاتە لای نورەدین لە شام داوای یارمەتی لێکرد دژی وەزیر{ ضرغام} کە داوای لە خاچ پەرستەکان کردبوو یارمەتی بدەن بۆ هاتنە ناو میسر دژی فاطمیە کان . نورەدین محمود شێرکۆی نارد بەسەرکردایەتی سوپاکی گەورە . پاشان دایمەزراند بە وەزیر لە میسر بەلأم دوای سێ مانگ کۆچی دوایی کرد .لە ٢٢ ی جمادی دووەم ساڵی ٥٦٤ ی کۆچی لە قاهیرە بە خاك سپێردرا . پاشان لاشەکەیان بردەوە مدینەی منورە لە سەر وەسیەتی خۆی یەك کوڕی لە پاش بە جێما .

**٩ - ضياء الدين عثمان بن درباس كوردى : ئەو ئەبو عمر كورى ضياء الدين عثمان كوڕى عيسا كوڕى درباس هزبانى كوردى**

**ناسراو بە مارانى ئەو زانا بوو بە پەڕەوى ئیمامی شافیعی وە برای دادوەر {صدردين باوكى قاسم عبدملك} بوو كە كارى دەكرد لە دادگای میسر. بوە جێگری براكەی لە میسر كە ئەو بچوك بوو لە هەولێر لە كوردستانی عێراق كاری دەكرد ، ئەمیر جمالدين جسران هەكاری قوتا بخانەیەكی بۆ دروست كرد.**

**لە قاهیرە بۆ ئەوەی وانەی تێدا بلێتەوە ,ئەویش وانەی دەگوتەوە تا كۆچی دوایی كرد.لە ١٢ ذي القعده ی ٦٠٢ ی كۆچی لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا . لە قاهیرە بە خاك سپێردرا .**

**١٠ – جوێریە : كچی هەكاری لە میسر لە دایك بووە ساڵی ٦٢٢ ی كۆچی لە فەرمودە زۆر شارەزابوە . شارەزایی پەیداكردوە لەسەر دەستی { علی نصرالله كوڕی عمر قریشی میسری } لە ساڵی ٧١٢ ی كۆچی كۆچی دوایی كردوە تەمەنی ٩٠ ساڵ بووە .**

## كۆتایی دەوڵەتی ئەیووبی كوردی :

**كاتێ {توران شا كوڕی مەلیك صالح نجم دین ئەیوب } گەیشتە شاری منصورە لە ساڵی ٦٤٧ ی كۆچی = ١٢٥٠ ی زاینی ، ڕایگەیاند كە ناوی لە خۆی نا سوڵتانی میسرو شام لە ڕێگا بەرەو قاهرە پاش مردنی باوكی ، گیانی ورەی ئەو جەنگاوەرانەی دژی {لویس نۆیەم }و شالاوی حەوتەمی خاچ پەرستەكان بەرز بۆوە خەڵك ئاواتی دەخواست لەگەڵیان دەربچێ .**

**توران شا سەركەوت بەسەر لویسی نۆیەم مەلیكی فەرەنسا لە شەڕی {فارسكور}، خاچ پەرستەكان بەدیل گیران ، لە نێوان دیلەكان مەلیكی فەرەنسی لویس نۆیەم بوو كە لە ماڵی { قازی لقمان} لە منصورە بەند كرابوو . مەرجیان لەسەر دانابوو كە پارەیەكی زۆر بدات لە جیاتی خۆی و دیلەكانی تر تا ئازاد بن . پاش چۆڵ كردنی میسر لە فەرەنسیەكان كۆمەڵەی { مەمالیك } تاوانێكی جەرگبڕی گەورەیان ئە نجامدا . مەلیك تورانیان كوشت .**

**هۆكاری كوشتنەكەی : زۆر هۆكار هەبوو بو لەناوبردنی لەوانە تێكەلاوی خەڵك نەدەبوو ، سوكایەتی پێ دەكردن و مەی خۆر بوو ، كەسەرخۆش دەبوو كۆمەڵێ مۆمی پێ دەكرد بە شیر سەری مۆمەكانی دەپەڕاند و دەی گوت بەم شێوەیە سەری مەمالیكەكانم پەڕاند ، دەستی بەسەر مەمالیكی دەریایی داگرتبوو سوكایەتی پێ دەكردن ، بەڵێنی دابوو بە سەركردەی مەمالیكەكان بیانكاتە سەركردەی سوپا بەلام بەڵێنەكەی جێ بەجێ نەكرد ، لەگەڵ**

ئامادەكردنی مامۆستا ئەمیر حسن عمر

زڕدایکی کێشەی هەبوو کاتێ کە دەستی گەیشتە دەسەلآت هەڕەشەی لێکرد ئەگەر هەموو موڵك و ماڵ و زێڕو زیوەکەی نەگەڕێنێتەوە بۆی دەی کوژێت. لەبەر ئەوە ئەویش پاڵی دا بەلای مەمالیکەکان . کە کاتی کوشتنی هات مەمالیکەکان داوەتیان کرد لەسەر فەرشی سور لە برورجی دار لە شاری {فارسکورشارێکە لە پارێزگای دمیاطی ئێستا کەدانیشت هێرشیان کردەسەری و شیرەکیان لە دەستی دا چەند پە نجەیەکی بڕی پاشان هەلآت بۆ سەر بورجەکە هاواری کرد کێ کوشتمی ؟ پێ یان گوت {الحشیشیه} ناوالله کەس نەی کوشتم تەنها مەمالیکی دەریایی نەبێ ،سوێندی خوارد کەهەموویان لەناو ببات ئەوجا مەمالیکەکان بەیەکتریان گوت بیکوژن لە دوایی تەفروتوناتان دەکات، بۆیە چەندکەسێك بەدووی کەوتن لە ناوبورجەکە چوە سەرەوە ئەوان لە خوارەوە ئاگریان تێ بەردا ،بە تیروکەوان تیربارانیان کرد ئەو خۆی هاویشتە ناو دەریا و هاواری کرد هیچم ناوێ تەنها لێم گەڕێن بەلآم کەس وەلآمی نەداوە پارچە پارچەیان کرد لە قەراغی دەریا تا سێ ڕۆژ کەس نەیتوانی بینێژێ ، تاوەکو مەمالیکەکان تکای نوێنەری خەلیفەی عەباسیان قبوڵکرد

لە قەراغ دەریا ناشتیان ، پاش کوشتنی توران شا { سجره در } خێزانی باوکی صالح نجم دین ئەیوبیان دامەزراند لەسەر تەختی میسر ووتاری ڕۆژی هەینیان بە ناوی ئەو دادەنا لەسەر میمبەرەکان سکەی پارەیان بەناوی ئەو لێدا . بەلآم نەوەکانیان هەڵسان بە دانانی { عزدین بگ }{بەسەرۆکی مەمالیکی دەریایی }سەرکردەی گشتی سوپا ،نەوەکانی تر نەیانتوانی زۆر بمیننەوە لە سەر تەختی میسر ، بە هۆی بەربەرەکانی توندی میرو سەرکردەکان ، هەتا بەگشتی گەل ،زۆر سوربون لەسەر ئەوەی بنەماڵەی ئەیوبی کە جیهانی ئیسلامی یەك خست بەڕێوەی ببەن ، کە لە ڕۆژهەلآتی ئیسلامی بەهەموو هێزو توانا و سامان و موڵکیانەوە میسرڕوویەڕوی دوژمن بونەوە .کە خاچ پەرستەکان بوون کە دەیانویست ولآتانی ئیسلامی داگیر بکەن ، لە کۆتایی کارەکە { ملك ئەشرف موسی } کوڕی کچی ملك کامل برازای ئەمیر ئەیووبی لەیەمەن لە جێگا نەوەکانی {در}دامەزراند . ئەمە لە ساڵی ٦٤٨ ی کۆچی = ٥ ی أغسطس ١٢٥٠ زاینی ، بەلآم بەگشتی کاروبار لەدەست سەرکردەی گشتی سوپای ممالیك

{ عزەدین بگ تورکمانی } بوو. لەساڵی ٦٥٣ ی کۆچی = ١٢٥٤ ی زاینی عزدین بەگ سەربەخۆی میسری ڕاگەیاند سەربەخۆیی تەواو ، ملك ئەشرفی لابرد لە دەسەلآت ناردیەوە لای خزمەکانی لەیەمەن ، بە شێوەیە دەسەلآتی ئەیوبی کەوتە دەست نەوەکانی ممالیك.

توران شا کوژرا لە ساڵی ٦٤٨ کۆچی =١٢٥٠ ی زاینی ئەمە دوا بزماربوو لە لە دەسەلآتی ئەیووبی کوردی لە میسر کە ٨١ ساڵ حوکمی کرد . ئەمە مانای ئەوە نیە کە دەوڵەتی ئەیووبی نەما کوردیش لە میسر نەما یان دەرکران بۆیە هەندێ ڕوون کردنەوە لەم مبارەیەوە پیشان دەدەین .

١ – كە تەمەنی دەوڵەتی ئەیوبی نزیكە هەشتا ساڵێك دەبوو ،زۆرینەی پاڵپشتی سەربازی و سەربازو ئەفسەرو سەركردە دەوڵەتی ئەیووبی كورد بوون ، ئەم ماوەیە نزیكەی سێ نەوە بوون ،نەوەی كوردی بەرێوەی دەبردن ونەمان بیست هیچ جولانەوەیەكی دژبە دەسەلأتی ئەیووبی . نەمان بیست هیچ دیاردەی گەڕانەوەی كوردەكان دوای شەڕكردن و خزمەتیان لە میسر بەڵكو صەلاحەدین وەك پاداشت هەریەكەو پارچە زەویەكی پێ دەدان بۆ بەتەمەنەكان و ئەوانەی بریندار ببون لەشەڕكە بۆ خۆیان كشتوكاڵی لە ناو بكەن و خۆیان پێ بژێینن ، ئەمەش مانای ئەوەیە كە خێزان و بنەماڵەی كورد لە هەموو پارێزگاكانی میسر بلأبوەتەوە ، هەروەها زۆر شوێن بە ناوی كوردی ناونراون ،بەهۆی ڕێژەی زۆری كورد تێدا ، ئەمە ڕوون دەكەینەوە لە بەشی كۆتایی پەڕتوكەكە.


٢ – بونی كورد لە میسر تەنها لە بواری سەربازی نەبوو ، پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی ڕیگا كراوە بۆ بازرگانە كوردەكان و خاوەن بەرژەوەندی گەورە كەبەرەو میسر بێن ، ئەوانەی حەزیان لەوێ بوو بە خۆو خێزانیانەوە هاتنە میسر، ئاوێتە بوون لە میسر بە هۆی ژن و ژن خوازی ,

٣ –قاهیرە وای لێهات ببێت ڕووگەی دامەزراوەی زانستی{ئەزهەری شەریف} چەندەها خوێندكارو زانای كورد ڕوویان تێكرد، بۆ بەدەست هێنانی زانست و زانیاری ، بەتایبەتی لەسەردەمی مەمالیكەكان ،كەزۆر مێژونوسی نوێ لەسەردەمی زێڕینی ئەزهەری پێ گەیاند لە میسر چونكە سوڵتانەكان زۆر گرنگیان بە زانست و زانیاری دەدا شوێنیان بۆ دابین دەكرد بۆ خوێندن.

كەواتە لە ناو چونی دەوڵەتی ئەیووبی مانای لەناو چونی كوردنیە لە میسر، بەلأم لە دوایی ڕوونی دەكەینەوە كە كۆچی كوردان بۆ میسر ڕانەوەستا . ڕاستە كەم بوەوە بە بەراورد كردنی سەردەمی ئەیووبی بەلأم تەواو نەبوو ،بەلأم هەندی كاروباری هانی دەدان بۆ كۆچ وەك : باری خراپی ڕامیاری و ئابوری ناوچە كوردیەكان بەهۆی مل ملانی و شەڕەكان وای دەكرد كۆچ بكەن بۆ شوێنێكی ئارام. بەرەو میسر ولأتانی تر دەهاتن . بەتایبەتی كە زانیان بارەكە جێگیرە ژیان پارێزراوە لەم ناوچانە ، كەسایەتی میسری بەسینگێكی فراوانەوە پێشوازی لە خەڵك دەكرد ئەوەی بۆ میسر بهاتبایە . بەجێ یان نەدەهێشت تێكەلأوی ژیانی ئەوێ دەبوو .بەگوێرەی ووتەكانی بیرمەند دكتۆر { جمال حمدان } لە ئینسایكلۆپیدیای دەڵێ میسر شوێنی ناوەندی جوغرافیاو ڕەگەزەكانی هەیە لە مابەینی كیشوەرەكانی جیهانی كۆن بۆیە بۆتە ئەم شوێنەی هەموو جیهان چاوی لەسەربێ. ئەم هۆكارانە وای كردوە كە كەسانی كورد لایان سەیرنەبێ میسر بە خەڵك و خاكەكەی بۆیان گونجاوە .

## حەوتەم : شوێنەواری کوردە ئەیوبیەکان لە میسر:


بیری صەلاحەدین یوسف ناسراو بە {بیری یوسف} . سوڵتان {ناصر صەلاحەدین یوسف کوڕی ئەیوب} ساڵی ٥٧٢ ی کۆچی تا ٥٨٩ ی کۆچی = ١١٧٦ ی زاینی تا ١١٩٣ زاینی دروستی کردوە ، دەکەوێتە ناوچەی قەلاَ پشت مزگەوتی {ناصر محمد کوڕی قلاوون} لە قەلاَی چیا .




**قوتا بخانه کاملیه :** سوڵتان { کامل محمد کوڕی عادل} دروستی کرد .له ساڵی ٦٢٢ ی کۆچی = ١٢٢٥ ی زاینی ،دەکەوێتە شەقامی {المعزلدین الله } لە گەڕەکی جمالیە لە قاهیرە.بەلاّم زۆربەی بەشەکانی داخورابوون کە سوڵتان کامل دروستی کردبوو ، میر حسن لە سەردەمی عوسمانیەکان هەڵسا بەنۆژەن کردنەوەی ، ڕووبەرێکی دیاری کرد بۆ نوێژکردن لەلای ڕۆژهەلاّت ڕووێکی بەرزی هەبوو . ئەم خوێندگایە دوو ڕووی هەبوو یەکەم لە باکوری ڕۆژئاوا دووەم لە باشوری ڕۆژهەلاّت ، لە مابەینی هەردوکیان منارەیەکی گەورە هەبوو بەلاّم داڕما بوو شوێنەواری کەم دیار بوو تەنها لەلای ڕۆژئاواوە دەبینرا .




**دەرگای قورافە :** سوڵتان ناصر صەلاحەدین یوسف ئەیوبی دروستی کردبوو ،لەساڵانی ٥٦٦ تا ٥٧٢ ی کۆچی = ١١٧٠ تا ١١٧٦ ی زاینی ،دەکەوێتە شەقامی صلاح سالم لە لای ڕاستی دەرگای قاتیبای خاتوو عائشە .



**قوبەی ئیمام شافیعی:** سوڵتان کامل محمد کوڕی عادل دروستی کرد لە ساڵی ٦٠٨ ی کۆچی = ١٢١١ ی زاینی لە شەقامی ئیمامی شافیعی لە گۆڕەپانی ئیمامی شافیعی / گۆڕستانی بچوک لە ناوچەی میسری کۆن و فسطاط



**خوێندنگای صالح نجم دین ئەیووب :**_ سوڵتان صالح نجم دین ئەیوبی دروستی کردوە لە ساڵانی ٦٤١ تا ٦٤٧ ی کۆچی = ١٢٤٣ تا ١٢٤٩ ی زاینی دەکەوێتە شەقامی معزدین الله لە جمالیە لە باکوری قاهرە ، یەکەم باڵەخانە بوە بۆ خوێندنی شەرعی چوار پەیڕەوەکە .




**خوێندنگای صەلاحیە :**

سوڵتان ناصر صەلاحەدین دروستی کردوە لە ساڵی ٥٨٧ ی کۆچی = ١١٩١ ی زاینی ، دەکەوێتە تەنیشت گۆڕی ئیمام شافیعی لە قرافە .


**خوێندنگای گەنمەکە :**__ سوڵتان صەلاحەدین دروستی کرد لە ساڵی ٥٦٦ ی کۆچی = ١١٧٠ ی زاینی دەکەوێتە تەنیشت مزگەوتی کۆن { مزگەوتی عومەری کوڕی عاص } ئەم قوتابخانەیە تایبەت کرا بە هاوڕێیانی پەیڕەوی مالکی .

**گومبەزی جێ نشینەکانە عەباسی :_** شەجەردر دروستی کردوە لە ساڵی ٦٤٠ کۆچی = ١٢٤٢ ی زاینی دەکەوێتە باشووری قاهیرە پشت دیمەنی خاتوو نفیسە .




**خوێندنگای ناصریە :_** سوڵتان ناصر صەلاحەدین لە ساڵی ٥٦٦ ی کۆچی = ١١٧٠ ی زاینی دروستی کردوە ، دەکەوێتە شوێنی بەندیخانەی معونە – تەنیشت مزگەوتی { مزگەوتی عومەری کوڕی عاص } وە ئەم خوێندنگایە تایبەت کرا بۆ پەیڕەوانی ئیمامی شافیعی .


**قەڵاتی چیا : ناسراوە بە قەڵاتی صەلاحەدین    دروستکرا لە سەر دەستی صەلاحەدین لە ساڵی ٥٧٢ تا ٦٠٤ ی کۆچی   = ١١٧٦ تا ١٢٠٧ ی زاینی وە دەکەوێتە ناوچەی گەڕەکی قەلا لە قاهیرە**



## خانەقای سعید سعداء و گەرماوی سعید سعداء

**ئەم خانەقایە دەکەوێتە شەقامی جمالیە دراوسێ ی قوتابخانەی جمالیە ، ئەم خانەقایە لە سەرەتاوە خانوی بنەماڵەی چەند کەسێك بوو لە چەرخی فاطمي , کە صەلاحەدین فەرمانی کرد بە ڕادەست کردنی خانوی صوفیەکان لەسەر صوفیە هەژارەکان وەقفی کرد . لە هەموو شوێنە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامی .**





**{ عزیز عوسمان کوڕی صەلاحەدین } نوێ ی کردەوە ساڵی ٥٣٩ ی کۆچی = ١١٩٦ ی زاینی دووبارە بە چەند جۆرێك وەقفی کردەوە ، وەك جێگرەوە بۆ شاری {دسوق} دای مەزراند وەك وەقفی خانوی دڵخۆشەکان و پارێزگاری قاهیرە.شێوەی ڕووخساری ئەم خانەقایە گۆڕا لە سەردەمی { ئەشرف قایتبای } کە منارەیەکی دروست کرد چوار پایەی هەبوو .هاوستون بوون وە پایەی باشوری لە هەموان گرنکتر بوو ، دابەش کرابوو بۆ سێ تاق ، بە درێژی منارەکە کە بۆ ماوەی پێنج سەدە خۆی ڕاگرت لەسەر چوار سەکۆی بەردین ، شوێنی ڕووگەی نوێژکردن لەبەر دەم ئەم پایە بوو**

# بەشی چوارەم

- کورد لە میسر لە سەردەمی مەمالیکەکان
- یەکەم : کورتەیەك لە مێژوی دەوڵەتی مەمالیك لە میسر
- دووەم : بارو دۆخی کورد لەسەردەمی مەمالیکەکان لە میسر
- سێیەم : کارو فەرمانی سەرکردەو لێپرسراوی کورد لە سەردەمی مەمالیکەکان
- چوارەم : رواق کوردەکان لە ئەزهەری پیرۆز

ووەرگێرانی مامۆستا مشیر حسن عمر

## • یەکەم : کورتەیەك لە مێژوی دەوڵەتی مەمالیك لە میسر

**لە سەرەتاوە دەمانەوێ بزانین مەمالیکەکان کێن ؟**

**مەمالیك زنجیرەیەکی مرۆیی بوون لە سەربازی میسرو شام و عێراق و بەشێك لە دوورگەی عەرەبیان بەڕێوە بردوە . دەسەلأتیان دوو سەدە و نیو بەردەوام بوو بەدیاری کراوی ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی =١٥١٧ ی زاینی .قاهیرەیان کردە پایتەختی خۆیان وە حوکمی میسریان کردوە لە دوو کاتی جیاواز :**

**١ - مەمالیکی دەریایی تورکەکان ١٢٥٠ ی کۆچی = ١٣٧٢ ی زاینی**

**٢ – مەمالیکی تاوەری قەفقازی ١٣٧٢ ی کۆچی = ١٥١٧ ی زاینی**

**پاشا بەناوبانگەکانی دەوڵەتی مەمالیکی تورکی ئەمانەن : {عزدین أيبك } {قطز } { ضاهر بيبرس}**

**{منصور قلاون } { ناصر محمد کوڕی قلاون}**

**پاشا بەناو بانگەکانی مەمالیکی قەوقازی ئەمانەن : {سوڵتان برقوق}و {کوڕەکەی فرج }و {ئینال}و { ئەشرەف سيف دين برسبای } و { قنصوە غوری } و { طومای بای }**

**بەم شێوەیە و تا ئێستا میسر هەمووڵایەکی لە باوەش گرتووە ، هەرکەسێك ڕووی لە میسر کردبێت لەناو دڵی میسری تواوەتەوە بووە بە میسری ڕەسەن . جیاوازی ئەم و ئەو نەکراوە بە هۆی ڕەگەزو ڕەگەز پەرستی،وەك بڵێ ڕەسەنە یان نا ، میسر مەمالیکیشی لە باوەش گرتوە ، لە میسر ژیاون و حوکمڕانیان کردوە ، لەگەڵ ئەوانیش خەڵکی وڵاتانی تریش ژیاون .وەك عەرەب و فارس وتورك و کورد و قەفقازی و تورکمانیش ،لە ژێر یەك ئاڵا ئەویش ئاڵای میسری دایکە.**

## ڕەچەڵەکی مەمالیك :

سەرەتا ناوی مەمالیك لە ناوی بەندەی سپی هاتوە کە لە شەڕ بەدیل گیراون . لە بازاڕ فرۆشراون ،ئەم ناوە لە مەلیکی بەندەی میسر هاتوە ، ئەگەر بمانەوێ بنچینەی مەمالیك بزانین دوو ڕامان لە بەردەستە : یەکەم دەڵێ مەمالیکەکان لە میسر لە ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفەی فاطمی {العزیز بالله } بە دەرکەوتن .

مەمالیکەکان لەلایەن سوڵتان {صالح نجم دین ئەیوبی کوردی }لە قەفقاس و ئاسیای بچوك هێنراون بۆ میسر ،بە پێ ی ئەم ڕایە بنچینەی مەمالیکەکان تورك و ڕۆم و ئەوروپی و قەفقازین ، کەئەیوبیەکان هێناویانن بۆ ئەوی سودیان لێ ببینن .

بەلام سوڵتانەکانی مەمالیکی دەریایی شەجەرە دریان تورکی و ئەرمەنیە ساڵی ١٢٥٠ ی زاینی ، بە صالح زێندین حاجی ی زاینی ١٣٨٢ کۆتایی دێ . دوای ئەو دەوڵەتی مەمالیکی قەفقازی دەست پێ دەکات بەسەرکردایەتی {الظاهر برقوق}١٣٨٢ ی زاینی وە کۆتایی دێ بە {العادل طومان بای }١٥١٧ ی زاینی .

## دووەم بارو دۆخی کورد لە میسر لە سەردەمی مەمالیکەکان :

لای هەموان ڕوونە کە ئەیوبیە کوردەکان هەموو جومگەیەکی ژیانی ڕامیاری و کارگێڕی و شەڕو ئاوەدان کردنەوە و ڕۆشنبیری بەدەستەوە بووە لە بەشی پێشوو باسمان کردوە چۆن بارو دۆخ ڕێگەی پێداون بێن میسر و نیشتەجێبن

نەمانی دەوڵەتی ئەیوبی مانای سڕینەوەی کورد نیە لە میسر بەڵکو بە پێچەوانەوە مەمالیکەکان کوردەکان بە مامۆستای خۆیان دەزانن ،سود لە زانست و مەشقەکانیان وەردەگرن .زۆر سورن لەسەر مانەوەی کوردەکان لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵی میسری .

ئەگەر بمانەوێ باسی هەبونی کورد بکەین لە چاخی مەمالیك ،زۆر زاناو سەرکردەیان تیایە کەمەمالیك پشتی پێ دەبەستن لە سوپاو کارگێڕی . وە لە وانە { عومەر کوڕی خلیل کوردی } بەگوێرەی مانەوەی زۆری کورد لە میسر دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی ژیانی میسری . تەواو کردنی بەردەوامی شارستانی ، زۆر ژن و ژنخوازی ڕووی دا لە نێوان میسریەکان و کوردەکان ، زۆر نەوەیان بە جێ هێشتیە کە باسی باپیرانیان دەکەن چۆن خزمەتی میسریان کردوە .

## بەناوبانگترین کوردەکان لە میسر لە سەردەمی مەمالیک:

١ – ئیبراهیم ئەمەدی : ئەو فخرەدین ئیبراهیم کوڕی ئیسحاق کوڕی یەحیای کوڕی ئیسحاقی ئەمەدیە .و دیمەشقیە ، لە ساڵی ٦٩٥ ی کۆچی لە دایك بووە ،لە ئەسکەندریە وانەی خوێندوە . زانایەکی زۆر بەرز بووە ,لە ساڵی ٧٧٧ ی کۆچی گیانی سپاردوە .

٢ – ئیبراهیم شێخ ئیبراهیم : ئەو محمد کوڕی عەمادی بووە ،نازناوی { برهان دین کوڕی کبائی دیمشقی }بوو لە دیمەشق لە دایك بوە لە ١٥ ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٩٥٤ ی کۆچی پاشان هاتۆتە میسر وە زانست لە زاناگەورەکان فێر بووە لە ساڵی ١٠٠٨ ی کۆچی گیانی سپاردوە .

٣ – باوکی فداء : ئەو مەلیك مؤید ئیسماعیل کوڕی علی ئیمام و زانا سوڵتان عماد دین باوکی فداء کوڕی ئەفضل کوڕی منصور خاوەنی پارێزراوان – کەواتە ئەو لە بنەماڵەی ئەیوبی کوردیە .خاوەنی پەرتوکی مێژوو و مێژوونوسەکانی ئیسلام باسیان کردوە .

دەڵێن کە خاوەنی زیرەکیەکی لە ڕادەبەدەر بووە ،وە خاوەنی زانستێکی زۆر بوە ، پاڵەوانی شەڕەکان بووە ، ئەوەی {شاهەنشا} بوو ، لە ساڵی ٦٧٢ ی کۆچی باوکی فداء لە شام لە دایك بووە خوێندویەتی ، وانەی شەڕی لە سوریا خوێند بوو، لەم کاتە تەمەنی ١٢ ساڵ تێ پەڕ نەکردبوو ،بەم شێوەیە باوکی فداء بچوکترین پاڵەوان بوو ، ئەوە تایبە تمەندی کوردان بوو ، حاکمی میسرو سوریا { ملك ناصر} پۆستی میری پارێزراوانی پێ بەخشی ، پاش ئەوەی پۆستەکەی وەرگرت یەکسەر چوە قاهرە لە میسر بۆ سوپاسکردنی مەلیك ئەویش پێشوازی گەرمی لێ کردبە شێوەیەکی جوان . نازناوی {ملك صاڵح }ی پێ بەخشی ، گەڕاوە میسر بۆ جاری دووەم ساڵی ٧١٩ ی کۆچی لە ٢٧ ی محرمی ساڵی ٧٢٣ی کۆچی = ١٢٣١ ی زاینی کۆچی دوایی کرد . ناوی شەقامێکی قەڵەبالغی گەڕەکی زەمالکیان بەناو کرد لە قاهیرە زۆربەی شەقامەکان بەناوی بنەماڵەی ئەیوبیەکانە وەك : شەقامی صەلاحەدینی ئەیوبی ،صاڵح نجم ئەیوبی و کامل محمد .

٤ – ئەحمد حریری : کوڕی ئیسماعیلی کوری عبداللە کوڕی شهاب طبیبە ، کاری پزیشکی کردوە خوڕەوشتی زۆر جوان بووە خزمی الظاهر برقوق بوە کە فەرمانڕەوای میسر بوە لە سەردەمی مەمالیك . زۆر پۆستی گەورەی وەرگرتوە لە میسر تا لە ١٥ ی ذي القعدة ساڵی ٨٠٩ ی کۆچی کۆچی دوایی کردوە.

٥ – ئەحمەد کوردی : کوڕی ئەحمەدە لە نەوەی دریاس فەخرەدین باوکی ئیسحاق مازانی کوردی قاهیرەیە .زۆر پەرتوکی هەیە لەوانە {تعليق التعليق } { قراءة الكمال } کاری دادوەری میسری کردوە پاش باپیری ، لە ساڵی ٨١٧ کۆچی کۆچی دوایی کردوە .

٦ – حسين الخلاطي :ئەو کوڕی یوسف کوڕی علي بوو ،زانایەکی بەناو بانگ بوو ،لە ساڵی ٨٩٥ ی کۆچی لە دایك بوە ،زۆر وانەی زانستی خوێندوە ، پاشان دەستی کردوە بە وانە وتنەوە و دادوەری لە دوورگەی ئبن عومەر لە کوردستانی تورکیا .

دوایی گواستراوە بۆ قاهیرە، زۆر لەوێ ژیا ، پاشان دەرچو بۆ سەفەری حەج بەرەو مەکە بەڵام لە ڕێگا گیانی سپارد لە ساڵی ٨٥٨ ی کۆچی گەورەترین زانای سەردەمی خۆی بوو.

٧ – میر حسێن کوردی : لە سوپای میسر سەردەمی مەمالیك سەرکردە بوو ،لە ساڵی ٩٢١ ی کۆچی ڕۆیشتە یەمەن ، شاری {جدە}ەی کردە بنکەی سوپاکەی و بنکەکانی بە هێز و دامەزراو کرد . پاشان گەڕاوە میسر ، پاش لەناو بردنی دەوڵەتی ممالیك {سوڵتان سەلیمی یەکەم } شریفی مکە فەرمانی کرد بە کوشتنی حسین کوردی ، بە کتوپڕی گرتیان و بەستیانەوە لە دەریا بەرامبەر جدە نقومیان کرد .

٨ – شێخ خضر کوردی : کوڕی ئەبوبەکری کوڕی موسا زۆر شکۆو ڕێزی هەبوو ، تەنانەت مەلیك الظاهر بیبرس زۆر ڕێزی دەگرت و لە خۆی نزیك دەکردەوە.بەڵام لە کۆتایی ژیانی گۆڕانکاری بەسەر ئەم ڕێزو خۆشەویستیە دا هات ،لە میسر بەندی کرد وە لە بەندیخانە گیانی دەرچوو لە ساڵی ٦٧٦ ی کۆچی ، لە میسر شوێنەواری زۆرە و{چاکە خواز}بوو.

٩ – شەریف کوردی : ناوی علی کوڕی محمود بوو ، لە ساڵی ٨١١ی کۆچی لە حەلەب لە دایك بوە ، پاشان تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی چۆتە میسر،کاری شێخایەتی تصوفی شیعەی دەکرد لە مزگەوتی ئەزهەری پیرۆز ، یەکێك بوو لە نزیکەکانی سوڵتان ئەشرەف قایتبیای بوو ،بوو بە لێپرسراوی حەلەب زۆر لەوێ ماوە پاشان گەڕاوە قاهیرە و لە وێ کۆچی دوایی کرد .

١٠ – عەبد ڕەحیم کوڕی صەدەقە کوڕی ئەیوب : ئەو ناوی {الزین کوڕی فتح کوڕی شەرەفە}لە میسرلە ڕەچەڵکدا کوردە لە قاهیرە لە دایك بووە لە میسر ساڵی ٨٤٤ ی کۆچی .لەوێ خوێندنی تەواو کردوە هەر لەوێش وانەی گوتوتەوە .

١١ – شێخ عەبدوقادر کوردی : کوڕی شێخ یوسفی کوردی حەلەبی شافعیە ، وانەی زانستی شەرعی لە شێخ عوسمان کوردی وەرگرتوە چۆتە قاهیرە و لەوێ ماوەتەوە زانایەکی زۆر گەورە بووە وە لە میسر کۆچی دوایی کردوە ساڵی ٨٩٦ ی کۆچی .

١٢ – عومەر کوڕی خلیل کوردی : ئەو کات قاهیر شافیعی . پێ یان دەگووت کوڕی {المشطوب } چونکە دەم و چاوی باوکی شطبەکی یان خەتەکی تێدا بوو ،لە ساڵی ٨٠٠ ی کۆچی لە قاهیرە لە دایك بووە . لەوێ خوێندنی تەواو کردوە هەر لە وێش وانەی گوتۆتەوە . لە میسر گیانی سپارد لە ساڵی ٨٨٨ ی کۆچی .

١٣ – یوسفی هەزبانی میسری ناسراو بە میر جمال دین : یەکێك بوو لە ئەمیرەکانی کورد لە میسر.وەلە میسر لە دایك بوە لە ساڵی ٧٠٤ ی کۆچی . ئەمیر بووە لە سەردەمی سوڵتان {ناصر کوڕی محمد کوڕی قلاوون مملوکی} وە جێگری ئەو بوو لە قلعە .

١٤ – ئەسماء : کچی احمد کوڕی ئەحمدی کوڕی حسینی هەکاری بووە .لە میسر بووە لە ساڵی ٧١٥ ی کۆچی زانستی فەرموده فێر بووە ، زۆر فەرمودەی باس کردوە بەناوبانگ بوە زۆر کەس گوێ ی لە فەرمودەکان گرتوە یەك لە وانە باوکی حامد کوڕی ظهیرة ساڵی ٧٧٠ ی کۆچی .

## سێیەم : ئەم پۆستانەی سەرکردە کوردەکان هەیانبوو لە سەردەمی ممالیك :

أ - جێگری سوڵتان :

ئەم پۆستە ڕێگە پێدراوە هەموو کارێك بکات کە سوڵتان دەیکات .هەڵ دەستێ بە ڕاگەیاندنی خوو نەریت وە واژۆ کردن و بلاوکردنەوە لە سەردەمی مەمالیکەکان , زۆر لە کوردەکان ئەم پۆستەیان هەبووە وەك :

١ – ئەمیر ناصردین کوڕی حوسێن کوڕی عزیز مانگی کوردی : پۆستی وەرگرت لە ٦٦٥ ی کۆچی = ١٢٦٦ ی زاینی پۆستی جێگری سوڵتانی وەرگرت لە ئازاد کردنی کەناراوەکان ساڵی ٦٦١ی کۆچی = ١٢٦٢ ی زاینی .

بەلام بۆ ساڵی ئاینده دوور خرایەوە لە پۆستەکەی لە جیاتی ئەو {مری شهاب دین قمری }یان دانا پاش مردنی لە کۆتایی ساڵی 622ی کۆچی = ١٢٦٣ ی زاینی بەفەرمانی ناصردین گەڕاندیانەوە شوێنی خۆی بۆ جێگری غەزە وە لەم شوێنە مایەوە تا مردنی ساڵی 665ی کۆچی = ١٢٦٦ ی زاینی . وە لە کارە گرنگەکانی پاراستنی ئەم ناوچەیە بوو لە هێرشی خاچ پەرستان ؟

٢ – ئەمیری شەرەف دین موسی کوڕی ئەزگشی کوردی : جێگری دووەم لە میسر ٧٦٢ ی کۆچی = ١٣٦٠ ی زاینی ئەوەش پاش دەرچونی جێگری سوڵتان لە میسر بۆ{ الصعيد}وە لەم پۆستانەی کە کاری تیا کردوە بویتە جێگر لە ئەسکەندەریە ساڵی 744ی کۆچی = ١٣٧٢ ی زاینی . کۆچی دوایی کرد لە ٧٦٢ ی کۆچی = ١٣٦٠ زاینی .

ب – وولایەتی قاهیرە : ئەم پۆستە خاوەنەکەی دەسەڵاتی تەواوی هەیە لە هەموو کاروبارێك لە قاهیرە و دەورو پشتی بەرامبەرە بە کاری پارێزگاری ئەمڕۆ . وە یەك لە پۆستە بالاكانی دەوڵەتی مەمالیکە ، وە خاوەنەکەی شوێنی بەرزی هەیە لە شارەکە،وە هەمیشە دەبێتە ئەمیری طەبلخانە ، ئەم کوردانەی ئەم پۆستەیان وەرگرتوە

١ – ئەمیری علائەدین کوڕی حسن مروانی کوردیە : لە بەرواری بەڕێوەبردنی شاری قاهیرە لە ٧٣٥ ی کۆچی = ١٣٣٤ ی زاینی پێ سپێرا،وە لە کارە گرنگەکانی ڕووخانی تاقی شێر وە نۆژەن کردنەوەی لە نوێ. کۆچی دوایی کرد لە٧٤٠ ی کۆچی = ١٣٣٩ ی زاینی .

٢ – سەیفەدین ئەبو بکر باپیری کوردی هاتە میسر ساڵی ٧٤٠ ی کۆچی = ١٣٤٥ ی زاینی ، وە لە ساڵی هاتنی دامەزرا بە لێپرسراوی قاهرە .

٣ – ئەمیری نجم دین ئەیوب کوردی : وەك والی میسر دامەزرا لە ساڵی ٧٤٠ ی کۆچی = ١٣٣٩ ی زاینی . وە کاتێ دوور خراوە لە کارەکەی دووبارە گەڕاندیانەوە سەر کارەکەی بە هۆی خۆشەویستی پاڵە پەستۆی خەڵك چونکە زۆر کاری گەورەی کردبوو .کۆچی دوایی کرد لە ( ٧٤٦ ی کۆچی =١٣٤٥ی زاینی . )

٤ – ئەمیر علائەدین علی محمود کوڕی ممدود کوڕانی کوردی بە مقریزی بانگ دەکرێ لە باشەکانی سەرپەرشتانی قاهیرەیە ،لێپرسراوی قاهیرە بوە لە ساڵی ٧٤٩ ی کۆچی = ١٣٤٨ ی زاینی باس کردنی کارەگرنکەکانی حوکمی شەرعی لەسەر ٤٠ بەندکراو جێ بە جێ کردوە .

٥ – ئەمیری حسام دین کوڕی حوسێن عەلائە دین علی محمود کوڕی ممدود کوڕانی کوردی پۆستی سەرپەشتیاری قاهیرەی وەرگرتوە لە ساڵی ٧٧٨ ی کۆچی = ١٣٦٥ ی زاینی لەکارەکانی لە ماوەی پۆستەکەی لابردنی توندو تیژی لە میسر لەسەر دادگەری ئەو زۆر بە ئاسایش ژیاوە لە ساڵی ٧٧٩ ی کۆچی = ١٣٧٧ ی زاینی و زاڵ بوون بەسەر هەندێ تاوانبارو گێرە شێوێن کە سەرچاوەی ئاژاوەو تیرۆری خەڵك بوون.

## ت : ویلایەتی هەرێمەکانی میسر بەگشتی

**زۆر له كوردەكان لێپرسراوی ویلایەتیان وەرگرتووە لە میسر وەك قلیوب ،و البحریه هی تریش لە وانەش:**

**١ - ئەمیری شەهابە دین قەرەتای جاكی كوردی لێپرسراوی ویلایەتی قلیوبی وەرگرتوە .**

**٢ - ئەمیری عماد دین كوڕی باخەڵی كوردی لێپرسراوی ویلایەتی دەریاچەی وەرگرتوە.**

**٣ - ئەمیری سولیمان كوردی یەكەم كەس بوو لێپرسراوی ویلایەتی قرافەی وەرگرت لە سەردەمی مەمالیكەكان . لە ساڵی ٧٨٦ ی كۆچی = ١٣٨٤ ی زاینی قرافە بوە ویلایەتێكی سەربە خۆ لە ویلایەتەكانی میسر سولەیمان كوردی بوە لێپرسراو وە یەك لە دە لێپرسراوەكان .**


**٤ - ئەمیری محمد كوڕی هەزبانی كوردی لێپرسراوی ویلایەتی بەهنسا لە ساڵی ٧٩٠ ی كۆچی ١٣٨٨ ی زاینی**

**. پ – ئەستاندار زاراوەیەكە لە دوو ووشە پێك هاتوە ( استان ، دار ) یان گەورەی سەر پەرشتیاری ماڵ ، وە خاوەنی ئەم پۆستە لە سەردەمی مەمالیكەكان كاری ماڵی سوڵتانەكان و چێشتخانەو شەراب خانەكان و غولامەكانی دەكرد بەسەرپەرشتی سوڵتان لە گەشتەكان ، هەندێ دەسەڵاتی هەبوو لە سەردەمی سوڵتان الظاهر برقوق ڕێكخەری دەوڵەتی مەمالیكی قەفقازی ئەم پۆستە چەندەها كورد بەڕێوەی دەبرد.**

**١ - جمال دین كوڕی عەلائەدین سودانی ئوستاندار . كاری ئوستانداری كردوە بۆ ئەمیری سودون . ئوستانداری كردووە بۆ سوڵتان الظاهر برقوق ساڵی ٧٩٠ ی كۆچی = ١٣٨٨ ی زاینی پاشان بوە بە مشیری دەولە لە دیوانەكان باسی دەكات لە سوڵتانی**

**سێ یەم كە ئەمانەن --- دیوانی تاك باسی ئوستاندار دەكات --- دیوانی وەزارەت --- دیوانی تایبەت بە پێشبنی تایبەت . گەورەكردنی مجال دین جێ بەجێ كردنی هەموو فەرمانەكانی سوڵتان . وە بە بەندكراوی كۆچی دوایی كرد لە ساڵی ٧٩٩ ی كۆچی =١٣٩٦ ی زاینی لە ڕۆژەكانی سوڵتان فەرەج كوڕی برقوق.**

جەمالەدین باڵەخانەیەکی دروست کرد پێك هاتبوو لە قوتابخانەو مزگەوت ناونرا {قوتابخانەی کوردی} لە گەڕەکی خاتوو زەینەب ساڵی ٧٩٧ ی کۆچی = ١٣٩٥ ی زاینی لەسەردەمی سوڵتان فەرەج کوڕی برقوق ١٣٩٠ تا ١٤٠٥ ی زاینی . ئیستا مزگەوتەکە ماوە لە شەقامی خیامیە لقی لێبویتەوە بۆ شەقامی ئەمجد ماهر لە کۆڵانی سور ، لە دوای ئەو ناوچەی شوێنەواری باشوری قاهیرە دێ . ئەمیری وانەکانی ڕێك خستبو ناسرابوو بە خوێندنگای {حممودیە} کۆگایەکی پەڕتوکی کۆنی لێیە . کە تایبەت کرابوو بۆ خوێندنی پەیڕەوی حەنەفی و زانیاری ئاینی . ئەحمد کوڕی عە طار هەڵسا بە وتنەوەی زانستی پەیڕەوی حەنفی ئیبن حەجر عەسقەلانی ، لە مزگەوت گۆڕستانەکی لێ دروست کرا .



٢ - ئەمیری جمالەدین یوسف کوڕی خضر کوڕی صاروجای کوردی کاری ئوستانداری کردوە لە سەردەمی سوڵتان ناصر فەرەج کوڕی برقوق ٨٩٠ ی کۆچی = ١٤٠٦ ی زاینی پاشان هەمان فەرمانی وەر گرت لەسەردەمی سوڵتان مملوکی شیخ حممودی .

٣ - ئەمیری نەجمەدین ئەیوب کوردی : لەم پۆستەی کاری کردووە بۆ ئەمیری ئەکوز ناصری بەرواری ٧٣٨ ی کۆچی = ١٣٣٥ ی زاینی.

بەرتەسك كردنەوەی بوارەكان : ڕاژەیەكی سەربازیە یەك لە خانەدانەكانی سوڵتان لە ئەستۆی دەگرێت .

یاوەری وەزیر بووە كارەكەشی ئەستۆپاكی موڵك و ماڵی سوڵتانە زۆر لە وانەی ئەم كارەیان پێ سپێراوە كورد بوون لە سەردەمی مەملوكی لەوانەش :

١ - ئەمیر سیف دین باوكی ئیسحاق ئیبراهیم كوڕی عەلی كوری عەدلان كوردی هەمەدانی

{٦٥٣ ی كۆچی =١٢٥ای زاینی }

زۆر لە والیەكانی میسر ئەم پۆستانەی هەبوون .

ح – باڵوێزخانە : زۆر لە كەسایەتیە كوردەكان كاری باڵوێزیان كردوە لە ژمارەیەك دەوڵەتی ئیسلامی لە ماوەی سەردەمی مملوكی .ئەم پیاوانەیان هەڵ دەبژارد كە زانا و زیرەك و سەركەوتوبون لە كارەكانیان . كاری باڵوێز ناوبانگی باشی هەبوە كە چۆن هەڵسو كەوت دەكات لەگەڵ مەلیك و ئەمیرەكان لەم باڵوێزانەش ئەمانەن

١- ئەمیر شەرەفەدین جاكی كوردی : باڵوێزی سوڵتانی مەملوكی ظاهر بیربس بوو لەلایەن سەلجوقیەكان لە ڕۆم ساڵی 669ی كۆچی = ١٢٦١ ی زاینی .

٢ - ئەمری مبارزدین گوری كوردی : كاری بالوێزی كردوە لە سەردەمی سوڵتانی مملوكی ظاهر بیبرس لەلای پادشای مەغۆلەكان خان مغوی لە ئەبغا كوڕی هۆلاكۆ . ١٢٦٤ ی كۆچی = ١٢٨١ ی زاینی وە ئامانج لەم باڵوێزخانە مۆركردنی گرێبەست ئاشتی بوو لەگەڵ مەغۆلەكان.

ڕۆڵی كورد وەكو باڵوێز تەنها لە دەوڵەتی مەمالیك كورت ناكرێتەوە .بەڵكو بونە باڵوێزی شارەزا لەگەڵ چەند وڵاتێك كە پەیوەندیان هەبوو لە گەڵ مەمالیك هەڵسان بەكار كردن لەگەڵ ئەم قونسوڵخانانە بەگوێرەی پێویست .

١ - ئەمیری عەلائەدین ئەیدغدی شارەزووری كوردی كاری كردوە بۆ سوڵتانی مەغریب{ئەبو یعقوب یوسف المرینی}هاتۆتە میسر پێش هاتنی سوڵتانی مغریب بۆ لای سوڵتانی مەمالیك ناصر بن قالوون ساڵی ٧٠٤ ی كۆچی = ١٣٠٤ ی زاینی.

# چوارەم : ڕێڕەوی کوردەکان لە ئەزهەری شەریف

**. سەرەتا : چیرۆکی سەرەتای خوێندن لە ئەزهەر :**

هەر لە زووەوە دانشگای ئەزهەر هەتا ئیستاش سەرچاوەی زانست و زانیاری هۆشمەندی و گواستنەوە بووە .شوێنی تاودانی ئەسپی زانا و لێکۆڵەروەکان و چاکەخوازان بووە .مەبەستی زانایانی ولآتی ئیسلامی لە ڕۆژهەلآت تا ڕۆژئاوا بۆ بەراورد کردنی زانستەکانیان هەریەك لەوانە خۆی بە نوێ دەزانی لە بابەتەکان هەر خوێندکار لەم شوێنە دەبوونە زانا و دانا بەم شێوەیە کۆمەڵێکی زۆر دەرچوی هەموو بەشەکانی زانست پەیدابوون.

لەوەتەی مزگەوتی ئەزهەر دروست کراوە شوێنی ناوەندی زانستی بوە ، زانراوە دەوڵەتی فاطمی گرنگی بە پەیڕەوانی شیعە دەدات ، دەیویست بیری زانستی خۆی بسەپێنێ بەسەر هەموو خەڵکی میسر بەهەموو جۆرێك، بیرۆکەی بەستنی بازنەی زانستی هات بۆ ئەوەی هەموو خوێندکارەکان لەسەر پەیڕەوی شیعی پەروەردە بکەن هەتاکو بۆ ئەوەی داهاتوش کاریگەری هەبێ . فاطمیەکان بینیان بەم شێوەیە بۆیان ناچێتە سەر تاوەکو هەندێ زاناو خوێندکار دانەمەزرێنن . وەزیر سعدون کوڕی کلمس داوای لە خەلیفە عزیز باللە کوڕی المعز کرد ساڵی ٣٦٥– ٣٨٦ کۆچی = ٩٧٥– ٩٩٦ ی زاینی بە دیاری کردنی ئازووقە و موچە بۆ زاناکان و خوێندکاران بەشی پێویستیان . وەزیر خۆی بڕیارەکەی چەسپاند کە ژمارەیان ٣٥ کەس بوو ، خانوشیان بۆ دروست کردن بڕیاردرا هەموو ڕۆژێك دوای نوێژی عەسر دەست بکەن بە بازنەی زانستی . ئەگەر چی ئەم کارە وەلآمدانەوەیەکی باشی نەبوو لای خەڵك ، بەلآم بوو بە بناغەی دانشگای ئەزهەر کۆنترین دانشگا لە جیهان ،هەر لەسەرەتاوە زۆر چاودێری دەکرا زۆر گرنگی پێ دەدرا ژیانی خوێندکارەکانیان دابین دەکرد . بەلآم لەسەردەمی ئەیووبی پێشکەوتنی گەورەی بە خۆوە بینی بەتایبەتی لەسەردەمی سەرکردە صەلاحەدینی ئەیووبی یەکەم هەنگاوی ئەم سەرکردەیە هەڵوەشاندنەوەی پەیڕەوی شیعە بوو لە میسر بەگشتی . کارکردن لەسەر پەیڕەوی سوننە کە خەڵکی میسر زۆربەیان سوننەبوون .وە بوو بە ئاینی فەرمی میسر. ئەم پەیڕەوە دەخوێنرا لە ئەزهەرو خوێندنگا زانستیەکانی تریش.

صەلاحەدینی ئەیووبی زۆر لەوانەی پێش خۆی گرنگی زیاتری دەدا بە ئەزهەر لەسەردەمی ئەو پێشکەوتنەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی . وانەی ئیسلامی ڕێك و پێکی زۆر گرنگی پێدرا لە وولآتانی ئیسلامی تریش بلآو بۆوە .بەم شێوەیە میسر زۆر خەڵکی دەرەوەی میسری لە خۆ گرت کە هاتبون بۆ خوێندن کە خەڵکی وولآتانی ئیسلامی بوون. بێگومان سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی صەلاحەدین کە پەیڕەوی دەکرد لە دەوڵەتی ئەیووبی یەك گرتنەوەی هەموو موسڵمانەکان دژی خاچ پەرستان لە هەموو لایەك لە ڕووداوی جەنگی . ئەمە بارودۆخی میسر بوو لە ڕووی

جیهانی ئیسلامی بە شێوەی سەربازی و ڕامیاری و زانستی ،ئەم بارو دۆخە ژمارەیەکی زۆر گەورەی خەڵك کە ئارەزووی زانستی هەبوو لە وولاَتانی مابەینی دوو زێ و کوردستان و شام و یەمەن و حجازو سودان و حەبەشە و هیند و ئەفغانستان و صین و هی تریش هێنایە میسر . ئەزهەر پێشوازی لێکردن بە بێ جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی . دەستی ڕاخست بۆ هەردەستەیەك بەناوی زانست بێن بۆ میسر وە زۆر خوێندکاری کوردیش لە کوردستانەوە هاتن .لێرە بیرۆکەی هاتنە ناو میسر پەیدابوو.

لەم بیرۆکەیە تەواو بوو بڵێن کە پەیدابوونی یەکەم دانشگا لەسەردەمی فاطمی بووە .بەڵکو صەلاحەدین دا یمەزراند بە هۆی سیاسەتی باشی ناوەوەو دەرەوەی کە هانی دا بۆ ئەم کارە . پەیڕەوی شیعەی هەڵوەشاندەوە و پەیڕەوی سوننەی بەفەرمی جێبەجێکرد . بەم شێوەیە میسر بووە ڕووگەی زانستی ئیسلامی بۆ هەموو لایەك بە تایبەتی دوای ئازاد کردنی قودسی پیرۆز. هەروەها کاری سەرچاوەو پێویستی زانستی بۆ دانشگای ئەزهەر دابین کرد

لەسەردەمەکانی تر وەك مەمالیك وعوسمانیەکان و دەوڵەمەندەکانی میسر زۆر گرنکیان بە ئەزهەرو زانایان و خوێندکارانی دا لە بارەی کرێی خانوو وخواردن .لە گەڵ پێویستیەکانی خوێندن و هۆی ڕوون کردنەوە . وە چۆن ئەم کارانە ڕێك دەخرێن ؟چۆن مووچەو خواردن دابەش دەکرێت ؟ چۆن خانوو دابەش دەکرێ بەسەر خوێندکاران ؟ ئەمانە هەموو ڕوون کراوەتەوە بە شێوەی { الرواق } کوردەکان و جوڵانەوەی زانستی و کارگێری تێیدا

: ڕواق بەشێکە یان شوێنێکە لە مزگەوت کە تەرخان کراوە بۆ خوێندن .ئەم باڵەخانەیە تاقێکی سەرگیراوە لەسەر چەند ئەستوندێك ڕاگیر کراوە. هەریەك لە شێخەکان بازنەی وانەوتنەوەی دەڵێنەوە و خوێندکاران لە دووریان کۆبونەتەوە . هەروەها لە ڕواق جێگای حەوانەوەوماڵی خوێندکارانیش هەیە . کۆگاو دۆلآبی تێدایە بۆ پاراستن و هەڵگرتنی پەڕتوك وشتومەکەکانیان . کتێبخانەیەکی گەورەی تێدایە پڕن لە سەرچاوەی پێویست

. بۆ هەر طائفەو ڕەگەزێك ڕواقەکی تایبەت دروست دەکرا ، لەوێ نیشتەجێ دەبوون بە هەمیشەیی بێ بەرامبەر ، بەدرێژایی ساڵی خوێندن تاوەرگرتنی زانستی تەواو . موچەیەکیان بەسەر دابەش دەکردن بە گوێرەوی ئاستیان . لەگەڵ پێویستیان ، کە هەندێ نان و خواردن بوو ، موچەکەیان لە هەموو یەکەم ڕۆژی مانگی کۆچی پێدەدرا . خواردنی تاییەت و شرینیان پێدەدان لە بۆنە فەرمیەکان . وەك لەدایك بونی پاشاکان و ڕۆژی لە دایك بونی پێغەمبەر {د.خ} و هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و دوو جەژنە کان . بیرۆکەی گشتی یاسای ڕواق بۆ نەهێشتنی

کوردیپێدیا - ئەرشیفی نیشتمانی کورد

بەربەستی دارایی بوو .بۆ ئەوانەی حەز بە خوێندن دەکەن . تاوەکو واهەست نەکەن کە لە کەش و هەوایەکی نامۆ دەژیەن .

چونکە ئەوان دوور بون لە نیشتمانی خۆیان ماوەیەکی زۆر لە پێناوی دەستکەوتنی زانست . وە لە خو ڕەوشتی ولاَتی خۆیان بە دوور بون . کە بە گە نجی لەسەری ڕاهاتوون . ڕواقی کوردەکان لە هەموان گرنکتر بوو لە ئەزهەر بە هۆی زۆری خوێندکاری چاك و زیرەك . ڕواقی کوردەکان دەکەوێتە لای ڕاستی چونە ناو دەرگای ڕازێنراوە ، دەرگایەکی هەبوو لە نزیك ڕواقی ڕۆژئاوا ، دەرگایەکی تری هەبوو درێژدەبۆوە بۆلای صحن لەمزگەوتی ئەزهەر. خوێندکارە کوردەکان وانەی شەریعەتی ئیسلامیان دەخوێند لەسەر پەیڕەوی ئیمامی شافیعی . ئەوەی شایانی باس بێت ئەم ڕواقانە زۆر سەربەخۆبون لە بارەی سەرچاوەی خەرجی ڕۆژانە ئەوەی بۆیان دانرابوو لەلایەن ڕێکخراوی خێرخوازی و زانایەکان و دەسەلاَت و سوڵتان . جامیسری بێت یان کورد بێت یان هەرکەسێکی تربێت . وەقف {مانای تەرخان کردن جا زەوی کشتوکاڵ بێت یان کۆگای بازرگانی بێت کە خاتوو} .

{ زینب خاتوون } پێی دەدان کە لە بنەماڵەی ئەیوبیەکان بوو .یەك لە کەسایەتیە دیارەکان بوو .کەسامانی خۆی خستە خزمەتی زانست و فێربوون , ئەم تەرخان کردنە تا سەت ساڵێك بەردەوام بوو . ڕواقی کوردەکان وەك ئەوانی تر شێخەکیان دادەنا بەسەرپەرشتیکار بە شێوەی هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ لەلایەن خوێندکارەکانەوە سەر بە سەرۆکی کارگێڕی ئیمام و شێخی ئەزهەر بوو بۆ کاروباری زانستی و کارگێڕی .دەبوایە چاودێری هەموو شتێکی بکردبا گرنگی بە پەرتوکخانە کەی دابا . کاری دابەش کردنی مووچەو خواردنی بکردایە . سەرپەرشتی گشتی خوێندکارو ڕواقی بکردبا.

پارێزگاری لە مافی خوێندکارەکان دەکرد و وەسەرپەرشتی ئەم زەوی و دوکانانەی دەکرد کە بۆ حوجرە تەرخان کرابوون . لە حوجرەی کوردەکان کۆمەڵی فەرمانبەر هەبوون یارمەتی شێخی حوجرەیان دەدا لە کارەکەی. هەڵ دەستان بە جێبەجێکردنی کارەکانی شیخ ئەگەر لەوێ نەبوایە . وە {نقیب الرواق } ئەوەیە کە هەڵدەستان بە ڕێکخستنی تۆمارەکان کە ناو و زانیاری خوێندکار تێدا تۆمار کراوە. وەرگرتنی پاداشت و دابەش کردنی بەسەر ئەوانەی پێویست . ئاگادارکەرەوەی حوجرە ئیشی ئەوە بوو کە کاتی نوێژ ئاگاداری دەکردن بۆ نوێژکردن.

پێشەوای مزگەوت پێش نوێژی بۆدەکردن سەرکاری ڕواق پاسەوانی بۆ دەکردن و جابی ڕواق کاری کۆکردنەوەی ئەم داهاتانەی دەکرد کە بۆ یان تەرخان کرابوو. مالی ڕواق کاری ئاو هێنانی لە ئەستۆ بوو . ئەمانە بەشێکی زۆریان لە جەرایات وەردەگرت پاش مووچەی تایبەتی خۆشیان .بەم شێوەیە کاروباری زانستی کارگێڕی بە ڕێوە دەچوو .

خوێندکاری بۆ دەهاتن وە کە دەگەڕانەوە وولاّتی خۆیان زانایەکی تەواو بون هەلْ گری بلێسەی زانست بوون . بەربەرەکانی توندڕەوی و نەزانی و دواکەوتویان دەکرد . پارێزگاری پەیرەوی شافیعی بوون بەرامبەر پەیڕەوانی شیعە لە چاخی نویْ .یەك لەوانەی کە کاری شێخی ڕواقی کوردەکانی دەکرد

{ شێخ عبدالرمحن کوڕی ئەمجد کوڕی حممدی زوقی کوردی ئەزهەری }بوو .نەژادی دەگەڕێتەوە بۆ

{حصن زوق }یەك لە شارەکانی بدلیس یان بتلیس لە کوردستانی تورکیای ئێستا.

لەویْ لەدایك بووە لەساڵی ١٢٧٧ ی کۆچی = ١٨٦٠ ی زاینی نەژادی دەگەڕێتەوە بۆ ڕواقی کوردەکان لە

{ ٢٥ ی ربیع دووەم ١٣١٣ ی کۆچی } پاشان دامەزرا بە پێش نوێژی مزگەوتی رواقی عەباسی لە ناو دانشگای ئەزهەر . بریکاری ڕواق بوو پاشان بوو بە شێخی ڕواق . تەماشای کاری ئەوقافی دەکرد، ئەوەی کاری وەقفی بۆ ڕواقی کوردی و تورکی دەکرد پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی بوون .

فەریق{ ئیبراهیم ئەدهەم پاشا ئۆرفلی}میسری بوو لە عەشیرەتی مالی کوردی چاریە ،لە ڕۆژهەلاّتی خواروی {الرها} یان اورفا لە کوردستانی تورکیا بوە. شێخ عبدالرحمن لە ساڵی ١٩٤٠ ی زاینی کۆچی دوایی کردوە . پاش ساڵانێکی زۆر لە خزمەتی خوا پەرستی و زانست. منداڵەکانیشی لە خزمەتی کاری میسر کاریان کردوە .وە یەکێکی تر لە شێخەکانی ڕواق شێخ{عمر وجدی کوڕی عەبدولقادر کوردی ماردینی میسری}بوە ، پەیوەندی کرد بە ڕواقی کوردەکان لە ئەزهەری پیرۆز . زانستی لە شێخ{ حمد حبیب الله شنقیطی و محمد زاهد کەوثە ری } هەندێکی تر وەرگرت .مۆڵەتی زانستی وەرگرت . کاری وەرگێڕی کردوە لە دەزگای ڕاگەیاندنی میسری بۆ زمانی تورکی. شێخی ڕواقی کوردەکان و بەغدابیەکان بوە لە دانشگای ئەزهەر . کاروباری جوڵانەوەی زانستی ڕواقی کوردی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٦٢ ی زاینی.ئەم ساڵە بوو لەلایەن جمال عبدالنصر یاسایەك دەرچوو بۆ نۆژەن کردنەوە و پەرەپێدانی ئەزهەر. پاڵپشت بە پرۆگرام و زانستی نویْ لەلایەك. وەرگرتنی خوێندکاری زیاتر و دروست کردنی کۆلیژو لقی زیاتر

کە هەموو تایبەت مەندیەکانی زانستی بگرێتەوە . بەم شێوەیە کۆلیژی زیاترو لقی زانستی زیاتر کرایەوە وەك زانستی مرۆڤایەتی و زمانەوانی و زانستی شەرعی . دروست کردنی شارێکی زانکۆیی بۆ هەموو بوارەکان .

بۆ خوێندکارانی میسری و ئەوانەی لە دەرەوەی میسر هاتون .ناونرا بە {شاری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی } هەموو خوێندکارەکانیان گواستەوە لە ڕواقەکان بۆ ئەم شارە نویْ یە لەویْ نیشتەجیْ بوون . پەیوەندیان بە کۆلیژەکان

کرد بە گوێرەی تایبەت مەندیەکانیان .لەسەر یاسای پرۆگرامی نویٚ ی زانستی دەرۆیشت . هەموو ڕواقەکانیان داخست لە ئەزهەر .لەگەڵ ڕواقی کوردەکان هەندێکیان بەکارهێنان بۆ کارگێڕی مزگەوت . هەندێکیشیان بۆ شوێنی نوێژکردنی ئافرەتان . خوێندکارە کوردەکان ئەوانەی پەیوەندیان بە دانشگای ئەزهەر کردوە لە شاری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی جێنشینی بوون.لەگەڵ هاوڕێکانی تریان کە کوردن هەموو جۆرە هۆیەکی حەسانەوەیان بۆ دابین کراوە وەك ئاو و خواردن و کۆڕو پەرتوکخانە تاوەکو تەنها بە خوێندنەوە سەرقاڵ بن پێش تەواوبونی باسی ڕواق ڕواقی کوردەکان لە ئەزهەر لە ڕواقە گرنك و چاکەکان بوو کاروبارەکانیان بە گوێرەی یاسای کارگێڕی پێویست بوو . مانای هیچ گێرە شێوینیەکی تیا نەبوو . سەربە خۆ بوو لە ئیدارەو پارە خەرج کردن .زۆر سەرپەرشتیارەکان ڕازی بوون لە کوردەکان لە هەموو بوارەکان زیاتر لە نەتەوەکانی تر وەك تورك و عەرەب و ئەلبان و ئەفغانیەکان و نەتەوەی تریش لقی تایبەت بەخۆیان هەبوو ئەمانەش لە خانەی بەڵگەکانی نەتەوەی میسری هەیە تا ئێستا.

وەرگێڕانی مامۆستا میشر حسن عمر

# بەشی : پێنجەم

## کورد لە میصر لە سەردەمی عوسمانیەکان تاوەکو سەردەمی محمد علی و بنەماڵەکەی

یەکەم : کورد لە میصر لە ژێر دەسەلآتی عوسمانیەکان

دووەم :هەڵویستی کورد لە هێرشی فەرەنسیەکان بۆ سەر میصر

سێ یەم : محمد علی پاشا و ڕەچەڵەکی کوردی

چوارەم : سەرکردە سەربازیەکان و کارگێڕیەکانی کورد لە سەردەمی محمد علی پاشا و بنەماڵەکەی

وەرگێڕانی مامۆستا مشیر حسن عمر

## یەکەم : کورد لە میصر لە ژێر دەسەلأتی عوسمانیەکان

لەساڵی ١٥١٧ ی زاینی پاش ڕوو خانی مەمالیکەکان بەرامبەر سوڵتان {سەلیمی یەکەم }یەکەم سەرۆکی سوپای عوسمانی کە فەرمانڕەوای میسریان کرد نزیکەی ٢٦٨ ساڵ { ٦٤٨ تاوەکو ٩٢٣ی کۆچی }= {١٢٥٠ تاوەکو ١٥١٧ی زاینی} میسر کەوتە ژێر فەروانڕەوای سوڵتانی عوسمانی. لە سنوری لێکۆڵینەوەکەمان نەمانزانی ئەم هێزەی دەوڵەتی عوسمانی هاتە ناو میسر کوردی تیابوو یان نا .یان پشتیان بەستبو بە کەسایەتی و کارگێڕی کوردی یان نا لە کاتی فەرمان ڕەوای عوسمانیەکان تا هاتنی ماوەی فەرمانڕەوای محمد علی ساڵی ١٨٠٥ زاینی .بەلأم دیارە گرێیەست و لێك تێگەیشتنی سەربازی و کارگێڕی ئابووری هەبوو لە نێوان عوسمانیەکان و میرنشینە کوردیە سەربەخۆکان کە ئەوکاتە لە کوردستان بونیان هەبووە. بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە هەندێ خاڵ باس دەکەین .کوردستان کەوتە ژێر دەستی عوسمانیەکان بە ئاشتی پێش هاتنی عوسمانیەکان بۆ میسر بە سێ ساڵ دەکاتە ساڵی ١٥١٤ ی زاینی ئەمەش پاش سەرکەوتنی عوسمانیەکان بەسەر صەفویەکان لە شەڕی چاڵدێران بە یارمەتی مادی و معنوی کوردەکان وەك لایەنگری پەیڕەوی سونی لە میرنشینە کوردیەکان.

شەڕی چاڵدێران سەرەتای دابەش بوونی هەرێمی کوردستان بوو کە عوسمانیەکان دەسەلأتیان لە سەر سێ لەسەر چواری خاکی کوردستان دا گرت بەبێ شەڕ. ئیستاش سنوری سیاسی هەیە لە تورکیاو عێراق و سوریا بەشەکەی تر دەوڵەتی صفوی دەستی بەسەر داگرت کە لە ئێران فەرمانڕەوای دەکرد .

فەرمانڕەوایەکەیان هەر بە ناو بوو بە کرداری نەبوو بەتایبەتی کەناسرابوو بەناوی کوردستانی عوسمانیەکان . بە ئاڕاستەی دەوڵەتی عوسمانی دەیویست سود لە میرنشینە کوردەکان ببینێ بۆ جێگری کردنی باری ئاسایش لە ناوچەکە . دانی نا بە شانزە میرنشینی کوردی و مامەڵەی لەگەڵ دەکردن وەك میرنشینی سەربەخۆ لە دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر ڕاگرتنی باری ئاسایشی ناوچەکە و پێدانی باج و خەراج و بەشداری کردن لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی. فەرمانڕەوایی ڕاستەوخۆی نەبوو بەسەر ئەم میرنشینانە بەڵگە ڕێکخستنەکی ئیداری هەبوو لەگەڵیان زۆر ئارەزووەکانی کوردەکانی هێنابوە دی . لە ڕێبازی {شێخ حکیم ئیدریس بتلیسی }کە پەیوەندی لێك تێگەیشتن بووە لە نێوان میرنشینە کوردیەکان و دەوڵەتی عوسمانی . ئەم پەیوەندیە فراوان بوو لە ساڵی ١٦٨٣ی زاینی پاش پە یمانامەی هاورێیەتی و هاوپە یمانی لەگەڵ بیست و سێ سەرکردەی مرینشینە کوردیەکان.

کە بونە دیاردەی نوێنەری کورد لە بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرەکانی شەڕ کە دەوڵەتی عوسمانی ئە نجامی دەدا .بەرامبەر بە دوژمنەکانی بەناوی جیهادی پیرۆز . وەك شەڕی ڕوسی و عوسمانیەکان وەك نیکتنی

ئاماژەی پێ دەکات کە هەزاران لە خەڵکی کورد کوژراون لەم شەڕانەدا . ئەم میرنشینانە فراوان و بە هێز بوون لە سەدەی هەژدەمی زاینی تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم . میرنشینە گرنکەکان ئەمانە بوون :

١ - میرنشینی {سۆران }لە ناوچەی ڕەواندوز کوردستانی لە عێڕاق

٢ - میرینشینی {بابان }لە سولەیمانی لە کوردستانی عێڕاق

٣ - میرنشینی {بادینان }لە ئامێدی لە کوردستانی عێڕاق

٤ - میرنشینی {بۆتان }لە لە کوردستانی تورکیا

وە هەندێ لەم میرنشینانە هەڵسان بە دەست پێکردنی شۆرشی سەربەخۆیی دژی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەم .ئەمەش بە هۆی ئەوە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی ڕووی لە ئەورووپا و ڕۆژهەلآت کرد ناوچە کوردیەکانی پشت گوێ خست و گرنکی پێ نەدەدا هەر بەناو سەرپەرشتی دەکردن لە پەیمانەکانی خۆی پەشیمان بووەوە ؟

لە نەزانی و بەدبەختی دەوڵەتی عوسمانی هەڵگەڕانەوەی محمد علی پاشا لە ولآتی شام و ئاسیای بچوك و کوردەکان لە چەند شورشێك کە

## گرنکتریان ئەمانەن :

١. شۆرشی {عبدالرحمن پاشای بابانیەکان } لە سولەیمانی ساڵی ١٨٠٦ ی زاینی.
٢. شۆرشی ئەحمد پاشا لە سلیمانی ١٨١٢ ی زاینی
٣. شۆرشی کوردی زازایی لە سیواس ساڵی ١٨٢٠ ی زاینی.
٤. شۆرشەکان لە نێوان ساڵی ١٨٢٩ تا ١٨٣٩ ی زاینی لە ناوچەی هەکاری و ڕەواندوز و گور عابدین
٥. شۆرشی چیای شەنگار ساڵی ١٨٣٠ ی زاینی
٦. شۆرشی میری بەدرخان لە نێوان ١٨٤٢ تا ١٨٤٧ ی زاینی
٧. شۆڕشی میری بەتلیس ساڵی ١٨٣٤ ی زاینی.
٨. شۆرشی یەزدان شێر لە هەکاری بۆتان لە نێوان ١٨٥٣ تا ١٨٥٦ ی زاینی
٩. شۆرشی دەرسیم لە نێوان ١٨٧٧ تا ١٨٧٩ ی زاینی.

لەگەڵ ئەوەی ئەم شۆڕشانە هەندێ سەرکەوتنی بە دەست هێنا بەرەو سەربەخۆبون بەڵام بە هۆی توندو تیژی و نابەرامبەری سوپای عو سمانیەکان لە کۆتایی شکستی هێنا. وە توانی هەیمەنەی خۆی لەسەر کوردستان بسە پێنێ تا هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم ،کە بەهۆی ئەم شەڕەوە نەخشەی کوردستانی بەشکراو دانرا

## . دووەم : هەڵویستی کورد بەرامبەر شالاوی فەرەنسی بۆ سەر میسر

میصر : کاتێ شالاوی فەرەنسی میسری داگیریکرد لە ساڵی{١٧٩٨—١٨٠١ ی زاینی }دەسەلاتی عوسمانی بانگەوازی کرد بۆ چەك هەڵگرتن لەهەموولایەك دژی فەرەنسیەکان لە هەموو ناوچەکان. یەکێك لەم ناوچانەش شوێنی کوردەکان بوو .

{محمد تیمور }باس دەکات ئەم کاتە لە قەڵا چوالان لە کوردستانی عێراق بوو .وەك نوێنەر لەلایەن

{باب العالی }هاتوە بۆ ئەم ناوچەیە لە ١٥ ی کانونی یەکەمی ١٧٩٨ی زاینی پێ ی ڕاگەیاندن کە شەڕو چەك هەڵگرتن فەرمانە و دەبێ جێ بە جێ بکرێ . فەرمانەکەش بەم شێوە بوو : کە ئیمپڕاتۆری عوسمانیەکان لە خەتەردایە چونکە ناپلیون پوناپارتی کافر خاکی ڕۆژهەلاتی پیرۆزی داگیری کردوە بەرەو میسر لانکەی شارستانی دێت مۆڵگەی تورکەکان لەبەر ئەوە جاڕی شەڕکردن دەدەین دژی فەڕەنسا ئەم دەنگ و باسە خۆش نەبوو بۆ کوردەکان کە بیستیان . دەسەلاتی عوسمانیەکان سوپایەکی ئامادەکرد بۆ دەرکردنی فەرەنسیەکان لە میسر وە توانی دەسەلاتی خۆی بگێڕێتەوە بە یارمەتی بەریتانیا کە ئەم کاتە ناکۆك بوون لەگەڵ فەرەنسا لەم سوپایەی عوسمانیەکان سێ سەت سوار هەبوون کە سەرکردەکەیان {ئاغا کوڕی سەرۆك بڕواستا} بوو

{ محمد علی } بووە جێگری بە ڕوتبەی مقدم لە کاتی ڕۆیشتنی هێزی تورکی لە ناو دەریای ناوەڕاست بایەکی بە هێز هەڵی کرد لە نزیك لێواری دوورگەی ڕونس ،بووە هۆی پەیدابونی شە پۆلی دەریا بە شێوەیەکی ترسناك بووە هۆی نقوم بونی چەند کەشتیەکی تورکی ،بەناچاری بەرەو رودس چون . لەم کاتەدا کەشتی گەلێکی بەریطانی بەسەرکردایەتی {سیدنی سمیث }لە کەناراوەکانی دورگەکەدا دەهات لە لای {عکا} پاش شکستی فەڕەنسیەکان بە ئاڕاستەی میسر بۆ چاوپێکەوتنی کەشتیگەلی تورکی لە کەناراوەکانی ئەسکەندریە .

بەلام ئەم کەشتیەی {محمدعلی} و یەکە سەربازیەکەی لەسەربوون توشی شە پۆلێکی بەهێز بونەوە لە دەوری خۆی دەسوڕایەوە .خۆی بە شاخێکا کێشا بوو بە دوو لەتەوە و نقوم بوو . ئەوەی لەسەری بوو خۆیان خستە ناو ئاوەکەوە بە هیوای ڕزگاربون ،بەلام سەرۆك سیدنی سمیت هەر لەسەر کەشتی {تایجر}بەخێرایی لێ ی دەخوڕی .هەڵسا

بە ڕزگارکردنی ئەوانی تر بۆسەر پشتی کەشتیەکە . محمد تیمور کە وەرگێڕەکی تورکی لە گەڵ بوو بە خێرایی یارمەتی ڕزگار بوەکانی دەدا. لە نێوانیاندا پیاوێکی کۆماندۆی تیابوو هەموو لەشی تەڕ ببو لەسەر دەستی پیاوێکی تورکی هەڵ گرتبوو کەدەم و چاوی دا پۆشی بوو. لەلایەکی بەندەرەکە لە شوێنیکی دڵنیای دانا . هەوڵی دا بە ئاگای بهێنتەوە لێ ی نزیك بوەوە بۆ ڕزگارکردنی پاش ڕزگاربون کەوتە قسە بە تورکی زۆر سوپاسی کردن .

ناوم محمد علی من یەکێکم لە سەرکردەی یەکەیەکی سەربازی تورکی سێ سەت کەس دەبین ئێمە ئامادەکراوین بۆ ئازاد کردنی میسر ، ئەوەی لێرە دانیشتوە سەرۆکی تیمەکەمانە ، من روتبەکەم {مقدم}ە.

کاتێ محمد علی زانی کە محمد تیمور بە فەرەنسی گفتوگۆ دەکات داوای لێ کرد کە بە فەرەنسی قسەی لەگەڵ بکات چونکە فەرەنسیەکەی لە تورکیەی باشتر دەزانی، کە لەسەر دەستی کابرایەکی فەرەنسی فێرببو کە لە بازرگانی جگەرە بەیەکەوە کاریان کردبوو. پاش پەیدابونی پەیوەندی محمد علی و محمد تیمور زۆر هاوڕێیەتیان گەرم و گوڕبوو ،بە هیچ جۆرێك لێك دوور نەدەکەوتنەوە هەتا لە هەموو کرداره سەربازیەکان هەر بەیەکەوە بوون .تاوەکو بە جێ هێشتنی میسر لەلایەن فەرەنسیەکانەوە .

پاش ئامادەبونی هێزی تورکی بۆ ڕۆیشتن محمد علی لە نزیکەوە بە محمد تیموری گوت کە جارێکی تر یەکتر دەبینینەوە لە میسر شتێکی گەورە دەهێنینەدی لەم وڵاتە .لەلایەکی تر دەسەڵاتی عوسمانی سەرکردەیەکی کوردی ڕاسپارد کەناوی حاجۆ بوو لە ویلایەتی {وان }کە تێکۆشەران کۆبکاتەوە لە پێناوی خوا و تیپێك دروست بکات پەیوەندی بە سوپای عوسمانیەوە بکات بەرەو میسر بچی بۆ دەرکردنی فەرەنسیەکان .

لەم کاتەدا تیپێکیان دامەزراند هەزار کەس دەبوون لە تێکۆشەرانی کورد لە ژێر فەرمانی {عین حاجو } و بیکاباشی ئەم تیپە بەشداری کرد لە هەموو کرداره سەربازیەکان لە گەڵ سوپای عوسمانی دژی فەرەنسیەکان .

کاتێ سوپای عوسمانی شکستی هێنا و بەرامبەر سوپای فەرەنسی بەسەرکردایەتی {کلیبر} گەڕایەوە بۆ خانکە ساڵی ١٨٠٠ ی زاینی ، حاجو کۆتایی ئەم سوپایەی پاراست کە گەڕابوەوە. ئەم تیپە لەگەڵ {محمد علی پاشا} ماوەو بەردەوام بوو نەگەڕاوە لای سوپای عوسمانی .بەم بەڵگەیە کە حاجو لە گرنکترین سەرکردەکانی سوپای محمد علی بووە کە پاشان باسی لێوەدەکەین .

بەم شێوە کورد ڕۆڵی بینیوە لە بەربەرەکانی داگیرکاری فەرەنسی بۆ میسر لە چوار چێوە سوپای عوسمانی بۆ پاکردنەوەیوولاتانی ئیسلامی لە داگیرکاری نا موسڵمانەکان .

# <u>ڕۆڵی سلیمان حەلەبی کوردی :-</u>

دەرکەوتنی خوێندکارانی کورد کە لە ئەزهەری شەریف دەخوێنن و بەرگری لەداگیرکاری فەڕەنسی دەکەن لە میسر ، وەك ئەوانەی ناویان نەمرە لە مێژوو پاڵەوانی کوردی سلیمان حلبی کە ژیانی خۆی بەخشی لە پێناو بەرگری کردن لە بیروباوەڕی و خاکی میسر. لەبەر گرنگی ئەم کەسایەتیە چەند تیشکێك دەخەینە سەر ئەم ڕۆڵەی هەی بووە لە ئازادکردنی میسر .

ناوی : سلیمان امین اوس قوبار ، لە بنەماڵەی عوسمان قوبارن ناسراوە بە لقبی {سلیمان حلبی} لە ساڵی ١٧٧٧ی زاینی لە دایك بووە لەگوندی کوکان قوفانی جزراوی سەر بە شاری عەفرین سەروی ڕۆژئاوای شاری حلبی کوردستان لە سوریا ی ئێستا.لە حەلەب گەورە بووە باوکی بۆ میصری نارد لە ساڵی ١٧٩٧ بۆ خوێندن ، لەوێ پەیوەندی بە شێخ { احمد شرقاوی} کردووە .کە ڕازینەبووە بە پابەندبون بە داگیرکاری فەڕەنسی بەشداری کردوە لە بڵیسەی شۆڕشی قاهیرەی یەکەم ڕۆژی ٢١ ی ئۆکتوبەری ساڵی ١٧٩٨ی زاینی دژی فەڕەنسا .

سلیمان حەلەبی لە تەنیشت مامۆستاکەی شێخ شرقاوی بوو لە کاتی هاتنە ناوەوەی سوپای نا پلیۆن بۆ جیزە یان خاکی

{ محروسە – قاهرە} .بە هۆی دا پلۆسنی گەلی میسری لەلایەن سوپای فەرەنسی داگیرکەر {شۆڕشی قاهیرەی یەکەم } سەری هەڵدا لە میسر لە جامع الازهر وە بەرپەرچیان داوە سوپای داگیرکەر بە قاذ فە و تۆپە سورەکان هاتنە ناو جامعەی ئەزهەر و پیسیان کرد بڕیاری سێدارەی بۆ شەش لە شێخەکان دەرکرد .یەك لەوان شێخ شرقاوی مامۆستای سلیمان حلبی بوو . پاش کوژاندنەوەی شۆڕشەکە جازیاتر دەستیان کرد بە ملهوڕی هەرچی تێکۆشەرو بەرگری کاری نیشتمانی بوو گرتیان ئەوەی خۆی شاردەوە هەلات لە میسر بەرەو خاکی شام سلیمان حەلەبیش خۆی شاردەوە تا سێ ساڵان بەرەو زێدی خۆی چوو { گوندی کۆکان لە عفرین } پەیوەندی کرد بە سەرکردەیەکی دەوڵەتی عوسمانی لە حلب

{ ئەحمد ئاغا کە لە ئینکشاریەکانی ئیبراهیم بەگ }بوو ، فەرمانی پێ کرد بەرەو میسر بچێ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکی ئاینی ئیسلامی و تێکۆشان ، ڕایسپارد بەکوشتنی جنراڵ بونابرت کلیبر. سلیمان بەرەو میسر چوو لە ڕێگای خۆی لە مزگەوتی ئەقصی نوێژی کرد لە مارسی ١٨٠٠ ی زاینی پاشان بەرەو خلیل چوو ، پاش ٢٠ ڕۆژ لە نیسانی ١٨٠٠ی زاینی گەیشتە غزە یاسن ئاغا { یەك لە پشتیوانانی ئیبراهیم بەگ } میوانداری کرد ،لە مزگەوتی گەورە وە سلیمان نامەیەکی ئەحمد ئاغای دا پێ ی کە پەیوەندی هەبوو بە پلانی کوشتنی کلیبر .

یاسین ئاغا سلیمانی بە گەڵ قافڵەی بازرگانی حوشترەکانی دا کە صابون و توتنیان بارکردبوو ، ٤٠ قرش ی دایە بۆ پێویستی گەشتەکەی چەقۆیەکی باشی پێ بکڕێ لە عەزە بۆکوشتنی جنراڵ کلیبر . سەفەرەکەی لە غەزە بۆ قاهرە شەش ڕۆژی پێ چوو . کاتێ گەیشتە قاهرە پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەی خوێندکارە کانی ئەزهر لە

{رواق شوام}لە جامعەی ئەزهەر نیشتە جێ بوون . زانیاری پێدان لە بارەی کوشتنی کلیبر ، ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ ئازادی میسر لە داگیرکەران . بەڵام قسەکانیان زۆر بە جدی وەرنەگرت .


لە بەیانی ١٥ ی یونیو ١٨٠٠ ی زاینی سلیمان حەلەبی بەرەو {برکە الازبکیە} چوو ، کە جنراڵ کلیبر لەوێ نیشتەجێ بوو پاش نان خواردن کە جنراڵ کلیبر لێ بۆوە لە کۆشکێکی بەرامبەر کۆشکەکەی خۆی لە گەڵ گەورە ئەندازیارە فەڕەنسیەکان و قستەنتینیەکان و بروتانیەکان دا ، سلیمان حەلەبی چوە ناو باغەکەو توانی چوار چەقۆ لە کلیبر بدات . هەروەها شەش چەقۆی لە گەورە ئەندازیار دا لە شەش شوێنی جیاواز لە لەشیدا، پاشان توانیان سلیمان حەلەبی بگرن و بیدەنە دادگای سەربازی بۆدادگایی کردن دادگاش حوکمی بە لە سێدارەدان دەرکرد . پاش سوتاندنی دەستی ڕاستی لە بە جێ هێشتنی بۆ باڵندەکان بردیان حوکمەکەیان جێ بەجێ کرد لە ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٨٠٠ ی زاینی لاشەکەی چەند ڕۆژ لە خازوق ماوە تەیرو توار و زیندەوەر لێی دەخوارد ، لە تەنیشت ئەمیش چوار لە مامۆستاو شێخەکانیان لە سیدارە دابوو هەڵیانواسی بون .

لاشەکانیان سوتاندن تابونە ڕەژو پاشان لاشەی جنڕاڵ کلیبریان ناشت لە شوێنێکی نزیك {کۆشکی عینی}لە قاهیرە بە مەراسیمێکی گەورەی ڕێزلێنان لاشەکەیان خستە ناو تابوتێکی لە مس دروستکراو کەئالای فەڕەنسیان تێوەر پێچا بوو ، لەسەر ئالاکەش چەقۆکەی سلیمان حلبی یان دانا بوو ، ئێسك و پروسکی جنرال کلیبر و سلیمان حلبی یان هەریەکە لە صندوقێکی جیاواز گواستەوە بۆ فەڕەنسا . کە مۆزەخانەی {انفالید شهداو} یا کردەوە ژورێکیان تەرخان کرد بۆ ئەم دووە لە ڕەفتەیەکی سەرەوە مێشکە سەری جنڕاڵ کلیبریان دانا لە ڕەفتەیەکی ژێر ئەو مێشکەسەری سلیمان حلبی یان دانا ، لە تەنیشتی تابلۆیەکیان دانابوو لەسەری نوسرابوو مێشکە سەری تاوانبار سلیمان حلبی . تا ئێستاش ئەم دوو مێشکەسەرە لەوێ ماون ئەم خە نجەرەش پاراستراوە لە شاری کاکاسۆن لە فەرەنسا .بەم شێوەیە سلیمان حەلەبی کوردی ژیانی خۆی هەرزان فرۆش کرد لە پێناوی میسر.

لە پێناوی مانای برایەتی بە بێ بەرژەوەندی بە پاڵەوانی ڕاستی دەژمێرێ و گە نجێك بە شەهیدی ئیسلام و سەربەستی نیشتمان . ئەرکێکە لەسەر هەمووومان هەوڵ بدەین لاشەو خە نجەرەکەی بگەڕێنینەوە بۆ کەس و کارو گەلەکەی .

## سێ یەم : محمد علی پاشا و ڕەچەڵەكی كوردی

زۆر لە سەرچاوەكان باس لە ژیاننامەی محمد علی پاشای گەورە دەكەن كە دەڵێن ڕەچەڵەكیان توركیە یان ئەلبانیە لە شاری {قولە}[٣] بەرەو میسر هاتووە بەلاّم هەندێ سەرچاوەی تر جەخت دەكەنەوە كە لە قولە هاتووە بۆ میسر بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نیە كە خەڵكی ئەلبانیایە بەڵكو هەندێ سەرچاوەی باوەڕ پێكراو دەیسەلمێنن ڕەگەزی دەگەڕێتەوە بۆ كوردی دیار بكر كە بەشەكە لە كوردستانی توركیای ئەمڕۆ .



بۆ ئەمەش ئەمیر محمد علی نەوەی محمد علی پاشای گەورە و وەلی عەهد ملك فاروق مەلیكی میسر دڵنیایی دەدات لە چاوپێكەوتنێكی دوور و درێژ لەگەڵ نوسەری گەوری {محمود عباس العقاد} كە لە ڕۆژنامەی {مصوری میسر} بلاّوكراوەتەوە بەرواری ٢٥ی نوفمبەری ١٩٤٩ ی زاینی لە ژێر ناو نیشانی {ولی العهد حدثنی عن ولی نعن}وە ئەمەش بەبۆنەی ١٠٠ ساڵ بەسەر كۆچی دامەزرێنەری میسر محمد علی پاشا

[٣] { قوله } دەكەوێتە وولاّتی مقدۆنیای ئێستا ، ماڵ و تەكیەی محمد علی لەوێ یە

ئەمەش لە چاوپێکەوتنەکەوە هاتوە بە ناونیشانی {دیار بکر نەك قولە } بە گوێرەی دەقی ووتەکان میر

{ ئەمیر محمدعلی}لەسەر باس کردنی ناوی محمد علی کە لە چیەوە هاتووە دەڵێ ناوێکی ئاوێتەیە لە دوو ناو ماناى خۆشەویستی پێغمبەر ﴿د.خ﴾ چونکە یەکەم ناوی پێغمبەرە دووەم وە ئەویتر ناوی ئیمامی عەلیە

﴿خوا لێ ی ڕازی بێ﴾ نازانین ئەم ڕێچکەیە لە مێژووی کۆن هەبوە یانا . ئەمیریش گووتی زۆربەی خزم و کەسانی پێش ئێمە ئەم ڕایە پشت ڕاست دەکەنەوە .سەریان سوڕماوە لەم پڕۆپاگەندەی کە دەڵێن محمد علی لە قولە لە ئەلبانیا لە دایك بووە.بەلام ئەوەی تەماشای پەرتوکی ﴿الفه قاضی میسر لە سەردەمی محمد علی ﴾ بکات دەڵێ ئەصلی بنەماڵەکەیان لە دیاربکر بووە لە خاکی کوردستان . باوکی محمد علی و براکەی کۆچیان کردوە بۆ قولە بەدوای بازرگانی دا لە {ئوستانە﴾ مامەکەی لەوێ ڕۆیشتووە ئەوان ماونەتەوە . ئەم ووتانەش لە دەمی ﴿حلیم} یەك لە نەوەکانی محمد علی گێڕدراوەتەوە .کە دەگەڕێتەوە سەر زێدی دیار بکر لە کوردستان .وە دەڵێن دوو پاڵەوان لە کوردستانەوە دەرچوون یەکەم صلاح دینی ئەیووبی دووەم محمد علی پاشا . زۆر کاریان کردوە بۆ پێشکەوتنی میسر، قەلایەکی گەورەش هەیە لە میسر کە صلاح دین دروستی کردوە وە محمد علی لە کاتی خۆی نۆژەنی کردۆتەوە .

ئێمە هەڵساین بە گفتو گۆ لەگەڵ ﴿ئەمیر عباس حلیم ﴾ یەك لە تاکەکانی بنەماڵەی محمد علی پاشا لە بارەی ئەصلی بنەماڵەکەی ئەویش ووتی هەمیشە من لە خزم و کەسانی خۆم بیستوە کە ئێمە خەڵکی کوردستانین لە باب و باپیرانەوە لەدیار بکر بوین پاشان بەرەو قولە چوین لە ئەلبانیا.

محمد علی پاشا هاتە میسر لە مێژوو بۆ بەشداری کردن بەمەبەستی لە ناوبردنی شالاوی فەرەنسی دژی میسر.( ١٧٩٨ – ١٨٠١ ) ی زاینی .وتمان کوا بەڵگەی بەردەست گوتی کتاب و دانراو هەیە لە پەڕتەکخانەی { کۆشکی ئەمیر محمد علی} لە منیل . هەندێ لەم پەڕتوکانەش هی خزم و کەسی محمد عەلیە کە کوردن زۆر هەوڵماندا بچینە کۆشکەکە بەلام نەمانتوانی چونکە لەم کاتەدا کۆشکەکە لە ژێر نۆژەن کردنەوە بوو .

لە لایەکی تر دکتۆرە {عفاف لطفی سید} پاش چاوپێکەوتنی لەگەڵ {البرنس عباس حلیم} دڵنیایی دەدات کە بنەماڵەی محمد علی کوردبوون .لە گوندێکی خۆرهەلاتی {ئەنادۆل}ناوی { التیش} کاری بازرگانی ئەسپ ی کردوە . پاشان خێزانەکەیان کۆچیان کردووە بۆ {عمربکیر} لەوێش {عثمان ئاغا و باوکی ئیبراهیم } چونەتە ﴿قونیە﴾ وە پاشان بۆ قولە لەترسی دوژمنکاری پاش تێوەگلان لە کرداری تۆڵە کردنەوە.



دیزاینی هەمیشە مشیر حسن عمر

هەر لەم بارەیەوە پرسیارمان لە ملك{احمد فؤاد} کرد لەسەر ئەم بابەتە ، وەڵامی داینەوە گوتی زۆر پرسیارمان کردوە لە بنەماڵەکەمان هەموو گوتیتیان ئێمە ڕەچەڵەکمان کوردە بەڵام بوار نەبوو تا بابەتەکە یەکلایی بکەینەوە.

بۆ دڵنیایی بابەتەکە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێز {ماجد فرح } مێژوونوسی بنەماڵەی مەلیك کرد لێمان پرسی لە ئەصلی محمدعلی باشا گوتی بێگومان ئەلبانی نیە بەڵام بۆ ئەوەی کوردە یان نا ئەمە زۆر کۆنەمن ناتوانم بڕیاربدەم داوای کرد ئەگەر بەڵگەتان هەیە کە ئەو کوردە بینن بیخەینە سەر کتابە تاییەتەکە بەو لە چاپی نوێ

وەرگێڕانی مامۆستا میثر حسن عمر

## کورتەیەك لەباسی ژیاننامەی محمد علی پاشا دامەزرێنەری میصری نوێ :-

## محمد علی پاشا دەستکەوتەکانی :

محمد علی پاشا لە ساڵی ١٧٦٩ ی زاینی بەرامبەر ١١٨٣ ی کۆچی لە دایك بوە لە شاری قولە لە دەروازەی سەر سنوری نێوان {تراقیا و مقدونیا} پاش کۆچی دوایی باوکی ئیبراهیم ئاغا مامەکی {طوسون } دەی گرێتە خۆی . فێری ئەسپ سواری ڕمبازی دەکات . پەیوەندی دەکات بە خزمەتی سەربازی لە لەشکری عوسمانی هەڵدەسێ بە خزمەت کردن {حاکم قولە } بە زیرەکی و شارەزایی جێگای خۆی لە دڵی ئەو دەکاتەوە. زۆر دەستکەوتی بەدەست دەهێنێ لەم دەوروبەرە .کە زۆر گرنکی بەزمانەکان دەدەن بەتاییەتی فەرەنسی . محمد علی تەمەنی٣٠ ساڵ بوو کە {الباب العالی} دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سوپا بۆ هێرش کردنە سەر سوپای فەرەنسی بەسەرکردایەتی ناپلیۆن پۆناپارت داگیرکەری میسر ١٧٨٩ == ١٨٠١ ی زاینی .

# والی علی میسر :

محمد علی گواستراوە بۆ میسر وەك یاریدەدەری سەرۆکی دەستەی قولە لەگەڵ سوپای {قبطان حسین پاشا }کە هاتبوو بۆ گواستنەوەی فەرەنسیەکان لە میسر . هەر لە میسر ماوە پاش چونەدەری فەرەنسیەکان . کاتێ سوپای عوسمانی شکا لەناوچەی {ابی قیر} ساڵی ١٧٩٩ ی زاینی ، سەرۆکی ئەم تیپە گەشتی کرد بۆ وولاتی خۆی ، محمد علی لە شوێنی خۆی دانا و پلەکەی بەرز کردەوە بۆ {بکباشی}

پاش ڕۆیشتنی فەرەنسیەکان لە میسر ساڵی ١٨٠١ی زاینی ،میسر بەکات و ساتێکی ناخۆش و گۆڕانکاری دەسەلآت تێدەپەری میسریەکان بێزاربون بەدەست دەسەلآتی والی تورکی {خورشید پاشا}، لەم هەل و مەرجە ناخۆشە زانایانی ئەزهەر چوونە لای محمد علی داوایان لێکردئەو ولآت بەڕێوەببات بە دادگەری وباشە . سوڵتانی عوسمانی فەرمانێکی نارد کە ببێت حاکمی میسر .

کاری لە پێشینەی گەڕاندنەوەی هێمن و ئاسایش بوو لە ناوخۆ و لە دەرەوەی میسر . شکاندنی ئینگلیز لە شەڕی {ڕەشید}ساڵی ١٨٠٧ی زاینی . شکاندنی {مەمالیك} لەشەڕێکی خوێناوی لە {قەلآی شهیرە} ١٨١١ ی زاینی بەم شێوەیە هێمنی و ئاسایش بۆ میسر گەڕایەوە بنکەیەکی گەورەی وەرگرت لەناو ولآتانی دەوروبەردا . پاشان گرنکی

دا بە باشكردنی باری ناوەوەی میسر  سوپایەكی نیزامی دروست كرد مەشقی پیێ دەكردن بە یارمەتی ئەم سەربازانەی كە لە سوپای فەرەنسی بە جیێمابون كاتی خۆی محمد علی یارمەتی دابوون .

محمد علی هەڵسا بە ئازادكردنی دەوربەر وەك شەڕ دژی {وهابیەكان }لە حجاز و نجد گەڕاندنیەوە سەر میسر ساڵی ١٨١١ = ١٨١٨ ی زاینی پاشان ڕۆیشت بەرەو سودان ١٨٢٠ ی زاینی پاشان شامی گرتەوە بەسەر عوسمانیەكان سەركەوت دووجار لەسەر یەك ١٨٣٣ == ١٨٣٩ ی زاینی بەم شێوەیە دەرگای {استانە}ی كە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیەكان بوو بۆ كراوە بۆ ئازاد كردنی.بەلاَم دەوڵەتە زل هێزەكان وەك { ڕوسیا – بریطانیا – فەرەنسا }ڕازی نەبوون . پشتی دەوڵەتی عوسمانیان گرت بە سیاسی و بەسەربازی . پاش هاوپەیمانەتیان سوپای محمد علی كە تێك شكاو ناچار بوو بكشێتەوە .١٨٤٠ = ١٨٤١ زاینی .ناچاریان كرد تەنها سەركردایەتی ولاَت و سوپای میسر بكات .

## دەستكەوتەكان :-

لە سەردەمی محمد علی زۆر دەستكەوت وچاكسازی لە هەموو بوارێك كرا وەك ( پەروەردەو فێركردن – كشتوكاڵ – پیشەسازی –بازرگانی – سوپا ) زۆر خوێندنگا دروست كران ، ناردنی زۆرلەخوێندكاران بۆ ئەوروپا بۆ وەرگرتنی زانست ،و دەرچونی ڕۆژنامەی {الوقائع المصرية}، دروست كردنی زۆر كارگەی پیشەوەری بۆ ئەوەی چیتر پێویستی خۆیان لە دەرەوە هاوردە نەكەن لە بابەتی سوپاو كەشتیگەل، هەڵسا بە دابەش كردنی زەوی تاییەتی كرد بۆ هەریەكێك لە جۆرە بەرهومێك بچێنیٚ . دابەشی كرد بەسەر جوتیاراندا بۆ ئەوەی دای بچێنیٚ وچاودێری بكات وسودی لیٚ ببینیٚ پارەی دەوڵەت بدات ، زۆر ئاسانكاری كاری كشتوكاڵی كرد پشتیان بەست بە ئامێری كشتوكاڵ. هەندیٚ جۆرە كشتوكاڵی نویٚ هاتە ناوكارەوە وەك لۆكە و چەوەندەری شەكر . كاری بۆ چاكردنی ئاودێری ، دروست كردنی زۆر كەناڵ و پردو بەنداو بۆ ئاسان كاری كشتوكاڵ بەناوبانكترینیان { قناطر الخيرية}بوو . لە میسر بواری بازرگانی زۆر پێشكەوت ،لە بەندەرەكان و دروست كردنی ڕێگەی بازرگانی بۆ ئاسانكاری هاتو چۆ.

لە بواری سەربازی هەڵسا بە دامەزراندنی سوپایەكی بەهێز لە سەربازی میسری دروست كردنی بنكەی مەشقی سەربازی ،دانانی سەرەتای سوپای دەریایی ،دروست كردنی كەشتیگەلی میسری ، ئەم كەشتیانە چەند شەڕێكی گرنگیان كردو سەركەوتوبون ،گرنگترینیان شەڕی {المورە} ١٨٢٧ ی زاینی  شەڕی شام ١٨٣٢ – ١٨٣٩ ی زاینی . كارگەی پیشەسازی دەریایی لە ئەسكندریە دروست كرد ناوی نا {الترسانە البحريە}ئەوش بۆ جیٚ بەجیٚ كردنی پێویستیەكانی كەشتیگەلی میسری زۆر چاكسازی كارگێڕی لە میسر كرد . وەك دروستكردنی ئە نجومەنی دیوانەكان

**، {دیوانی بالآ} شوێنەکەیان لە قەلآ بوو . والی سەرپەرشتی دەکرد ، لقی لە ناو حکومەت هەبوو وەك دیوانی خوێندگاکان و دیوانی سەربازی .**

**لە ساڵی ١٨٤٩ ی زاینی لەئەسکەندریە کۆچی دوایی کرد لە مزگەوتی {جامع محمد علی} بەخاکیان سپارد لە قەلآی صەلاحە دین ئەیووبی لە قاهیرە.**

**ئەمانە کەسانی بنەماڵەی عەلەویەکانن کە لە میسر دەسەلآتی بە ڕێوەبردوەلە کوڕو نەوەکانی محمد علی پاشا لە ساڵی ١٨٠٥ ی زاینی – ١٩٥٢ ی زاینی .**

**١ – والی محمد علی پاشا ١٨٠٥ – ١٨٤٨ ی زاینی**

**٢ – والی ئیبراهیم پاشا کوڕی محمد عل پاشا ١٨٤٨ ی زاینی لە یونیو تاوەکو نەفمبر**

**٣ – والی عباس حلمی یەکەم کوڕی طوسون پاشا ١٨٤٨ – ١٨٥٤ ی زاینی**

**٤ – والی محمد سعید پاشا کوڕی محمد علی ١٨٥٤ – ١٨٦٣ ی زاینی**

**٥ – خدیوی إسماعیل پاشا کوڕی محمد علی ١٨٦٣ – ١٨٧٩ ی زاینی**

**٦ – خدیوی محمد توفیق ١٨٧٩ - ١٨٩٢ ی زاینی**

**٧ – خدیوی عباس حلمی دووەم ١٨٩٢ - ١٩١٤ ی زاینی**

**٨ – سوڵتان حسین کامل ١٩١٤ - ١٩١٧ ی زاینی**

**٩ - سوڵتان ئەحمد فؤاد ١٩١٧ – ١٩٢٢ کەبوە مەلیك فؤادی یەکەم ساڵی ١٩٢٢ – ١٩٣٦ ی زاینی**

**١٠ – مەلیك فاروقی یەکەم ١٩٣٦ – ١٩٥٢ ی زاینی**

## چوارەم : سەرکردە سەربازی و کارگێڕیەکان لەسەردەمی محمد علی و بنەماڵەکەی

**محمد علی پاشا زۆر متمانەی بەسەرکردەو سەربازە کوردەکان هەبوو لە چەسپاندنی دەسەلآت لە میسر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تواناو شارەزاییەی کە هەیان بووە لە شەڕو شۆڕ و کارگێری بەڕێوەبردن و پاك و بێگەردی لە دڵسۆزی بەوەفا یی کە ناوبانگیان دەرکردبوو ، ئەم سەرکردە کوردانەی کە زۆر خزمەتی خۆی و بنەماڵەکەی کردوە ئەمانەن :-**



وەرگێڕانی مامۆستا میثیر حسن عمر

## ١- سەرکردە حاجو بێك : -

ناسراوە بە سەرکردەی کوردی یەکەم  یاریدەدەری دەستەڕاستی محمد علی پاشا لە دامەزراندنی دەوڵەتی میسر تێك شکاندنی مەمالیك .

کاتێ کە سوڵتان سەلیمی سێیەم سوڵتانی عوسمانی دەسەڵاتداری هەرێمەکان و وولآتەکە خەڵك و سەرکردەی هۆزەکانی کۆکردەوە بەرێ ی کردن بۆ ئوستانە بۆ مەشق پێکردنی هونەری شەڕ ڕێکخستنی سەربازی نوێ ، ئەوکاتە حەجۆ یان حاجۆ گە نجێك بوە لە تەمەنی پانزە ساڵیدا ،زێدی لە دایك بونی شاری { وان } بوە ،یەك لە شارەکانی کوردستانی ئێستا .بەلآم بەخت یاوەری بوە کە چوە بۆ ئوستانە و ئەدرنە .پاشان بەشداری کردن لە سوپای عوسمانی نیزامی نوێ، ئەم کاتە

ڕوتبەی {یۆزباشی سواری } بووە ، کێشەو هەرا دروست بوو لە بەینی ئینکشاریەکان و سوپای نیزامی لە ناو سەربازانی عوسمانی. سوودی لەم هەلە وەرگرت و گەڕایەوە زێدی خۆی وان . زاواکەی شێخ عبیداللە باسی گەندەڵی کارگێڕی لە جێنشینی عوسمانی دەکات وە بلآبونەوەی پیلان گێڕی و ئاژاوە هەڕەشە لە دوارۆژی حوکمی عوسمانی دەکات . وە لەم کاتە شالآوی ناپلیۆن پۆناپارت بەرەو میصر هات لە ساڵی {١٧٩٨ – ١٨٠١}زاینی ،

لێرە {حاجۆیان} ڕاسپارد کە گە نجەکان کۆبکەنەوە تا شۆڕش بکەن پەیوەندی بە سوپای نیزامی بکەن دژی فەڕەنسیەکان بکەن و لە وولآت دەریان بکەن .

کاتێ سوپای عوسمانی شکا بەرامبەر سوپای فەڕەنسی بەسەرۆکایەتی{کلیبر} گەڕایەوە بۆخانکە ساڵی ١٨٠٠ زاینی حاجۆ ئەرکی پاراستنی کۆتایی سوپاکەی گرتەدەست .

باسی حاجۆ نەماو بزربو تا سەرەتای دەرکەوتنی محمد علی پاشا کە زۆر پێ ی سەرسام بوو بە ئازایەتیەکەی لەشەڕەکان دژی فەڕەنسیەکان تەنانەت ناونیشانی {یلدیرم حەجۆ}یان پێدا بەمانای( هەورە تریشقە ) چونکە قاهیرەی پاراست لە هێرشی مەمالیکەکان کەئەوەش لەمێژووی {جبرتی} باسی دەکات .

# ٢ – مشير شاهين پاشا ١٨٨٤ ی زاینی

المشير شاهين ئاغا كوڕی عەلی ئاغا كە ناسراوە بە ناونيشانی { كنج} وەزيری بەرگری و شەڕ لەسەردەمی محمد علی پاشا .

باوكی لەگەڵ خۆی بردويەتی بۆ ميسر لەسەردەمی محمد علی پاشا لەوێش لەگەڵ بعثە ی زانستی چووەتە كۆليژی سەربازی خوێندنی تەواو كردوە .لە {سانبيرس}لە پاريس پاشان گەڕاوەتەوە ميسر پەيوەندی بە سوپای ميسری كردووە بەشداری شەڕەكانی دژی وەهابی كردوە لە حجاز ساڵی ١٨١١ – ١٨١٨ ی زاینی . لەوێ ئازايەتی و لێهاتويی بەدەركەوت . شاهين پاشا ڕوتبە لە دوای ڕوتبە وەرگرتووە لەسەردەمی والی عباس حلمی ١٨٤٨ – ١٨٥٤ ی زاینی والی محمد سعيد ١٨٥٤ – ١٨٥٥ ی زاینی لەسەردەمی والی عباس پۆستی (قائمقام) ی وەرگرتووە بەشداری شەڕی {قرم}ی كردووە لەساڵی ١٨٥٣ – ١٨٥٥ ی زاینی لەگەڵ شالاوی ميسری بۆ پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی پاش بەرزكردنەوەی بۆ {رتبە ميرئالای } ساڵی ١٨٥٥ ی زاینی .

لەسەردەمی خديوی ئيسماعيل {١٨٦٣ – }١٨٧٩ی زاینی شاهين پاشا دامەزرا بە پارێزگاری قاهيرە ١٨٦٦ ی زاینی خديوی ئيسماعيل لەنێو ئەم شاندەی دانا كە بۆ فەرەنسا دەچوون وە پلەی بەرزكردوە بۆ ليوا .

پاشان بە سەرۆكايەتی شاندێك چوە سودان ساڵی ١٨٦٧ ی زاینی بۆ لێكۆلينەوە لە ياخی بونی سوپای سودانی لە {كسلا و سواكن}لەم كاتەدا ڕێگە نەدەدرا خۆپيشاندانی سەربازی بكرێ لە سودان بە فەرمانی ناپليۆن پۆنا پارت بە بۆنەی گەڕانەوەی يەكەيەكی سودانی سەربازی لە مەكسيك كە لەگەڵ سوپای فەرەنسی چوبون بۆ مەكسيك ١٨٦٧ ی زاینی .

وە لە ساڵی ١٨٦٨ ی زاینی شاهين پاشا بە وەزيری شەڕو سەربازی دامەزرا بۆ جاری دووەم سەردانی سودانی كرد ١٨٧١ ی زاینی بۆ پشكنينی سودانی خۆرهەلات . لە ساڵی ١٨٧٥ ی زاینی پاڵپشتی هێڵی شەمەندەفەری سودانی كرد كە هێڵەكە درێژ دەبۆوە لە دۆڵی {حلفا}بۆ باشوری ميسر بۆ {دنقلا} لە سودان .

شاهين پاشا وردە وردە پلەی سەربازی بەرز دەبۆوە تا گەيشت روتبەی{مشير} بووە وەزيری بەرگری و سەربازی لە حكومەتی { محمد شريف پاشا} ١٨٧٩ ی زاینی بۆ جاری دووەم لەم ساڵە خديوی ئيسماعيل لەسەر حوكم لابردرا ئەويش لەگەڵی ڕۆيشت بۆ{ ناپولی} لە ئيگاليا . لەوێ كۆچی دوايی كرد ساڵی ١٨٨٤ ی زاینی پاشان لاشەكەيان گەڕاندەوە بۆ ميسر لەوێ بە خاكيان سپارد .

## ٣ – عەباس بارزانی ١٨٣٨ ی زاینی

ئەفسەرێکی کوردبوو پەیوەندی بەخزمەتی محمد علی پاشا کردوە. بەناوی {جندی} ناسراوە بەشداری کردوە لەشەڕەکانی محمد علی لەسودان بویتە لێپرسراوی هەندێ ناوچە لە میسر ١٨٣٥ – ١٨٣٨ ی زاینی لە میسر کۆچی دوایی کردوە ١٨٣٩ ی زاینی .

## ٤ - تیمور کاشف ﴿ ١١٧٩ ز / ١٢٦٤ ی ==== ١٧٦٥ ز ١٨٤٨ ك﴾

محمد کوڕی ئیسماعیل کوڕی علی کوردی بە {تیمور کاشف} بەناوبانگە .ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر نەوەی کوردان لە {قەرە چولان} نیشتە جێ بوون .لە کوردستانی عێراق باپیرانی بە تیموریە بەناو بانگە لە میسر .

تیمور کاشف هاتۆتە میسر لەگەڵ ئەم کەشتیەی کە محمد علی تێدا بوە ١٨٠١ ی زاینی پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان هەبووە کاتێ کە محمد علی بویتە والی میسر تیمور کاشف لە تایبەتەکان بووە ، زۆر جێگای متمانەی ئەو بووە لە کارو بارەکان وەك ڕووداوی مەمالیکەکان لە قەلاَ ١٨١١ ی زاینی .

تیمور کاشف زۆر پۆست و کاری دەوڵەتی وەرگرتوە لە میسر ، کاتێ محمد علی بەسەر وهابیەکان سەرکەوت لە حجاز تیمور کاشف وەك والی {مدینە منورە}دامەزرا بۆ ماوەی پێنج ساڵ. دواکار کە پێی ڕاسپاردرا کاری {کاشفی ڕۆژهەلاَت} بوو بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ هەر بۆیە بە کاشف ناسراوە .

محمد علی بانگی کاشفی کردوە بۆ کۆشکی خۆی وە بە {قارداش} بانگی کردوە مانای برا یان هاوڕێ ، ناسراو بوو بە خوا پەرستی و داد پەروەری وە هەندێ توند بوو لە کارەکانی ، ڕۆشنبیر بوو کوردی و عەربی و تورکی و فارسی دەزانی . ڕۆشنبیریەکەی کاری کردبوە سەر کوڕەکەی {ئیسماعیل پاشا تیمور}و نەوەکەی {عائشە عصمت}کە ناسرابوو بە عائشە تیموری وە پەروەردەی ئەدەبی کردون . لە ١٨٨٤ ی زاینی لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد لە تەنیشت مەزاری {ئیمام شافیعی }لە قاهیرە بە خاکیان سپارد .

## ٥ – ئیسماعیل ڕشدی پاشا  ٧ ی زی حجه ١٢٣٠ کۆچی  == ١٢٨٩ کۆچی ==== ١٨٢٣ – ١٨٨٢ ی زاینی

ناوی تەواوی ئیسماعیل ڕشدی پاشا کوڕی محمد کوڕی ئیسماعیل کوڕی تەیمور کاشف  گۆرانی کوردی ، لە فەرمانبەرە گەورەکانی بنەماڵەی محمد علی پاشا بوە لە میسر .لە سەرەتای ژیانی لە خۆشگوزەرانی و ماڵ بوە زۆر گرنگی داوە بە زانست و زمانەوانی  فێری زمانی تورکی و فارسی بووە  ، ئەو زۆر زیرەك بوو لە زمانی تورکی زۆر لە هاوتەمەنەکانی خۆی لە پێش تر بوو . محمد پاشا زۆر پێ ی سەرسام بوو وەك نوسەری تایبەت لای خۆی دا یمەزراند . پاشان بوو بە جێگری بەڕێوەبەری ڕۆژهەلاتی ، بەڕێوەبەری هەندێ بەڕێوەبەرایەتیەکان لە کۆتایی بەڕێوەبەری ڕۆژئاواییەکان کە لە هەموان گەورەتربوو.

پاشان گەڕاوە ناو دیوان وەك سەرۆکی کۆمەڵەی ڕاستیەکان کاری دەکرد لە سەردەمی ئیبراهیم پاشا ١٨٤٨ ی زاینی ، پاشان لە سەردەمی والی عەباس حلمی ﴿ ١٨٤٨ = ١٨٥٤﴾ ی زاینی پلەی بەرزکرایەوە بۆ جێگری هەموو دیوان ، پاشا لەسەر خۆی { فەرمانگەی ئەسەفیەی} دامەزراند ، پاشان بووە سەرۆکی دیوان لە سەردەمی محمد سعید پاشا ١٨٥٤ = ١٨٦٣ ی زاینی پاشان گەیشتۆتە ئەمینداری تایبەتی خدیوی محمد توفیق پاشا ١٨٧٩ = ١٨٩٢ ی زاینی ماوەی شەش مانگ تا کۆچی دوایی ١٨٨٢ ی زاینی .

بەلام لە بارەی خو ڕەوشتی ناسرابوو بە ئارامی و لەسەرخۆیی خۆیەکەم زان و زمان پاراو گرنگیدان بە زانست و شەیدای خوێندنەوە گرنکی دان بە هەموو جۆرە پەرتوکێك منالەکانی شاعیر عائشە تیموریە زانای ئاینی ئەحمد تیمور پاشا .

## ٧ – فەریق ئیسماعیل حەقی پاشا – باوکی جبل ( چیا ) –١٨١٨ – ١٨٨٣ ی زاینی

ئیسماعیل حەقی پاشا کوڕی ئەبوبکر ناسراو بە نازناوی {باوکی چیا}لە خێزانەکی کوردبوون ڕەچەڵەکیان لە ولایەتی عەزیز لە ئەنادۆڵ .

باوکی قائیمقامی ئەم شارە بووە لە ساڵی ١٨١٨ ی زاینی لە دایك بووە ،باوکی ناردیتیە میسر ساڵی ١٨٣٣ ی زاینی  پەیوەندی کردووە بە قوتا بخانەی قەلای شەڕوسەربازی ،  پاش دووساڵ دەرچووە لە بەشەکەی خۆی لە سەر بەشی سەربازی دامەزراوە ، بەشداری شالاوی ئیبراهیم پاشای کردووە دژی وەهابیەکان لە حجاز وە برینندار بووە .لێرە ئازایەتی بەدەرکەوتووە نازناوی {ئەبو جبل }یان پێداوە.

كە گەڕايەوە ميسر زۆر پۆستى بالآى وەرگرتوە  پلەى بەرز كراوەتەوە بۆ{ ليوا }١٨٥٠  ى زاينى وە كراوەتە بەڕێوەبەرى {قنا و اسنا} وە بۆتە حاكمى گشتى سودان ١٨٥٢ ى زاينى لە دواى { روستم ئاغا پاشا} ١٨٥٤ ى زاينى ،  بەشدارى شەڕى {قرم}ى كردوە وەك سەركردەى ليواى ميسرى بەرامبەر «سباستول» ڕوسياى ئێستا بە پاڵپشتى سەركردايەتى گشتى ميسر .

پاش گەڕانەوەى بۆ ميسر ١٨٥٧ ى زاينى دامەزرا وەك {سەرۆكى ئە نجومەنى طنطا} سەركردەى سەربازى پيادەڕەو پاشان خانەنشين بووە بەلآم گەڕاندیانەوە وەك ئەندامى ئە نجومەنى دەسەلآت ،  ڕاسپێردرا بۆ سەركوتكردنى ململانێ ى عەرەبى فيوم وەحشەكانى ميسر .

جارێكى تر دامەزرا بە بەڕێوەبەرى بەڕێوەبەرايەتى { قنا و اسنا}  سەرۆكى ئە نجومەنى سەربازى لە ميسر ١٨٧٩ ى زاينى  وەك بەڕێوەبەر لە بەڕێوەبەرايەتى ڕۆژئاوا كارى كردوە . پاشان پلەى بەرز بۆوە بۆ فەريق ،وە دامەزرا بە ئەندام لە ئە نجومەنى دەسەلآت  لێپرسراوى هەموو كەشتيگەلى  ١٨٦٧ى زاينى ، بووە پارێزگارى ميسر ، دووبارە گەڕايەوە بۆ ئەندامى ئە نجومەنى دەسەلآت ١٨٧٤ ى زاينى پاشان بوو بە جێگرى  ئە نجومەن ١٨٧٥ ى زاينى  بووە ئەميندارى {بيت مال}١٨٧٦ ى زاينى  پاشان بووە سەرۆكى ئە نجومەنى دەسەلآت ١٨٧٩ ى زاينى تاوەكو بەڕێكرا بۆ خانە نشينى ١٨٧٩ ى زاينى .

خديوى توفيق بە  پێويستى زانى ئە نجومەن كۆبونەوە سازبكەن لە كۆشكى {راس التين}لە ئەسكندريە بۆ چارەسەرى بابەتى شۆڕشى {العرابيە} ١٨٨٢ ى زاينى پێش لێدانى كەشتيگەلى بەريتانى بۆ دەرچون . لە ٢٥ ى نيسان ١٨٨٣ كۆچى دوايى كرد .

## ٨ – عەلى ڕەضابەگ ناسراو بە كوردى {١٨١٤ = ١٨٩٠} ى زاينى

ئەفسەرى سەربازى و كارگێڕى لە ميسر و سودان لە شالآوى ميسرى بەسەرۆكايەتى ئيسماعيل كەمالى سێيەم كوڕانى محمد على پاشا لە گەڵ باوكى چوو بۆ سودان ١٨٢٠ ى زاينى لە سوپا بەشدار بوو لەگەڵ { غلام يافع} زۆرى پێ نەچوو بوو.

بە {بلوك باشى } ياخود ئەفسەر لە سوپاى نا نيزامى وە بوو بە كۆكەرەوەى باج و خەراج لە ناوچەى ڕۆژهەلآتى نيلى شين چەندين ساڵ لەم كارەى بەردەوام بوو .

پاشان پلەی بەرز بۆوە بۆ {سنجق }کە هاوتایە لەگەڵ {ئامیر لیوا} ١٨٥٦ ی زایینی هەڵسا بە جوڵەی سەربازی لە بازاڕی {ئەبی سن} بە فرمانی حاکمی گشتی سودان پاشان پلەی هاوتا کرا بۆ قائمقام دامەزرا بە حاکمی ناوچەی نیلی سپی ١٨٦٦ = ١٨٧١ ی زایینی .

لە ماوەی جێ بەجێ کردنی کارەکەیدا لە سودان تاوانبار کرا بە خراپ بەکارهێنانی دەسەلاّتەکەی بەلاّم بێ تاوان دەرچوو گەڕایەوە سەرکارەکەی {حاکمی نیلی سپی} ١٨٧٥ ی زایینی لێرە یاخی بونی { شلوك}ی کوژاندەوە لە سودان . کاتێ شۆرشی {مهدی} سەری هەڵدا بەشداری کرد لە سەرکوتکردنی لە جەزیرە ، لەم کاتەدا {خرطوم}چواردەورەی گیرا بەلاّم توانی خۆی ڕزگاربکات پاشان بوو بە ئامیر هێزی نا نیزامی بۆ پاراستنی میسر لە شۆرشی سودانی ،تاکو ١٨٩٠ ی زایینی ڕەوانەی خانەنشینی کرا پاشان لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد ١٨٩٠ ی زایینی .

وەرگێڕانی مامۆستا مشیر حسن عمر

# بەشی شەشەم

## کەسایەتیە ناودارەکان و میدیاکارەکان لە میصر

## کە ڕەچەڵەکیان کوردە لە چەرخی نوێ

لە ئە نجامی ئەم شاندە کوردیانەی کە دەهاتنە میسرو لەوێ نیشتە جێ دەبوون بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان بەجێ دەمان زۆر بنەماڵە لە میسر ڕەچەڵکیان کوردە . زۆر کەسی بەناوبانگیان لێ هەڵکەوت لە هەموو بوارەکانی ژیانی میسر، زۆر کەسایەتی میسری کە کوردبون بەشداربون لە ڕەوڕەوەی هەڵسانەوەی پێشکەوتنی بیرو زانستی میسری نوێ ، ئێستاش زۆر لە بنەماڵە کوردەکان لە میسر هەن ،وەك بنەماڵ کوردیەکان ، ئەیووبیەکان ،وائلیەکان ، خەربوتلیەکان ،ماردینیەکان ،بدرخان ،تیموری ، عونی، سویرکی هی تریش ، لێرە باسی تەیموریەکان و بدرخانیەکان دەکەین .

### بنەماڵەی تەیموری لە میسر =:

کاتی خۆی وە هەتا ئێستا بنەماڵەی تیموری کە ڕەگیان کوردە ڕۆڵی بەرزو بالأیان هەیە پێشکەوتنی لە زانست و ئەدەب لە میسرو وولأتانی عەرەبی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەدرێژایی سەدەی بیستەم و هەتا ئەمڕۆش ، ئێستاش ڕەخنەگرو فێرخوازو لێکۆڵەرەوەکان لە مێژووی ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخ ئاماژە بە ئەدیب

{محمد تيمور به پيشەنگى چيرۆك } وە { احمد تيمور باشا }خاوەنى گە نجينەى دەست نوسە گەورەكان ،و ليكۆلەرى كتابى ميرات، شاعيرى ژن {عائشه تيمور } يەكيكن لە پيشەنگەكانى شيعرى عەرەبى نوێ.

ئەم بنەماڵەيە خزمەتگوزاريەكى روونى لە هەموو بوارەكانى ئەدەبى عەرەبى كردووە.دەست پێ دەكات لە باپيرانەوە {محمد تيمور كاشف} كورەكەى ئيسماعيل تيمور پاشاى گەورە كە زۆر شارەزا بوو لە بيناسازى توركى لە كۆشكى محمد على پاشا ، عائشە تيمورى شاعيرەكى ناودار بوو .

زاناو ليكۆلەر { ئەحمد تيمر پاشا }و كورەكانى ئەديب{محمد تيمور} ئەديب {محمود تيمور}.

ئەم بنەماڵەيە لە باپيرە ى{محمد تيموركاشف}دەگەرينەوە سەر ئەم سەركردانەى كە كاتى خۆى زۆر هاوكارى محمد على پاشايان كردبوولە بەرێوەبردنى حوكمى ميسر باسى {ئيسماعيل تيمورمان} كرد كە كچەكەى {عائشە تيمور } و كورەكەى زانا {ئەحمد تيمور} چيرۆك نووس { محمود تيمور} ليرە باسى هەنديكيان دەكەين .

## زانا و بيرمەند{ئەحمد تيمور پاشا} ١٢٨٨ – ١٤٨ كۆچى ١٨٧١ – ١٩٣٠ ى زايينى

ئەحمد كورى ئيسماعيل كورى محمد كورى ئيسماعيل كورى على تيمور كوردى و ئەديب، زمان زان، ليكۆلەر ،

مێژوونوس ، لەدايك بووە لە قاهرە كۆچى دوايى كردووە .باوكى {ئيسماعيل پاشا} پۆستى سەرۆكايەتى ديوانى خديوى وەرگرتوە . كاتێ كۆچى دويى كردوە ئەحمد منداڵ بوو عائشەى خوشكى بە خيوى كردوە شاعيرە ناسراوەكە لە قوتا بخانەى {مارسيل}ى فەرەنسى تۆمارى كردوە.

زۆر شەيداى ئەدەبى عەرەبى بوو ئەو فير بوو لە سەر دەستى مامۆستاى تايبەتى عەرەبى و فارسى و توركى زۆر خولياو سۆزى هەبوو بۆ خويندنەوە كۆكردنەوەى دەست نووسەكان و پەرتوكە دەگمەنەكان بوو .تاكو گەيشتە

١٩ هەزار ناونيشان دوايى مردنى هەموويان گواسترانەوە بۆ خانەى پەرتوكى ميسرى.

زۆر خۆى ماندوو دەكرد بۆ زيندو كردنەوەى فۆلكلۆر ، بەلاَم حەزى لە پۆستى حوكمى نەبوو لەگەڵ ئەوەش دامەزرا بە ئەندام لە ئە نجومەنى پيرانى ميسرلەگەڵ دامەزراندنى لەسەرتاوە ١٩٢٤ – ١٩٣٠ ى زايينى .

دەستى لە كار كيشاوە كاتى ئە نجومەن لەسەر ريرەوى خۆى نەما بەلاَم موچەيان پيدەدا ١٩١٩ ى زايينى بوو بەئەندام لە شوينەوارى ميسرى و يەكەى زانستى لە ديمەشق و قاهيرە ، ئەندامى بالاَى خانەى كتابى ميسرى زياتر لە جاريك.

ئامادەكردنى مامۆستا سيروان حسن عمر

کچی وەزیری ناوخۆ {ئەحمد ڕشدی پاشا}ی مارە کرد سێ کوڕی لێ بوو بە ناوی{ئیسماعیل = محمد =محمود}تەنانەت پێیان دەگوت باوکی بلیمەتەکان { محمود = ئەحمد} .

لە دانراوەکانی {التصوير عند العرب} و {نظرة تاريخية في حدوث مذاهب الأربعه}و{ تصحيح لسان العرب}و{تاريخ العلم العثمانى}و{ضبطالاعلام}و {البرقيات المقاله}و{لعب العرب}و {أبو العلاء المعرى و عقيدته}و{الألقاب والرواتب} {معجم الفوائد}وە ئەوانە گرنگترین دانراوەکانین {الاثار نبويه}و{اعيان القرن الرابع عشر}و{الامثال العاميه}و{الكنايات العاميه}وتراجع المهندسون}و{نقد قسم التاريخى في دائرة المعالم فريد وجدى}و{التذكره تيموريه مجلدان}و{السماع والقياس}و{ابيات معانى و العادات}و{المنتخبات في شعر العربى}و{تاريخ الاسرة التيموريه}و{أسرار العربيه}و{أوهام شعر العربى في المعانى} و {فهرس لخزانه الادب للبغدادى} و{ذيل طبقات الأطباء}و{مفتاح خزانه}و{ذيا تاريخ جبرتلى} و{الالفاظ الميسريه} و { قاموس كلمات العاميه} شەش بەشە نامە گۆڕینەوە لە بەینی بیرمەند ئەحمد تەیمور پاشا وبابی ئەنستاس کرمەلی هەبوو، پیشەسازی پەرتوك لە پیت چنین سەرو ژێرەکان ، میدیای بیری ئیسلامی لە چاخی نوێ،{على بن ابى طالب وشعره وحكمه}و{أوهام شعراء العرب في معانى}و{الموسيقى و غناء العرب}و{الحب وجمال عند العرب} و{اسرار العربيه}و{المختار من المحفوظاتالعربيه في استانه}و{نوادرمحفوظات عربيه و مكان وجودها}والاسلحه ناريه في الجيوش الاسلاميه}

و{التذكر التيموريه}و{تراجع الاعيان القرنالثالث عشر و الرابع العشر}و{اسماءالاطعمه}

لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد لە ٣٠ /١٩٣٠/٥ ی زایینی نمونەی خۆ بەکەم زانین ونەفس بەرزو بە وەفابوو

جێگای شانازی بوو لە نێو پیاوان لە زانست و لەسەرەخۆیی و سەخاوەتی وە زۆر ڕووخۆش بو لەگەڵ خەڵك.

خێزانەکەی کەکۆچی دوایی کرد تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو بەڵام ژنی دووەمی نەهێناوە نەوەك بەخرا پی لەگەڵ محمد و محمود مامەڵە بکات.

## نووسەر محمد تیمور { ١٣١٠=١٣٣٩ کۆچی = ١٨٩٢- ١٩٢١ ی زاینی }

محمد کوڕی ئەحمد کوڕی ئیسماعیل پاشا تیمور:شاعیرو ئەکتەری نواندن ونوسەری شانۆگەری بەناوبانگترین دامەزرێنەری ئەدەبی چیرۆك و شانۆگەری بوو لە میسر .

لەدایك بون و کۆچی دوایی لە قاهیرە بوە . سەفەری کردبوە بۆ {برلین} بۆخوێندنی پزیشکی ، بەلاّم وازی لیّ هێناوە چۆتە {پاریس} خوی داوەتە خوێندنەوەی پەرتوکی ئەدەبی فەرەنسی، پاش سیّ سالّ گەڕاوەتەوە میسر ١٩١٤ ی زاینی ، کاتی خۆی تەرخان کردوە بۆ شانۆو ئەدەب کاریگەر بوە بە ئەدەبی ئەوروپی لە کاتی خۆی . بەشداری کردوە دامەزراندنی کۆمەڵگەی پشتیوانی بۆ نواندن . تیپی{ مهدیە}زۆر شانۆگەری دەکرد .وەك {عبدالرحمن ڕشدی= منیر مهدیە=عکاشە =عزیز عید} زۆر کۆمیدیای کۆمەلاّیەتی وە

{العصفور فی القفص – عەبد ستار ئەفەندی}١٩١٨ ی زاینی وە {الهادیە} ١٩٢٠ ی زاینی وە ئۆپەرێتی

{ العشرە الطیبة }کە لە ئاوازی سید دەروێش بوو، لەگەڵ نواندن داهێنانی تیپی نواندی خێزانی بوو. کە خۆی پاڵەوان و نوسەری ڕۆمانەکە بوو. دانانی ئاوازی مەنەلۆج و نواندن و پێش کەش کردن بەلاّم ئەم خێراتر بوو لە نواندن.

هەندیّ کورتە چیرۆك و ڕۆمان لەسەر دەستی ئەو پەیدا بوون لەگەڵ چیرۆکی عەرەبی نویّ و چیرۆکی ئەدەبی

{فی القطار} ڕۆمان نووس بوو لە ئەدەبی میسری و بلاّوی دەکردەوە بە کارەکتەری ناوخۆیی وە گەشەکردنی چیرۆکی فەرەنسی

لەم بارەیەوە خۆرهەلاّت ناسی ڕووسی کراتشوفسکی دەڵیّ .چیرۆکەکانی میسری و وێنەگرتنی واقعیە لەسەر ژیانی میسرە مەیلی بەلای ئەدەبی ئەوروپی هەبوو.ئەم کورتە چیرۆکانە دیزاینی ژیانی میصریە بە شێوەی

{ موباسان یان تشیخۆف}

لە کاریگەری { ومیج روح} و {شانۆگەری میسری } دوو ڕۆمانی هەیە {چۆلەکە لە قفص} و

{عەبدستار ئەفەندی} هەروەها { ماتراە العیون } چیرۆکەکان کۆکرانەوە دوای مردنی .

ئامادەکردنی مامۆستا میثر حسن عمر

## الاديب محمود تيمور { ١٣١١-١٣٩٣ كۆچی = ١٨٩٤=- ١٩٧٣ ی زاینی }

مەحمود کوڕی ئەحمد کوڕی ئیسماعیل تیمور : شای چیرۆکی جیهانی عەرەبی باوکی ئەحمد تیمور پاشا لێکۆڵەرو زانای ئاینی ، ماموژنی عائشە تیموری شاعیر ، براکەی ئەدیب : محمد تیمور .

لە قاهیرە لە دایك بووە لە خوێندنگاکانی میسر خوێندویەتی سەفەری بۆ سویسرا کردوە بۆ چارەسەر وە لەوێ ئاشقی ئەدەبی فەرەنسی و روسی بوە .لەم بوارە خوێندویەتی کە گەڕایەوە زۆر پێشکەوتنی دا بە ئەدەبی ڕۆماننوسین بە هەموو ڕەنگەکانی ، ڕۆمان و چیرۆك و شانۆگەری .

دەستی بە نوسینی چیرۆك کرد لەسەرەتاوە بە گشتی ١٩١٩ ی زاینی پاشان گرنگی دا بە ڕەونبێژی و سەرکەوتو بوو .وێنەی ڕۆڵەی گەلەکەی و چینی زەحمەت کێش وژیانی ڕۆژانەیان بەشێوەزاری گشتی خستە ناو چیرۆکەکانی

لە گەنجی دەستی بە هەڵبەست نوسین کرد و پارچەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فەرەنسی وەردەگێڕا بۆ عەرەبی .

بە ئەندامی گروپی زمانی عەرەبی هەڵبژێردرا لەقاهیرە ١٩٤٩ ی زاینی وە پەیامنێر و ئەندامی گروپی زانستی عێراقی ١٩٦١ ی زاینی وە ڕۆمانەکانی بە دەقی گشتی فوصحا بڵاو دەکردەوە لە یەك بەرگ ،لە ڕۆژی ٢٣ ی ئوغسطس ١٩٧٣ ی زاینی لە لوزان لە سویسرا کۆچی دوایی کرد گواسترایەوە بۆ قاهیرە و بەخاك سپاردرا.

بەلاّم شوێنەواری ڕۆمانەکان لە ٥٠ کاردا شوێنی خۆی کردەوە، بۆسەر چەندەها زمان وەر گێردران کە لە بارەی کێشەی سەردەم و کەلە پورو مێژویی بون هەندێکیان لە بارەی فیرعەونەکان بوون .وێنەی زۆر جوانی پیاوەکانی هێنابوە پێش چاو ، لە بابەتی ئەندەلوسی ڕۆمانی {طارق کوڕی زیاد} لەچاپکراوەکانی لە چیرۆك : {الشیخ سید العبیط ١٩٢٥} { رجب ئەفەندی ١٩٢٨} { کیلوباترا خان خلیلی ١٩٤٦}

{سلوی فی مهب ریح}١٩٤٧ { حاجی شلبی و نداء مجهول }

شانۆگەریەکان : { حواء خالده} ١٩٤٥ {الیوم خمر} ١٩٤٩ { صقر قریش}١٩٥٦ { النبی الانسان}

لە پەرتوکەکانی : { مشکلات اللغة العربیة} { معجم الحضارة}وە زۆر چیرۆکە کورتەکان وەرگێڕدراون بۆسەر زۆر زمانی ئەوروپی .

زۆر خەلاّتی وەرگرتووە: خەلاّتی کۆمەڵەی زوبانی عەرەبی لە قاهیرە١٩٤٧ خەلاّتی دەوڵەت بۆ ویژە ١٩٥٠ خەلاّتی دەوڵەت بۆ ڕێزگرتن لەویژەی گشتی ١٩٦٣ خەلاّتی واصف غالی پاشا لە پاریس ١٩٥١ ی زاینی .

شێوازی زۆر سادە بوو مەیلی شوێنەواری زوبانی ئەوروپی هەبوو . زوبانی چیرۆکی زۆر سادەو ڕوون بوو .لەگەڵ پاراستنی دەربڕینی زوبانی فوصحا . دکتۆر شوقی ضیف وادادەنێ کە دامەزرێنەری هونەری چیرۆکە لە ئەدەبی عەرەبی . دکتۆر طه حسین ڕاگری ئەدەبی عەرەبی دەڵێ باوەڕناکەم هیچ نوسەرێکی عەرەبی بگاتە جەماوەر بە ڕۆشنبیرو نا ڕۆشنبیر جگە لە محمود تیمور ، ئەوەی دەینوسێ دەگاتە ناو دڵی خەڵك چۆن فاتح گەیشتە شارەکە وەك بڕیاری دابوو .

## عائشە تیموریە :{ ١٢٥٦ -١٣٢٠} کۆچی = {١٨٤٠ – ١٩٠٢ } ی زاینی

عائشە عیصمەت کچی ئیسماعیل پاشای کوڕی محمد کاشف تیمور ، شاعیر و ئەدیب لە ناوجەرگەی میصر. پێشەنگی هەڵسانەوەی ئەدەبی ژنان لە سەردەمی نوێ ، شیعری دەنوسی بە تورکی و عەرەبی و فارسی ، لە دایك بوون و مردنی هەر لە قاهیرە بوە .لە پانزەساڵەی تەمەنی شوی کردووە بە محمد توفیق بەگ ئیسلامبولی ١٨٥٤ ی زاینی کوڕ و کچێکی بووە بەناوی {محمود و توحیدە}.

کە لە بەهاری تەمەنیان مردن عائشە حەوت ساڵان بۆیان گریا پاشان چوە ئوستانە ساڵی ١٢٧١ کۆچی وە باوکی کۆچی دوایی کرد ١٨٨٢ ی زاینی گەڕایەوە میسر کاری لەسەر ئەدەب کرد زۆر بابەتی بلاّو دەکردەوە لە ڕۆژنامە ناوبانگی دەرکرد کە خوشکی بیرمەند ئەحمد تیمور پاشایە .

ئەو سێزدە ساڵان بوو دەستی بە شیعردانان کرد بە هەرسێ زمانی عەرەبی وتورکی وفارسی یەکەم کەس کە شیعرەکانی خوێندەوە باوکی بوو زۆر هانی دەدا . چوار دیوانی شیعری هەبوو {حیله الطراز}کە دیوانی شیعری عەرەبی بوو وازۆی عائشەی لەسەرە ئەوانەی تورکی و فارسی بوون وازۆی عصمتی لەسەربوو ١٨٨٦.

ئەنجامی ڕستەکاری لە ووتەو کردار لە ئەدەبی عەرەبی ١٨٨٨ و { شکوفە = گوڵ}دیوانی شیعری تورکی بوو ١٨٩٤ز بۆیە دەڵێن تورکی چونکە چەند دێرێکی زیاتر فارسی نەبوو.

کە شاعیر دەیگوت لەگەڵ گریانەکانی بۆ کچەکەی { توحیدە}لێرە هەندێ کەس دەڵێن ئەم دیوانە تورکی و فارسیە ڕای جیاواز زۆر بون لەم بابەتە خۆی دەڵی هەندێ شیعرەکانی فارسیە بەلاّم بەداخ بووە بۆ کچەکەی کە هەموو شت لەگەڵ نەمانی توحید سوتاوە لە منداڵیەوە. لێرە دەردەکەوێ کە هیچ دیوانێکی فارسی نەچاپکراو نەدەست نوسی

نیە بەڵام شارەزایی لە شیعری فارسی لە دیوانە تورکیەکەی دەردەکەوێ وە گۆڕەکانیان لای ئیمام شافیعیە وە بەگوێرەی پێشەکی دیوانەکەی لە چاپخانەی {محروسە } لە قاهیرە چاپکراوە ١٣١٥ کۆچی=١٨١٨ ی زاینی لە پەرتوکەکانی بەتەمەنتر لە چینەکانی وەك خاتوو {زینب فواز}دیوانی تورکی ناوناوە شکۆفە .

لە ژێر چاپکردن ئیستا ١٢١٢ کۆچی – ١٨٩٤ ی زاینی لە ئوستانە دووجار چاپکراوە جارێك لە قاهیرە وجارێك لە ئوستانە لەوانەیە لە ئوستانە چاپەکەی تەواو نەبێت هەر یەزدان پشت وپەنایە پاداشتیان دەداتەوە . لە ٢٥ ی ئایار ١٩٠٢ ی زاینی لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد لە بارەی ئەم شاعیرە {نبیل حاج} دەڵێ ئەدەبی عەرەبی هیچ ئەدیب و شاعیرێکی ژنی نەناسیوە وەك عائشەتیموری بێ و بەرگری لە مافی ژن بکات پێشەنگ بێ لەئەدەبی ژنانی هاوچەرخ. داوای دەکرد کۆت و زنجیری خوو ڕەوشت لەسەریان هەڵبگیرێ بۆ ئەوەی تەنها بۆ زینەنەبێ بەبیانوی پاراستنی پاکیزەیی .

عائشە تیموریە خاتونێکی کۆمەڵایەتی بوو پێکەوە ژیانی دەویست لە ژن و دادگا و دەستور . داوای دەکرد کۆشك وباڵەخانە دروست بکەن بۆ ئاهەنگەکان و بۆنەکان بەشی وەرگێڕان هەبێ بۆ تێگەیاندنی ئافرەتی دەرەوەی میسر . عائیشە ئەم بیرۆکانەی لەم کاتەدا زۆر نامۆ و لاوازبوو لەم ژینگەیە کە بەسەر ئافرەت داهاتبو باڵی ڕەشی کێشابوو بەسەریاندا .

شیعرەکانی هەمەجۆر بوو وەك دەمەتەقێ و چوارینە و ووتار و خوڕەوشت وئاینیی و لاوانەوەو وە زیاتر خەمباری و گریان بۆ کچەکەی توحیدە .کە زۆر لای ناسۆرەکی گەورە بوو . {نادیە نویهض}دەڵێ ئەوە عائشەی تیموریە کە غەم و خۆشی تێکەڵ کردوە لە شیعرەکانی .وە زۆر سەر سەخت بوە لە داواکانی وە تاڵ و شیرین بوە ،وە جوانترین شیعری شانازی بە شکۆمەندیە لە کێڵگەی ئازار و خەمەکان .

# بنەماڵەی بەدرخانیەکان لە میسر :

بنەماڵەی بەدرخانیەکان شوێنێکی گرنگیان لەمێژووی کورد داگیرکردووە ، شوێن پە نجەیان دیارە لە شۆرشی کوردی و خەباتی سیاسیی و فەرهەنگی .بەدرخانیەکان هیچ میریان نەبوو بەرگری لە خاکەکەیان بکات بەلاَم ڕۆشنبیرەکانیان بەداد پەروەری و بەشێوەی یەکسانی خەباتی وولاَتانی تر کاریان دەکرد.

ناوی بەدرخان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمیر بدرخان کوڕی عەبدال خان کە میری میرنشینی بۆتان بوە .

لە ١٨٢١ – ١٨٧٤ ی زاینی .کە سنوری گەیشتۆتە دەوروبەری موصل لە باشورەوە ، {سنندج} لە ڕۆژهەلاتەوەوە {سیورك} لە ڕۆژئاواوە .دەوڵەتی عوسمانی داگیری کرد لە ئەیلولی ١٨٤٧ ی زاینی . ئەمیر بدرخانی دەربەدەر کرد بۆ ئەستەنبوڵ پاشان بۆ دورگەی کریتلە لە دەریای ناوەڕاست ،تاوەکو لە ساڵی ١٨٦٦ ی زاینی ڕێگایان دا بگەڕێتەوە دیمەشق . لە ١٨٦٩ ی زاینی لەوێ کۆچی دوایی کرد .

سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم لە سەردەمی خۆی هەوڵیدا هەندێ کەسی بنەماڵەی بەدرخان دەستەمۆ بکات بەدرخان بکاتە پشکنەری داد ، سێزدە کەس لەوان وەك سەرکردە پۆستیان بداتێ بەلاَم ئەوان بەردەوام بون لە بەرگریکردن لە مافی گەلی کورد لە خاکی کوردستان . هەڵسان بە چاپکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو وەك

{ڕۆژنامەی کوردستان} ١٨٩٨ ی زاینی کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکرد ، بەلاَم دەوڵەتی عوسمانی هێرشی کردە سەر بنکەو بارەگای چاپخانەکان مافی نیشتە جێبونی لە زۆر سەرکردەکان ستاندەوە.

لەبەر ئەم هۆیە زۆر لەم سەرکردانە ڕۆیشتن بەرەو وولاَتی شام ومیسر هەلاَتن لەبەر زۆرداری تورکی و گەڕان بەدوای شوێنێك بتوانن لەخەباتی خۆیا بەردەوامبن.

ئەوانەی بەرەو میسر کۆچیان کرد لە سەرەتاوە مقداد مدحت بدرخان بوو کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەرکرد لە میسر ١٨٩٨ ی زاینی . کۆچی بنەماڵەی بدرخانیەکان زیادی کرد بۆ میسر پاش سەرکەوتنی ئەتاتورك چونکە وای دەزانی بدرخانیەکان دوژمنی باوکیانە ،پاشان ئەمین عالی بەدرخان هات بۆ میسر ١٩٢٥ ی زاینی ڕۆلێکی گەورەی هەبوو لە دەرچواندنی ڕۆژنامەی کوردستان لە میسر ١٩١٩ ی زاینی ، دامەزراندنی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان لە میسر ١٩٢٠ ی زاینی .

هەندێ لە نەوەکانی بەدرخانیەکان دەڵێن لە ساڵی ١٨١٥ ی زاینی لە میصر بوین ،بەتایبەتی لە هەرێمی {الفیوم} نزیکەی ٩٠ کم لە قاهیرە دوورە. نیشتە جێ بون پاش ئەوەی محمد علی فەرمانی کردوە کە چوار هەزار دۆنم زەوی لە نایەی {قلم شاه }و {اطسا} بدرێ بە ئەندازیار عەلی عالی بدرخان لەو کاتەوە ئەوانە لە میسر نیشتە جێ بون و دەستی بەکارکردن کرد بۆ دروست کردنی بەنداوی ئاوی کۆن .

بنەماڵەی بەدرخان بوون بە دووبەشەوە یەکەم {الجندی والی}کە لە ناوچەی غەیوم بلاْوبونەوە لەگەلْ هەموو خزمەکانیان بەتایبەتی لە ناوەندی{اطسا}و {قلمشاه}و{الغلق}و{الحجر}و{البرنس}و{تطون}و

{عزبە قلمشا}و{عزبە خلیل جندی}و{عزبە عثمان جندی} بنەماڵە جندی دەستی گرت بەسەر ئەطسا چونکە لە لەگەلْ هەموو خێزانەکان پەیوەندی و کەسو کاری هەبوو .هەتاکو بەهەموولایەك دا بلاْوبۆوە لە ناوەوە و دەروەی ناوەندەکە .

عەلی جندی چوار کوڕی هەبوو گەورەکەیان {سیف نصر} و {بدرخان} و {والی} و {ریاض }سیف نصر زۆر هاوسەر گیری کردبوو تەنانەت ٢١ ژن ی مارەکردبوو ، کوڕو نەوەی زۆر بوو ئەوەش سەرچاوەی بلاْوبونەوەی زۆری کورد بوو لە ئەطسا .

بەلاْم بەدرخان بوو بە بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی فەیوم و بنی سوف کاتێ کە پارێزگابە بەرێوەبەر دەناسرا پارێزگار بە بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی دەناسرا . بدرخان نازناوی پاشای وەرگرت بەهۆی پۆست وکارەکەیەوە

هاورێ ی کەسی تایبەتی {سعدزغلول}بوو ، ماڵەکەی لە تەنیشت ماڵی ئەو بوو لە {بیت الامە} تەنها باخچەیەك لێکی جودا دەکردنەوە. بەدرخان پاشا و سعد پاشا زغلول وکوڕەکەی ئەحمد بدرخان دامەزرێنەری سینەمای میسری هەمیشە لەماڵی بدرخان دادەنیشتن و کۆدەبونەوە، نەوەکەی علی بەدرخان دەرهێنەری سینەمایی بوو .

بەلاْم {والی عەلی بەگ جندی}سەرۆکی شارەوانی قەڵم شا و وابەستەکانی بووپیاوێکی بالاْکورت بووبەلاْم زۆر بەرەوشت و جدیی بوو لە کارەکانی وێنەی با پیری جلادت. مەلیك فؤاد نازناوی {باکویە}دا بەجندی و وە نازناوی {بەهویە}ی دا بەدوو لەکوڕەکانی.

لە نەوەکانی والی بەگ جندی {ئەحمد بیە والی جندی}جێگری ئەنجومەنی پەرلەمان بۆ سێ خول لە رۆڵە باشەکانی کاتێ {طە حسین }وەزیری پەروەردە داوای کرد خەرجی سەفەری دەرەوی وولاْتی بۆ دابین بکات کە بۆ چارەسەر دەچوو بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوو. گوتی تۆ مافی ئەوەت هەیە لەسەر خەرجی دەوڵەت سەفەر بکەیت

بەلاّم خێزانەکەت لەسەر خەرجی خۆیەتی. بەکرداریش گەر حسین لەسەر خەرجی دەوڵەت چوو بەلاّم خێزانەکەی لەسەر خەرجی خۆی . کاتێ ناکۆکی کەوتە نێوان خێزانەکانی {الغرق} ئەو هەڵسا بە ئاشت کردنەوەیان .وە غرقی دابەش کرد بۆ {غرقی هۆزەکان }و {غەرقی بەحری }بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکان .

بەلاّم {سەید بیەوالی جندی}ماوەکی زۆر بوو بەسەرۆکی شارەوانی قەلەم شاه . دامەزرێنەری کۆمەڵگەی گە نجانی موسوڵمان بوولە{قەیوەم}وە لە نەوەکانی {مأمون والی جندی}ڕاوێژکاری

{ئیسماعیل والی جندی }بوو.

{ئەحمد والی جندی} سەرۆك شارەوانی دامەزراوەی {فیوم} بوو. پیاوێکی بەناوبانگ بوو لە باشی کردار وپیاوەتی و خانەدانی ، ئەم خوانەی لە باوك و باپیریەوە بۆ بە جێمابو .وە لەنەوەکانی

{ئەحمد سەید والی جندی} کوڕەکەی {ئەیمن والی جندی }.

## بنەماڵەیەکی کوردی دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندی کوردی لە میسر:

لە میسر زۆر خێزان هەن کە ناوی کوردیان هەڵگرتوە ، وەك قاهیرە و مەنوفیە وغەربیە وجیزەو ئەوانی تر لە پارێزگاکان .خێزانەکی کورد لە قاهیرە کەدەگەڕێتەوە سەر { شێخ محمد ئەمین کوردی } دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندی کوردی لە میسر ئەوەش کورتەیەك لە ژیانیان و کارو چالاکیەکانیان .

## ١– شێخ محمد ئەمین کوردی

شێخی ڕێبازی نەقشبەندی ، ستایش کراوە بە خوا پەرستی و خۆبەکەم زانین ، زانایانی ئەزهەر باسی چاکەکانی دەکەن لەسەر هەموشیانەوە شێخ { محمد سید طنطاوی}موفتی هەینی لە ناوچەی میسر کە لە ووتەکانی سەرسامی خۆی دەردەبڕێ بە مێژووی کوردەکان و بەرگری کردنی دوور ودرێژ لە گیانی ئیسلام وناسنامەی نەتەوەی خۆیان ،دەڵێ : کورد ڕۆڵی سەرپەرشتیارو کاریگەری مێژوویی هەبووە ، کە مێژوو بە پیتەکانی ڕووناکی تۆماری کردووە. هەروەها شاهێدی بۆ کورد دەدات کە چەند خۆشەویستی ئەولیاو پیاوچاکان و ئالو بەیتی پێغمبەرانین هەبوە . دەڵی بۆ نمونە شێخ {محمد ئەمین کوردی} دوای خۆی کوڕەکەی {شێخ نەجمەدین کوڕی محمد ئەمین کوردی}باسی دەکا کە زۆر نزیك بووە لە سەرکردەکانی میسر سەروکاری خواردنی بۆ جێ بەجێ کردون بە ئەمانەت و بە سەلامەتی، کوردی بوە خەڵکی هانداوە بۆ نزیك بونەوە لە خوای گەورە ،

شێخ محمد ئەمین کوردی هەولێری ڕەچەڵەکی هەولێرە لە نیوەی دوەمی سەدەی سێزدەی کۆچی لە شاری هەولێر لە کوردستانی عێراق . لە حوجرەی باوکی پێگەیشتووە زۆر حەزی لە زانست و ئاین بووە ،کە لایەنگری ڕێبازی قادری بووە ،

هەموو قورائانی لەبەرکردوە ، لەسەردەستی عوسمان سراج دین کوردی پەروردە کراوە ،درێژە پێدەری ڕێبازی نەقشبەندی بوە لە کوردستانی عێراق .

لە ساڵی ١٢٩٩ ی کۆچی = ١٨٨٢ ی زاینی سەفەری کردوە بۆ حیجاز بۆ جێ بەجێ کردنی فەریزەی حەج ،ساڵێکی تەواو لە مەکە ماوەتەوە، چەند ساڵ لە مەدینە بوە ،گەڕاوەتەوە پەیوەندی بە خوێندنگای {محمودیە}کردووە ، زۆر نایاب بوە لە زانست و تێگەیشتن و پاشان لە مزگەوتی پێغەمبەری نازدار(د.خ)وانەی گوتۆتەوە . لەوێ ژنی هێناوە بەلاَم منداڵی نەبووە پاشان باری کردوە بۆ میسر پەیوەندی بە ئەزهەر کردوە. دامەزراوە بە {رواقی کورد} لە ئەزهەری پیرۆز . تا بوو بە جێگری ڕواق و پەسندی کرد کە وانەی فیقهی نوێ بخوێنێت . ئامادەی وانەکانی شێخی لێکۆڵەرەوان {محمدالاشمونی}لە فەرمودەکانی بوخاری دەبوو، وانەی ئوصول فقهی خوێن لای شێخ{مصطفى عز الشافعي} لەلای هی تر لە زانا باشەکان شێخ محمد ئەمین کوردی زۆر وابەستە بوو بە زانستی فەرمودە و تەفسیر ، کاتەکانی خۆی لای شێخ ئیسلام شێخی زانکۆی ئەزهەر{سليم بشير}بەسەر دەبرد گوێ ی لەهەردوو صەحیحەکان دەگرت . شێخ سەلیم زۆر ڕێزی دەگرت دەی گوت زانای پڕ فەڕو بەرەکەت هەر محمد ئەمین کوردی .

شیخ محمد ئەمین لە گەڕەکی {ئیمبابە} نیشتە جێ بوو لەوێش ژنی هێنا خودا زۆر کچ و کوڕی پێ بەخشی ، وا ڕاهاتبو هەموو ڕۆژێك پێش نوێژی بەیانی دەچوە مزگەوتی ئەزهەر بۆ نوێژ، پاشان بوو بە ئیمام و پێش نوێژی مزگەوتی {سنانيه} نزیك ماڵی خۆیان ئەوەی لە موچە وەری دەگرت دابەش سەر هەژارانی دەکرد .شێخ ئەمین کوردی لەسەر ڕێڕەوی شافیعی بوو کە زۆربەی کورد شافعین .

بەیانی ڕۆژی شەموو ١١ ی ڕەبیع الاول ١٣٣٢ی کۆچی =١٩١٥ ی زاینی کۆچی دوایی کرد لە گەڵ بڵابونەوەی هەواڵەکە هەموو دۆست و هەوادارنی کۆبونەوە بۆ بەخاك سپاردنی لە میسر .

## وه له پەرتوك و دانراوەكانی شێخ محمد ئەمین كوردی:

١ – ارشاد محتاج الى حقوق محتاج

٢ – تنوير قلوب

٣ – تعريب رساله أيها الولد وخلاصه تصانيف فى التصرف للامام الغزالى

٤ – الحقيقه العليه فى مناقب النقشبنديه

٥ – سعادة المبتدئين في علم دين و هو على مذهب الشافعى

٦ – مرشد العوام الاحكام الصيام ، وهو في مسائل بالماهب الأربعة

٧ – ضوء السراج في فضل رجب و قصة الاسراء و المعراج

٨ – فتح مساليك في إيضاح المناسك على مذاهب الاربعة

٩ – العهود الوثيقة في التمسك بالشريعة الحقيقية

١٠ – هداية الطالبين لاحكام الدين و هو على مذهب المالكى

١١ – المواهب السرمدية في منقب السادة النقشبندية

١٢ – نعيمة البرية في الخطب في المنبرية وهو ديوان خطب

وەرگێڕانی مامۆستا میشر حسن عمر

شێخ محمد ئەمین كوردی قوتا بخانەیەكی ڕەسەنی زهد و خوا پەرستی هەبوو ئەم خوێندكارانەی كه پێ ی سەرسام بوون له میصر و جیهانی ئیسلامی :

١ – شێخ سلامه العزامی ، پاش مردنی شێخ محمد بو به جێگرەوەی

٢ – شێخ محمد یوسف سەقا ،یەكێك له خەلیفەكانی بوو وه له زانایانی ئەزهەر

٣ – علامه شێخ ولی عبدولوهاب سلیم ئیمامی مزگەوتی شافیعی له قاهره

٤ – زانا فه زیلەتدار شێخ ئیبراهیم ناجی

٥ - زانا فه زیلەتدار شێخ محمد یوسف باهی

٦ - شێخ عەلامە ئەبو خیر کوڕی محمد عەبدولوهاب ئەلهەناسی

٧ – زانا صالح شێخ سلیمان شاکر

٨ – زانا فە زیلەتدار شێخ موسی زهیر

٩ - عەلامەو لێکۆڵەرەوە شێخ محمد راضی حنفی

لە گەورە زانایانی ئەزهەر کە بەناوبانگ بوون

١٠ – ئەدیب صا لح شێخ سلیمان کوڕی علی جهیز

١١ – خواناس شێخ وافی عەبدولصمد ئەشعث

١٢ – شێخ محمد حسن العدوی مالکی

١٣ - شێخ محمد بخیت ئەلمطیعی

١٤ - شێخ محمد زاهد ئەلکەوثری

١٥ – شێخ یوسف ئەلدجوی

## ٢ – شێخ نەجمەدین کوڕی شێخ محمد ئەمین کوردی

ئەو پێشەوا و فەرمودەزان و خواناس شێخ نەجمەدین کوڕی شێخ محمد ئەمین کوردی ڕۆژی هەینی ٢٩ ی محرم ١٣٢٥ کۆچی = ٢٥ مارس ئازار ١٩٠٧ ی زاینی لە دایك بووە لە ناوچەی {بولاق} پاشان خێزانەکەیان چونەتە {ئیمبابە }لەم کاتەی کە باوکی خەریکی کاری پێگەیاندن و باش کردنی ڕێبازی نەقشبەندی بوو ئەم زۆر بچوك بوو .باوکی کۆچی دوایی کرد تەمەنی حەوت ساڵان بوو ،لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز کاری لە پێشینەی بوو ،بنەماکانی خوێندن و نوسین و ڕستەسازی و بیروباوەڕ و وانەکانی خوا پەرستی لەسەر ڕێڕەوی ئیمامی شافیعی دەست پێکرد . بنەمای زانست و ژمێریاری لە زانکۆی ئەزهەر ، لەسەر دەستی شێخ عەلامە محمد زاهد کوثری فێر بوو کە خوێندکاری باوکی بوو .زانستی نوێ و پیاوەتی و زانستی برین تا بویتە زانای ئەم سەردەمە.

شێخ نەجمەدین کوردی لای شێخ سەلامە عزامی کە قوتابی باوکی بوو دەیخوێند و ئیجازەی پێشەوایەتی بۆ هەموو زانستەکانی بانگخوازی ئاشکراو شاراوەکانی لای ئەو وەرگرت دەستی بەکاری پێشەوایی و بانگخوازی کرد.

وەرگێڕانی مامۆستا مشیر حسن عمر

زۆر کەس و مریدی پەروەردەی باشی بۆکردن ، بون بە نمونەی قوتابی زۆر باش و پڕ زانست ، دوای مردنی شێخ {سلامە عزامی} لە ڕۆژی یەك شەم ١٢ای محرمی ١٣٧٦ کۆچی =١٩٥٨ ی زاینی لە ناو ئاپۆڕایەکی جەماوەری گەورە دەنگیان دا بە شێخ نجمەدین کوردی وەك جێنشین و بانگخواز لە جێگای ئەو بە ئامادە بونی وەزیری ئەوقاف و کۆمەڵێکی زۆر لە مامۆستاو زانای زانکۆی میصری .

لە گەڵ ئەم وانە ووتنەوە گرنکی دەدا بە پەرتوکەکانی باوکی لێکۆڵینەوەی لە کتابی {النهایە الفتن والملاحم} ی ئیبن کثیر کرد.

موریدو شێخ نەجمەدین زۆر ڕێزیان دەگرت و خۆشەویست بوو لایان ، هەوڵیان دەدا تا سەردانی بکەن ڕێزی زانست و گەورەکەیان لابوو، لەوانەش شێخ فضیلة {الاکبر شێخ عبدالحلیم محمود} شێخی مزگەوتی ئەزهەر . دکتۆر شێخ {محمد حسن زهبی}وەزیری ئەوقاف سەردانکەری و خۆشەویستی بەردەوامی شێخ کوردی بوو، دکتۆر {محمد طیبب نجار}سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر ، دکتۆر { عەبدولغەنی عەبدولخالق }مامۆستا لە کۆلیژی شەریعە ، خواناس شێخ {صادق العدوی}باوکی شێخ {ئیسماعیل صادق العدوی} وتار بێژی مزگەوتی ئەزهەر وە خواناس شێخ {صاڵح جعفری } وتاربێژی مزگەوتی ئەزهەر، خواناس شێخ {محمد ئەبە عیون}مامۆستای ئاینی لە کۆلیژ و شێخی ڕێگەی گۆشەگیری و تەنیایی لە مصر.وە زۆر مکوڕ بوو لەوەرگرتنی ڕێبازی نەقشەبەندی لەسەر دەستی نەجمەدین کورجی

## وە لە خوێندکارە هەڵکەوتوەکانی شێخ نەجمەدین کوردی :

١ – مامۆستا و دکتۆر عوض الله الحجازی سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر کاتی خۆی

٢ - مامۆستا و دکتۆر بدوی عةبدولطیف سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر کاتی خۆی

٣ - مامۆستا و دکتۆر طە محمود الدیناری ڕاگری کۆلیژی شەریعە کاتی خۆی

٤ - مامۆستا و دکتۆر جاد الرب ڕەمەزان ڕاگری کۆلیژی شەریعە کاتی خۆی

٥ - مامۆستا و دکتۆر کامل خولی مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئەزهەر

٦ - مامۆستا و دکتۆر سید عەبدول التواب ڕاگری کۆلیژی کچان لە ئەزهەر

٧ – دکتۆر محمود فەرەج مامۆستا لە کۆلیژی زمانی عەرەبی

٨ – دکتۆر ریاض هلال مامۆستا لە کۆلیژی زمانی عەرەبی دەیانی تر لە زانایان و شێخە بەڕێزەکان

شێخ نەجمەدین کوردی زۆر ئاگاداری پەروەردەی منداڵەکانی خۆی بوو بە شێوەیەکی باش و لە دڵی وان گیانی ئاینی و لێ بوردنی هاوسەنگی جێگیرکردبوو . هەمویان پەیوەندیان بە ئەزهەرەوە کردو بونە گەورە زانا هەروەها نەوەکانیشیان . ئەمانەن :

١ – خواناس دکتۆر عەبدالرحمان کوڕی شێخ نەجمەدین کوردی جێگری سەرۆکی زانکۆی ئەزهەر یەك لە دکتۆرە بەناوبانگەکانی زمانی عەرەبی بوو ،کاروباری دیوانی جێنشینی نەقشبەندی بەڕێوە دەبرد پاش کۆچی دوایی باوکی ، دوو ساڵ دوای باوکی کۆچی دوایی کرد .

٢ – شێخ عەلائەدین کوردی یەکێك لە بلیمەتەکانی زانکۆی ئەزهەر بوو باوکی مابوو ئەو کۆچی کرد بەگەنجی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو .

٣ – شێخی ئیسلام و خواناس دکتۆر {ضیاء دین کوردی}سەرۆکی بەشی عەقیدەی ئوصولی ئیسلامی بوو ، لە کاتی خۆی معجزە بوە لە زیرەکی زانست و زانینی فراوان ، زۆر ماندوو بوە بە جێنشینی نەقشەبەندی پاش براکەی شێخ عبدالرحمان کوردی زۆر کاری باشی کرد . لە٣١ی کانونی دووەم ٢٠٠٣ ی زاینی کۆچی دوایی کرد.

٤ - خودا ناس شێخ دکتۆر { محمد کوڕی نەجمەدین کوردی}هەڵسا بەڕینوێنی وجێ نشینی نەقشەبەندی ، ڕاوێژکاری ئەنجومەنی وەزیرانی میصری بوو بڕوانامەی دکتۆرای لە شەریعەتی ئیسلامی وەر گرت لە زانکۆی ئەزهەر.

٥ – شێخ حەمید کوڕی نەجمەدین کوردی

٦ – فەزیلەتی شێخ ئەحمد کوڕی شێخ نەجمەدین کوردی

٧ - فەزیلەتی شێخ حسن کوڕی شێخ نەجمەدین کوردی قاضی وەزارەتی دادی میصری دەرچوی ئەزهەر لەیەکەمەکانی خولی خۆی بوو .

٨ - فەزیلەتی شێخ حسین کوڕی شێخ نەجمەدین کوردی دەرچوی کۆلیژی شەریعەی ئەزهەر

لە نەوەکانی شێخ نەجمەدین کوردی ئەوانەی دیارن لە ڕێنوێنی و زانست شێخ ئەحمەد و شێخ محمد کوڕەکانی شێخ ضیاءدین .

لە بەیانی ڕۆژی هەینی ٢٦ ی ذي العقده ١٤٩٤ کۆچی = ١٩٨٦ ی زاینی کۆچی دوایی کرد .

لەسەر ئاستی بنەماڵە ئەم خێزانە بە هەموو جۆرێك جێگای ڕێزو خۆشەویستی خەڵكی میصر بون ،بەوە بەناوبانگ بوو بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی بەینی خێزانەكان لە میصر ڕۆڵێكی گەورەیان هەبووە سەركەوتو بون لە چارەسەر كردنی كێشەكان لە مابەینی لایەنەكان . لە بابەتی ژن و ژنخوازی و كێشەی میرات و تۆڵەسەندنەوەو شەڕانگێزی كە ڕووی دەدا ،دەسەلاَتی حوكمڕانی زۆر متمانەی هەبوە بەم بنەماڵەیە بۆ چارەسەركردنی كێشە هەڵواسراوەكان و زەحمەتەكان .لەبەر ئەوەی متمانەیان بە پاك و بێ گەردی و دادپەروەریان هیچ قسەیەكی خراپیان نەهاتۆتەوە سەر .

زۆر بنەماڵەی تر هەبوون كە كوردبون وەك خێزانی ئەیووبییەكان ڕەچەڵەكیان دەگەڕێتەوە سەر صەلاحەدینی ئەیوبی وەك لە پێشەوە باسمان كرد ، بۆیادی كۆچی دوایی صەلاحەدین بوە بە نەریت هەموو ساڵێ دەچنە دیمەشق .بۆ سەردانی گۆڕەكەی زۆر ڕێوەڕەسمی خێر خوازی دەكەن لەوێ بۆ ماوەی هەفتەیەك دەمیننەوە . پاشان دەگەڕێنەوە میصر .

بنەماڵەی {محی دین } بەناوبانگە ڕەچەڵەكی كوردە لە دایكیەوە ، وەك بۆی باس كردین دكتۆر عومەر محی دین لە زنجیرەی بنەماڵەكەیان دوو خێزانی تر كوردن ئەویش {خێزانی درندلی} و {خێزانی ریاض}. بۆ زانین زۆر لە كووڕەكانی خێزانی محی دین پۆستی سەربازی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوریان وەرگرتوە لە میصر . لەم كەسانەش {فؤاد محی دین }{خالد محی دین} و { زەكەریا محی دین }و {محمود محی دین }و زۆری تریش.

## كەسایەتیە بەناوبانگەكانی میصری كە ڕەچەڵەكیان كوردە :

كەسایەتی مصری زۆرمان باس كرد وە باسی بەشداربونیانمان كرد لە ژیانی میصر ، تێبینمان نەكرد ڕۆژێك بە تێڕوانینی خۆمان نیشتمانی و نا نیشتمانی هیچ هاوسۆزیان نیە تەنها بۆ ئەم ولأتەی لێ ی دەژین.

بەلأم پەڕاوەكان ئاشكرا بوون و زمان قسە دەكات و تەوەرەكان خڕكرانەوە بە ڕاستی زیاتر لەسەر ئەمانە سەلماندیان كە ڕەچەڵەكیان كوردیە ،نزیك یان دوور بەهای زیاتریان بەدەست هێنا بەسەر بەهای خۆیان و شكۆمەندی زیاتریان بەدەست هێنا ، ئێمە سەرنج لەو بیرۆكانە دەدەین و ڕوونی دەكەینەوە هەندێ نمونەی كوردی لە میصر ئەمانەن.

# شازادەی شاعیران ئەحمەد شەوقی {١٨٦٨ = ١٩٣٢} ی زاینی

لەم کوردانەی کە لە عێراقەوە کۆچیان کرد بەتایبەتی لە شاری سلێمانی باپیری ئەحمد شەوقی لە بابییەوە ،ڕاسپاردەی {ئەحمد پاشا جزاری } پێ بوو بۆ والی محمد علی محمد علی داینا لە دەوروبەرەکەی ،

دای مەزراند لەگەڵ ئەم کرێکارانەی تایبەت بەخۆی، تورکی و عەرەبی و کوردی زۆر باش دەزانی بەنوسین و گفتوگۆ ، باپیری وردە وردە پلەی بەرز بۆوە تا گەیشتە ئەمینداری گشتی گومرگی میصری لە سەردەمی والی سعید پاشا ١٨٥٤ کۆچی = ١٨٦٣ ی زاینی .

پاش هاتنی باپیری ئەحمد شوقی لە بابیەوە بۆ میصر هەروەها باپیری لە دایکیشیەوە هات بۆ میصرلە سەردەمی ئیبراهیم پاشا ١٨٤٨ ی زاینی ، ناوی {ئەحمد حلیم نەجدەلی }بوو ڕەگەزی دەگەڕێتەوە سەر ( نجدە )یان ( نگدە} کەدەکەوێتە سەروی خۆرهەلاتی کوردستان نزیك دەریاچەی{ورمێ} ، ئیبراهیم پاشا زۆر پێ ی سەرسام بوو لە خۆی نزیك کردەوە بەدیل گیرابوو ، خێزانەکەی دیلەکی ئازاد کراوی یۆنانی بووناوی {تەمراز}بوو لە شەڕی {ئەلمورە} ١٨٢٧ ی زاینی ئەم کاتە تەمەنی دە ساڵان بوو ،لە کۆشگ پێگەیشت لەگەڵ

خاوەن بوکەکان ، کچێکی بوو پاشان بوو بەدایکی شاعیر ئەحمەد شەوقی ، ئەحمەد خلیل زۆر جۆر فەرمانبەرایەتی میری کرد تابووە جێگرەوەی تایبەتی خدێوی ئیسماعیل پاش مردنی موچەکەیان دا بە خێزانەکەی { تمراز} پاشی مێردەکەی ناویان نا {حەلیمە خانم}

ئەحمەد شەوقی باپیری کچێکی میصری {شەرکسی }مارە کرد کوڕێکی لێبوو ناوی {علی} بوو ،بوو بە باوکی ئەحمەد شەوقی شاعیر.

ئەحمەد شەوقی باپیری کۆچی کرد سامانێکی زۆری بە جێهێشت کوڕەکەی عەلی هەموی بە بەفیڕۆیدا شەوقی لە بەشی یەکەم لە شوقیات دەڵێ کە باپیرم کۆچی دوایی کرد ئەمینداری گشتی گومرك بوو.

سامانەکی زۆری بەجێ هێشت باوکم بە فیڕۆی دا ، ئەو بەکاری خۆی دەژی لە ژێر سێبەری من .

پاشان کچێکی جوانی مارەکرد کچی{ئەحمەد حلیم نجدلی} ئەحمەد شوقی شاعیری لێبوو .١٨٦٨ ی زاینی وە لە ماڵی ئەو دەژیا لە گەڕەکی {حەنەفی} لە قاهیرە.هەتا ئێستا دایکی وەك خانم دەژیا لە کۆشکی خدیوی ئیسماعیل باپیری وای پەروەردە کردبوو کە بارگرانی لەسەر باوکی کەمبکاتەوە ، لەگەڵی ژیا بە ژیانێکی گرانبەهاو بەختەوەر.

## ئەحمەد شەوقی شانازی کردن بە نەتەوەی کورد

شازادە شاعیرەکان زۆر باش دەیانزانی کەرەچەڵەکی کوردە لە دایك و باوکیەوە وە لە هەموو بۆنەکانی باسی دەکرد .وە لە پێشەکی {شەوقیات}بەشی یەکەم باسی کردوە دەڵێ چی لە بابم گوێم لێبوە کەکوردە نەك عەرەب وە محمد علی عونی بە ڕوونی باسی دەکات کە ئەو کوردە.لە ئەصل عەرەب نیە کوردیش نەتەوەیە وەك عەرەب و فارس .

نەقیبی هونەرمەندانی پێشوی عێراقی {حقی شبلی}دەڵێ ئەحمەد شەوقی لە چاوپێکەوتنێك لە میصرلە حەفتایەکانی سەدەی بیستەم بە ئاشکرا دەڵێ کوردم .

کاتێ زانی عێراقیم زۆر ڕێزی لێ گرتم و لە هەواڵی عێراق و کوردو شاری سلێمانی بەتایبەتی زۆر پرسیاری کرد .منیش باسی بارودۆخی عێراقم بۆکرد ، یەك لەو ئەندامی شاندەکان پرسیاری کرد بۆچی هێندە گرنگی بە عێراق دەدات ؟ ئەحمەد شەوقی وەلآمی دایەوەلەبەرئەوەی ئەوانە ڕۆڵەی باب و باپیرا نمن و ئەوخاکەن من لێ ی لە دایك بوویم من کوردم باپیر محمد کۆچی کردوە بۆ میصر . هەندێ پەرتوکی خوا لێ خۆش بوو

{حقی شلبی}جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەم ووتانە و دەڵێ باپیری ئەحمەد شوقی کۆچی کردوە بۆ ئەستەنبۆڵ و پاشان بۆ میصر.

بەم شێوەیە لەدایك بوونی ئەحمد علی محمد شەوقی ناسراو بە ئەحمەد شەوقی لە منالیەوە هەندێ کێشەی چاو بینینی هەبووە زۆر تەماشای سەرەوەی کردوە ئەم ڕۆژەی خوشکی و باپیری کە پەروەردەیان کردوە چوینە لای خدیوی ئیسماعیل لەگەڵ ئەحمەد شوقی کە تەمەنی سێ ساڵان بووە .خدێوی ئیسماعیل هەندێ لیرەی زێری بۆ بلآوکردوە لەبەردەمی ئەو نەیزانی چیە و یاری پێ دەکرد بۆیە خدێوی بە باپیری گوت چارەسەری چاوی بکە ئەویش گوتی چارەسەر تەنها لە دەرما نخانەکەی تۆیە ئەویش فەرمانی کرد چی پێویستە بۆی بکرێت.

ئەحمەد شەوقی پەیوەندی کرد بە قوتابخانەی شێخ {صالح بەحی حەنەفی}تا خوێندنی سەرەتا بخوێنی لە قوتابخانەی خدێوی ئیسماعیل یەکەم بوو .بڕوانانەی مافی وەرگرت وە بڕوانامەی وەرگێڕی هونەری وەرگرت و لە کۆشك دامەزرا بە فەرمانبەر .

لە ساڵی ١٨٩١ ی زاینی بە ئیفاد ناردیانە فەرەنسا بۆ خوێندنی ماف و ئەدەبی فەرەنسی. پاش تەواو کردنی خوێندن لە زانکۆی مونبیلە و پاریس گەڕایەوە میصر ١٨٩٣ ی زاینی بۆ پیشاندانی شارەزایی لە کارەکی بۆ خدێوی

ئیسماعیل .وە لە ١٨٩٦ ی زاینی بۆ ئامادەبون لە کۆنگرەی ڕۆژهەلآت ناسان ناردیانە سیویسرا وە لەم کۆنگرە شیعری {کبار حوادث فی وادی نیل}زۆر دەنگی دایەوە .

ئەحمەد شەوقی بە هاوڕێیەتی خدێوی ئیسماعیل ڕۆیشتە تورکیا بۆ لای {سوڵتان عەبدول حەمید} شیعرە جوانەکانی بۆ دەخوێندنەوە.سوڵتان پۆستی بەگی پێدا نازناوی {صاحب سعادە}ی پێ بەخشی.

پاش لاچونی خدێوی ئیسماعیل ،ئەحمەد شەوقی و خێزانەکەی دەربەدەر بوون بۆ ئیسپانیا ماوەی پێنج ساڵ ١٩١٤ ی زاینی تاوەکو ١٩٢٠ ی زاینی شاعیری گەورە گەڕایەوە میصر پێشوازیەکی زۆرگەورەی جەماوەری لێکرا .

شەوقی دوور نەبوو لە هەست و خەمی شەقامی میصری ، بەشدار بوو لە خۆشی و ناخۆشی خەڵکی میصر هەست و سۆزی دەردەبڕی بەرامبەر بە هەموو هەستەکانی نیشتمانی ،وای لێهات شاعیرەکانی میصر بە شازادەی شاعیران ناویان دەبرد .

لە ئاهەنگێکدا کە لە {خانوی ئۆپڕای میصری} بەڕێوە چوو ١٩٢٧ ی زاینی کە هەموو میدیاکارو بیرمەند بانگ کرابوون لەلایەن {سعد زغلول}.

لەگەڵ شیعرەکانی شانۆگەریشی نوسی بوون لەسالآنی ١٩٢٧ – ١٩٣٢ ی زاینی ئەمەش حەوت لەشانۆگەریەکان { مصرع کیلوباترا ، مجنون لیلی ، عنترە ، قەمبیز ، ئەمیرە ئەندەلس ،الست هدی ، علی بەگی گەورە }

ئەحمەد شەوقی خاتوو {خدیجە شاهین}ی مارەکرد حسین و ئامینەی لێ بوو بەلآم هەموویان مردن نەوەکانی تەنها هی عەلی بوون ئەویش نعمە و ریاض لە قاهیرە دەژین وە ئامینەو مۆنس لە پاریس دەژین .

لە ١٣ ئۆکتوبەر ١٩٣٢ ی زاینی کۆچی دوایی کرد شاعیرەی گەورەی میصری هەموو گەنج و پیر ئامادەی خوا حافیزی بوون چونکە ئەو هەر شاعیری میصر نەبوو بەڵکو شازادەی شاعیرانی هەموو عەرەب بوو لەگۆڕستانی خاتوو عائشە یان ناشت لە قاهیرە.

## قاسم ئەمین ڕزگارکەری ئافرەتانی میصر و عەرەبی ١٨٦٣ = ١٩٠٨ ی زاینی

**ڕزگارکەری ئافرەتان و دادوەر و چاك سازی کۆمەڵایەتی {قاسم کوڕی محمد بەگ ئەمین} نووسەری میصری زۆر بەناوبانگ ، باوکی یەکێك لە میرە کوردەکان بوو لە سلێمانی لەکوردستانی عێراق دەوڵەتی عوسمانی باوکی بە بارمتە گرتبو ڕەوانەی ئوستانەی کردبوو بەهۆی ئەم ناکۆکیانەی نێوان کورد و دەوڵەتی عوسمانی ، پاشان بۆ میصر لە سەردەمی خدێوی ئیسماعیل پاشا ١٨٦٣ ١٨٧٩ ی زاینی پەیوەندی کرد بەسوپای میصر تا پلەی بەرزبۆوە بۆ {میرئالای}.**

**قاسم لە ئەسکەندریە لە ساڵی ١٨٦٠ ی زاینی لە دایك بووە . پاشان چوە بۆ قاهیرە خوێندنی بەسەرکەوتویی لەوێ تەواو کرد ، بەردەوام بوو لە ئەزهەر خوێندی، پەیوەندی بەتینی هەبوو لە گەڵ ئیمام{محمد عبده} سەرکردەی گەورە سعد زغلول .لەگەڵ بعثەیەکی زانستی ناردی بۆ فەرەنسا لە زانکۆی مونبیلیە خوێندنی تەواو کرد،لە ١٨٨٥ ی زاینی گەڕایەوە میصر و بە جێگری دادوەری دادگای تێکەڵاو دامەزرا . بە پلەی فەرمانبەرێتی ڕۆیشت تابوە ڕاوێژکاری دادگای تیاهەڵچونەوە . لە کاری دادوەری ٢٣ ساڵ ئیشی کرد بوە نمونەی دادگەری و ڕاستگۆیی و ئازایەتی ئەدەبی .**

**بەناوبانگ لە بەرگری کردن لە کێشەی ئافرەتی عەرەبی ، داوای دەکرد بخوێنن و فێربکرێن بتوانن لەسەر پێ ی خۆیان بوەستن لە کۆمەڵگە ، پاش ئەوەی پەرتوکەکی دەرکرد بەناوی {ئازادکردنی ژن }١٨٩٩ ی زاینی کە تەمەنی ٣٤ ساڵ بوو زۆر توشی تانەو تەشەر بووە ،بەتایبەتی هێرشکەرەکانی سەرکردەی ئابووری {طلعت حرب} زانایانی ئاینی توندڕەو . بەڵام ئەو وەڵامی دانەوە بە پەرتوکی دووەم { ژنی نوێ} ١٩٠٦ ی زاینی دووساڵ پێش مردنی ، لە قاهیرە مرد بە هۆی نۆبەی دڵ لە تەمەنی ٤٥ ساڵی لە ٢٣ ی نیسان ١٩٠٨ ی زاینی .**

## محمد علی عونی :

**محمد عەلی عەونی لێکۆڵەرەوەی کوردی ،خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری ، تا ناویان لێنا**

**{پردی شارستانیەکان }هەربەوەندی باسی شارستانی و ڕۆشنبیری کورد بکات وازی نەهێنا تەنانەت خەباتی پەرە پێدا بۆ شارستانی مرۆڤایەتی بەڵام بە پەرۆش بوو بۆ ناسینی گەلەکانی ناوچەکە.**

**محمد کوڕی عەبدول قادر ئەفەندی کوڕی محمد علی ئاغای السویرکی ١٨٩٧ ی زاینی لە شاری سویرك لە ولایەتی دیار بکرلە کوردستانی تورکیا .لە بنەماڵەی عیرفانیەکانی قادریەکانی نەقشبەندی بوو بەناوبانگ بوو بە زانست و فەتوا . باوکی موفتی شاری سوێرك بوو، باپیری پاش وازهێنانی لە سوپای عوسمانی بە پلەی { دلیل**

پاشا}کاری وانە وتنەوە  بوو، کاری دەکرد لە وانەوتنەوە و بانگخوازی وئامۆژگاری کردن لە خوێندنگای {الفیضیە}کە یەکەم قوتابخانە بوو لە سوێرك، زۆر لە زانایان لەسەر دەستی ئەو دەرچون . کۆچی دوایی کرد لە ١٣٤١ کۆچی = ١٩٢١ ی زاینی .

محمد عەلی عەونی خوێندنی سەرەتایی لە کوردستان تەواو کرد ،پاشان خێزانەکەی دەربەدەربون بۆ میسر بەهۆی سەرە ڕۆیی تورکی بەرامبەر کەمە نەتەوایەتیەکانی کە تورك نەبوون ،بەتاییەتی کورد بۆیە هاتنە میصر،خێزانە کوردەکانی زووتر هاتبون باوەشیان بۆ کردنەوەبەتاییەتی تەیموری و بەدرخانیەکان، پەیوەندیان بە ڕوادی کورد کرد لە ئەزهەری پیرۆز ، بڕوانامەی ئەزهەری بەرزی دەست کەوت لە سەردەمی {قەیسەر}کە شەش ساڵ خوێندن بوو نەك دوانزە ساڵ ،ئەم ماوەیە دانرابوو بۆ ئەو خوێندکارانەی کە میصری نەبوون.

محمد عەلی عەونی مامەڵەی پێشکەش کرد بۆ پێش برکێ ی دیوانی مەلیکی میصری، کە مەلیك فؤاد دەیویست بەشێك بکاتەوە بۆ وەرگێڕان و ڕێنوێنی دەرکردن بۆ هەموو بەڵگەیەکی میصری .ئەوەی بە زمانی تورکی عوسمانی نوسراوە،بۆ زیاد کردنی مشت و مڕو شکاندنی ئەم شتە شاراوانە تاوەکو بۆ نەوەی داهاتوو ئاشکرا بێت. لەم بەشە دامەزرا ، بەشێکی سەرەکی کردەوە و سە پەرشتیاری کارەکانی دەکرد تاکۆچی دوایی کرد لەم شارە .بێجگە لەمانە هەر کارو فەرمانێکی مێژویی هەبوو هەموی کۆکردەوە تا سەردەمی محمد علی دامەزرێنەری میصری نوێ . ئێستا ناویان ناوە {بەڵگەنامەی عابدین}بە هۆی پەیوەندی ڕاژەکەی و پەیوەندی فراوانی لەگەڵ ڕۆژهەلات ناسەکان و زاناکانی هەموو وولاتێك توانی ڕۆشەنبیریەکی گەورە پەیدا بکات .

لەگەڵ کارە زۆرەکانی کە زۆربەی کاتی داگیرکردبوو بەلام گەلی کوردی لەبیر نەچوبوو خەباتی دەکرد بۆ سەلماندنی پێناسەی کورد.خەباتی دەکرد بە پێنوسەکەی دەیوست خوێنەری عەرەب ئاگاداربن لە خەبات و تێکۆشانی کوردەکان . هەردەم جەختی دەکردەوە کە کوردو عەرەب یەك ستراتیجیان هەیە بۆ هەردوژمنکاریەکی فارس و تورك . کات و ڕۆژەکان ئەم قسانەی ئەویان سەلماند .ئێستا دەبینین ململانێ تەنها لە نێوان فارس و تورکە.

## لە کارەکانی :

بەڕێز محمد علی عونی توانی گەورەترین کتێبی مێژوویی کورد بەناوی { شەرەف نامە} بخاتە بەردەست کە بە فارسی نوسرابوو لە نوسینی {شرف خانی بدلیسی} لە سەدەی شانزەم نوسرابوو توانی قەناعەت بە شێخ {فرج الله زکی کوردی} هاوڕێ ی بکات کە بەزمانی کوردی چاپی بکاتەوە لە میصر . محمد علی عونی پێشەکی بۆ نوسی بە زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٣٠ ی زاینی پاشان محمد علی عونی هەڵسا بە وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی کە لە دوو بەش پێك هاتبوو یەکەمیان باسی دەوڵەت و میرنشینەکانی کورد دەکات لە میصر بلاْوکرایەوە ساڵی ١٩٥٨ ی زاینی پاش مردنی بە شەش ساڵ بەلاْم بەشی دووە تایبەتە بەمێژوی فارس و تورك ساڵی ١٩٦٣ ی زاینی لە میصر بلاْوکراوە {یحیی خشاب} پێشکەشی کرد .

محمد علی عونی هەڵسا بە وەرگێڕانی {خلاصە تاریخ کورد و کوردستان}لە کوردی بۆ عەرەبی کە دانەری { محمد ئەمین زکی بەگ} بوو ، هەڵسا بەوەرگێڕانی پەرتوکی {مشاهیر کوردو کوردستان} ی محمد ئەمین زەکی بەگ لە کوردیەوە بۆ عەرەبی وە زۆر گرنکیان پێدا وە لە میصر بلاْویان کردەوە ساڵی ١٩٨٤ ی زاینی .

لە ساڵی ١٩٣٠ ی زاینی کتێبی { القضیة الکردیة ماضی کرد و حاضرهم} بە ناوەکی خوازراو بلاْوی کردەوە {د.بلە. ج .شێرکو} بۆ ئەوەی کۆشکی مەلەکی شەرمەزار نەبێ چونکە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ تورکیا هەبوو . لە کارەکانی دەست نوسەکانی بە ناونیشانی {نامەی عەونیەکان بۆ وەچەی بنەماڵەی تەیموریەکان} بلاْو نەکراوە ئەو لە خێزانە تەیموریەکان بوو.

لە چلەکانی سەدەی بیستەم داوایان لێ کرد کە هەزار کتابی تورکی کۆن وەر بگێڕنە سەر زمانی عەرەبی بەشی دەیەم لە کتابی {سیاحەت نامە}نووسەری تورکی {أولیاء چلبی}١٦٦٠ ی زاینی نوسەر ستایشی میصر دەکات بە خۆشەویستی و سۆزەوە ، محمد علی عونی وەریگێڕا بە خۆشەویستی و عەشقی میصر ،بەلاْم بلاْو نەکراوە تا ٢٠٠٣ زاینی لە خانەی بەڵگەکانی میصر.

کاتێ شای ئێران {رضی بهلوی}خوشکی ملك فاروقی خواست بەناوی{الامیرە فوزیە } محمد علی عونی ڕسپارد فێری زمانی فارسی بکات ، شای ئێران نیشانەیەکی فارسی گەورەی پێبەخشی بۆ ڕێزگرتن لەگەڵ نیشانەی نیل کە لە میصر پێ ی بەخشرا.

لە هەڵویستە جوانەکانی مەلیك فاروق داوای لێکرد کە نەسەبیان لەگەڵ نەسەبی محمد{د.ح} تێکەلاْوبکا بۆ ئەوەی سۆزی خەڵکی میصر رابکێشێ بۆ خۆی دژی ئینگلیز چونکە هەڕەشەی لابردنیان لێکرد. بەرامبەر بەم کارە ١٠٠٠ دۆنم زەوی بداتێ بەلاْم ئەو قبوڵی نەکرد چونکە بەڵگەکان نەیان دە سەلماند.

خوا لێ خۆشبێ محمد علی عونی لە خاتوو زەینەبی خێزانی دوو کوڕو کچێکی هەبوو ئەویش خوا لێ خۆش بێ ئەندازیا {صلاح دین عونی }و ئەندازیار {عصام دین عونی} و نوسەر {دریە عونی}.

لە ١١ی تموزی ١٩٥٢ ی زاینی لە تەمەنی ٥٥ ساڵی لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد لەدامێنی چیای موقەتەم لە باخچەی {مغاوری بکتاشیە} ناشتیان کە درێژ دەبێتەوە بۆ گۆڕی عیرفانی {عومەر کوڕی فارض}کە زۆر بە فلسفەکەی سەرسام بوو ،لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کوڕەکانی پەڕتوکخانەیەکی گەورەیان و پڕلە کتێبی دەگمەن و بەنرخ بەخشیە زانکۆی قاهیرە ،هەندێ دەست نوسی کوردی و عەرەبی بەخشیە کۆمەڵگەی زانستی کوردی لە بەغدا بەڵام حکومەتی عێراق قەدەغەی کرد پێش بلاّو کردنەوەی فەرهەنگەکە .ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی {مسعود بارزانی }، نوینەری وەزارەتی ڕۆشنبیری ئامادەبوون لە ١-٢/١١/٢٠٠٧ ی زاینی فیستڤاڵی ڕێزگرتن لەم خزمەتە زۆرەی کە زانا مێژونوس محمد علی عەونی لە ژێر ناونیشانی {محمد علی عونی پردی ڕۆشنبیریەکان} بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لە هەموو کوردستان کە بانگ کرابون ،وەشاندێکی ڕۆشنبیری میصری هەندێك لە منداڵ ونەوەکانی خۆی ئامادە بوون.

مێژوونوسێکی وریا و زمان زانێکی هەڵکەوتوو وسیاسیەکی لێزان ڕۆژنامەنوسێکی درەوشاوە جێگاو پلەی نزم نابێتەوە لە پێناو سوڵتان .بە پلەو یا بڕوانامە زۆر بەهرەی جیاوازی هەبوو ،ڕۆحێکی بەرزی هەبوو کۆششەکەی پەیوەست بوو بە پێنوس و پەڕتوك پلە و فەرمانبەرایەتیان بەرز دەکردەوە بەڵام ئەو ڕازی نەبوو شانازی بەسەربەستی دەکرد لەکارەکانی ، وەزیفەکانی بە جیهێشت لە پێناو خۆشەویستی زانستەکەی ، کاتێك مرۆڤ لە خۆی بالاّ بێت سەرنج ناداتە گرنگی چاوەکانی تر.بەڵام کاتێك بالاّ بێت لە توانای و ڕۆشنبیری و داهێنان و هەست و شکۆمەندی خۆی ئەم کاتە سەرنج و هۆشی ئەوانیتر ڕادەکێشێ بۆ خۆی لە کارانە .

{ عەباس محمود ئیبراهیم مصطفی العقاد}لە ٢٨ ی حوزەیران ١٨٨٩ ی زاینی لە شارە ئەسوان لەسەرەوەی میصر لە دایك بوو لە ڕەچەڵەك کوردە لە دایك و باوکیەوە،باپیری ئیبراهیم مصطفی العقاد لە ولایەتی دیاربکر لە کوردستانی تورکیاوە هاتووە ،لە شاری ئەسوان لە میصر نیشتە جێ بووە .پێیان دەگوت {العقاد} چونکە باپیری کاری خوری و موی دەکرد ئەم نازناوەیان لێنا خۆی و براکەی ناوی ئەدیبیشی هەر بە جۆرە بوو .

دایکی عەقاد ڕەگیان کورد بوو لە کوردەکانی ناوچەی ئەسوان بوون ، عباس عەقاد زۆر توند بوو لەسەر خواپەرستی و باوەڕەکەی زۆر بە صەبرو تەحەمول بوو لەگەڵ ناخۆشیەکانی ژیان ، سێیەکی ئەم پارەی لە کتێب و نوسین دەستی دەکەوت دەییەخشی بەدایکی. لە ساڵی ١٩٤٩ دایکی کۆچی دوایی کرد تەمەنی ٦٠ ساڵ بوو .

باپیرەی دایکی {حاجی محمد ئاغا شەریف} لە کوردە بەناوبانگەکانی شاری ئەسوان بوو، لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی و قادری بوو.بەلاّم باوکی بە دڵسۆزی و خوا پەرستی و سەخاوەت و خۆشەویستی بۆ خێزانەکەی ناسرا بوو ، کاری ئەمین داری خانەی ئەرشیفەکان بوو لە ئەسوان، ئەدەبیاتی خۆش دەویست وە بەشداری دەکرد لە کۆڕی ئەدەبیات و وانەی ئاینی بەتایبەتی دانیشتنی{شێخ ئەحمەد جداوی } یەکێك بوو لە زانایەکانی ئەزهەری پیرۆز یەکێك بوولەوانەی سەید جمال ئەفغانی پێویستی پیّ ی هەبوو ،زۆربەی کاتەکان دانیشتنیان بە ئەدەب و شیعرو زانست بوو ، عباس بەمنداڵی زۆر حەزی لە خوێندنەوە بوو ،وە عقاد برای تری هەبون {ئیبراهیم = مختار = مصطفی = ئەحمد}ئەحمد باوکی {عامر عقاد } بوو لە ساڵی ١٩٠٧ ی زاینی کۆچی دوایی کرد .

هاوڕێیەکی ڕێبازی عەقاد لە بیستەکانەوە تا مردن لەگەڵی بوو ،ئەدیب و نوسەر {محمد طاهر جبلاوی}١٨٩٨ – ١٩٧٩ ی زاینی دەڵی ڕەچەڵەکی عەقاد کوردە ،وەك چاوی ڕاستی لە عەقاد گویّ ی لێبوە.

جەخت دەکاتەوە کە عەقاد دەیویست بۆ هەموان بسەلمێنیّ کە خەڵکی دیار بەکرە ، ئەم شارە زێدی سەرەکی محمد علی پاشایە دامەزرێنەری میصری نویّ.

هەمودەم عەقاد ئاهەنگی نەورۆزی دەگێڕا بەجەژنی نەتەوەی کوردی دادەنا، لە ساڵی ١٩٥٢ ی زاینی هەڵبەستی نەورۆزی دانا لەگەڵ شۆرشی ٢٣ی یولیو ١٩٥٢ ی زاینی لەیەك دەچون ،جەژنی نەورۆزبە جەژنی سەربەستی ورزگاربوون لە ستەم و ملهوڕی ، ڕزگاربوون لە دەسەلاّتی مەلیکی میصری لە شیعرەکەی دەڵیّ:

اهلا بنوروز وليد اهلا بميلاد سعيد

ڕۆژێکی نویّ یە لە سەردەمی میصری نویّ

لەم هەڵبەستەدا عەقاد داوا دەکات جەژنی نەورۆز بە جیهانی بکریّ نەك تەنها بەناوی کورد و ببێتە جەژنێکی گشتی برایەتی و مرۆڤایەتی و هەڵگری پەیامی سامی بێت و سومبولی سەربەرزی بێت لە جیهان ئەمەش بەشێك لە هەڵبەستەکەی :

ياصحبة التوفيق

وفقتم الى نهج السديد

عيد الوفاء اذا استعيد

فمن الوفاءالمستعيد

عيد له في ذمة التاريخ

توفيق حميد

عيد الأوائل والاواخر

والخمائل و الورود

ما احوج الدنيا اذا احتفل الى عيد وحيد

هەمیشەدەم عقاد گفتوگۆی لەگەڵ خەڵك دەكرد كە جەژنی نەورۆز بكەنە جەژنی یەكپارچەیی و خۆشەویستی نەك جیاوازی و پەرتەوازەیی .

هۆشی عقاد زۆر گەورەتر بوو سەبارەت بە تەمەنی كاتێ {ئیمام محمد عبده} سەردانی خوێندنگایەكی كردوە و داوای پەڕاوی قوتابیانی كردووە مامۆستاكەش پەڕاوی عقادی داوەتە دەستی ئەویش كە تەماشای كردوە گوتویەتی ئەم نوسینە هی ئەم منداڵە نیە ،بەلآم عقاد گفتوگۆی لەگەڵ كردوە ئەوسا ئیمام محمد عبده قەناعەتی هاتووە . هەر زوو فێری زمانی ئینگلیزی بوو ئەدەبی ئینگلیزی دەخوێندەوە پێش ١١ ساڵی فێری نوسین و خوێندنەوە بوو گۆڤار و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە زانیاری لێوەردەگرتن ، دەستی بەكاری وانەوتنەوە كرد لە ١٩٠٥ ی زاینی بەخۆبەخش لە قوتابخانەیەكی خێرخوازی ،وە بوو بەموچەخۆری حوكمەت ،بەڵام وازی لە كارەكەی هێنا تا دەستی بەتاڵ بێت بۆ ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیات ، وە لە ١٩٠٧ ی زاینی بەشداری كرد بۆ دەرچواندنی گۆڤاری بەیان لەگەڵ مێژوونوسی كوردی {محمد فريد وەجدی} پاشان بۆ گۆڤاری {عكاظ }لە ١٩١٢ تا ١٩١٤ ی زاینی تێبینیەكانی لە هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەك بلآو دەكردەوە .

عقاد زۆر سۆزدار بوو لە ژیانی دا بەلآم نەكەوتە داوی خۆشەویستی بەلآم چارەنوسی ئەوهابوو لەگەڵ دڵە بێگەردەكەی سارای خۆش دەویست ،لە كاتێكدا ئەدیبەكی ڕاشكاو بوو لە ستایلی دەربڕینی ناسك بوو لەسەر شێوەی ڕۆژهەلآتی ئەصلی بوو ، هەر ئەم شێوازەش بوو وایكرد بە دیار بكەوێ و لە گۆڤاری { محروسە } كە تەمەنی ٢٧ ساڵ زیاتر نەبوو وە ئەو تەمەنی ١١ ساڵ نەدەبوو بۆیە بە چیرۆكێكی ناخ هەژێن كۆتایی هات ، زۆر گرنكی دەدا بە ڕۆڵی ئافرەتان و چەند پەرتوكێكی لەم بارەوە دانا، {الانسان الثانی }١٩١٤ ی زاینی وە

{هذة شجرة دراسةشاملة عن المراة} ١٩٤٥ ی زاینی دووکتێبی لەسەر کەسایەتی ئافرەت دەرکرد{الصدیقه بنت صدیق}١٩٣٤ ی زاینی وە دووەم لەسەر {فاطمة الزهراء البتول و الفاطمیون }١٩٣٨ ی زاینی بەڵام {سارە } تاکەچیرۆکی سەرەکی خۆی بوو لە مێژووی ئەدەبی ژنان .

بەڵام ڕێزێکی یەکجار زۆری هەبوو لە میصر و وولاّتانی عەرەبی ، لە کۆمەڵگەی زمانی عەرەبی لە میصر هەڵبژێردرا وەك یەکەم کەس ١٩٤٠ ی زاینی ، ئەندامێکی کارا بوو لە کۆمەڵگەی زمانی عەرەبی لە سوریا دیمەشق، لە کۆمەڵگەی زانستی عێراقی بوو. لە ١٩٥٩ ی زاینی ڕێزو خەلاّتی نێودەوڵەتی لە ئاداب لەمیصر وەرگرت لەسەر دەستی سەرۆك {جمال عەبدولناصر }.

لە ڕۆژی ١٣ی مارس ١٩٦٤ ی زاینی بەداخەوە زانای عەرەبی ئیسلامی کۆچی کرد گەورە ئەدیب و شاعیرو بیرمەند بۆ زانین ئەم جۆرە ئەدیبە نایەتەوە بەم شێوە بلیمەتیە لە پاش خۆی ٩٠ کتابی بە جیّ هێشت یانزەیان دیوانی شیعری بوون لە هەموان بەناوبانگ تر {عبقریات} کە هەموی نیشانەی بلیمەتی عقادە.

## الادیب عامر العقاد ١٩٣٦ == ١٩٨٥ ی زاینی

نوسەر و ئەدیب { عامر ئەحمد محمود عەقاد}لە شاری ئەسوان لە باشوری مصر لە دایك بووە ، ١٩٣٦ ی زاینی لە خێزانێکی کورد کە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە دیار بەکر لە کوردستانی تورکیا ئەو کوڕی برای عەقاد بوو سکرتێریشی بوو ، کاربەڕیکەری کارەکانی بوو زۆر کتێب ونوسینی هەبوو کە باسی ژیانی گشتی دەکرد وەك کتێبی {لمحات من حیاه العقاد}

پەروەردە کرابوو لە بنەماڵەیەکی ئەدەبی مامیشی عباس عقاد بوو ، خوێندی مافی تەواوکرد ١٩٥٨ ی زاینی بەڵام پێویستی بە مامی بوو بۆ دەساڵ تا خۆی پیّ بگەیەنیّ ، زانستەکانی لەسەر دەستی ئەو خوێند تا مردنی مامی ١٩٦٤ ی زاینی وانەی زانستی ئەدەبی و وەرگێڕان و ژیاننامە و ڕەخنەی ئەدەبی تا لە ساڵی ١٩٨٥ ی زاینی کۆچی دوایی کرد .

بەڵام نووسینەکانی{اخر کلمات عقاد= لمحات من حیاة عقاد = غرامیات عقاد =جزء من کتابی لمحات = معارك العقاد الأدبیة =معارك العقاد السیاسیة = صالح جودت في مفترق طریق = دراسة في شعر و نثر = احمد ئە مین حیاتة أدبیه = صوت نساء= بلال بن رباح =المثال النادر = خدیجة بن خویلد = حرب الاکاذیب الشیوعیه = جمال عبدالناصر حیاته و جهاده = دراسه کفاح سودانی = احادیث العقاد الصحفیه} .

**هەندێ لە پەرتوکەکانی بەهاوبەشی لەگەڵ نوسەرەکانی تر { العقاد و هؤلاء = القاهره = جمعیه العقاد الادبیه= العواد = ابعاد وملامح = السعودیه =قمه وموقف السعودیه }**

**هەندێ پەرتوکی هەبوو کە خۆی کۆی کردبۆوە دوایی خۆی بڵاویبۆوە وەك دیوانی شیعر – توێژینەوەی ڕێبازی ئەدەبی و کۆمەلأیەتی – لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەب –یومیات جزء ٣ و ٤ – العقاد فی معارکه السیاسیه والادبیه – ذکریاتی مع عاهل الجزیره العربیه لعباس العقاد .**

## نوسەرو ڕۆژنامەوان ئیبراهیم ڕەمزی :-

**ئیبراهیم ڕەمزی بەگ کوڕی محمد ڕەمزی کوڕی محمد کبیر کوڕی عەلی ئاغا الأرض روملی :**

**فازل مصری ڕەچەڵەکی کوردی ،باپیری وەکو شاند هاتۆتە میصر لەسەردەمی محمد علی پاشا ،لە ١٨٦٧ ی زاینی لە {فیوم } لەدایك بووە دەزگای گۆڤاری فیوم ی کردۆتەوە هەفتانە دەرچووە ، مێژووی فیوم ئامادەکردووە، ڕۆمانی {معتمد بن عباد}ی نوسیوە ،گەشتی بۆ پاریس کردوە و ساڵێك و مانگێك لەوێ بووە ، پاشان گەڕاوەتەوە لە قاهیرە و لەوێ نیشتەجێ بووە ، گۆڤاری { ژن لە ئیسلام } ی دەرکردوە ، پاشان ڕۆژنامەی { التمدن = شارسازی} و ئامادەکردنی {مسبك التمدن = کۆکردنەوەی شارسازی}بۆ دروست کردنی پیتی عەرەبی ساڵی ١٨٩٩ ی زاینی یارمەتی ئەحمد سید لطفی داوە بۆ نوسینەوەی ڕۆژنامەی {جریده و ادارتها} پاشان لە سەرۆکایەتی وەرگێڕان لە دیوانی {سوڵتان حسین کامل }کاری کردوە .**

**لە بەرهەمەکانی {اصوا الاخلاق} لە فەرەنسیەوە وەری گێڕاوە ، {مبادیء تعاون } شیعری زۆریشی هەبووە و زمانی فەرەنسی و تورکی زۆر باش بوە لە ساڵی ١٩٢٤ ی زاینی کۆچی دوایی کردوە .**

## الدکتور حسن ضاضا { ١٩١٩ – ١٩٩٩ } ی زاینی :

**دکتور حسن کوڕی محمد توفیق ضاضا لە میدیا کارو بیرمەندی ئەدییە ناودارەکان بوو ،لە میصر و جیهانی عەرەبی بەشداری زۆری هەبووە لەلایەنی زمانەوانی ومێژوویی وکۆمەلأیەتی و ئەدەبی بەشێوەی کتێب یاخود نوسین لە ڕۆژنامە وگۆڤار یان چاوپێکەوتن و کۆڕ و وانە بێژی زۆر زانا بووە لە زمانی عبری و سامی کۆن . ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ کورد لە ڕۆژهەلأتی تورکیا .هەندێ لە بنەماڵەکانیان هاتون بۆ میصر ، لە شاری**

{ منوف}کە سەر بە پارێزگای منوفیەی ئێستایە نیشتە جێ بونە .باپیری باوکی پۆستی ئیدارەی پۆلیسی وەرگرتووە ،بەڵام باوکی لە منوف لە دایك بووە خوێندنی فەرەنسی خوێندووە ، پاش تەواو کردنی خوێندنی دواناوەندی گەشتی کردووە بۆ ئینگلتەرە لە زانکۆی لەندەن دەستی بە خوێندن کردووە ، کە هاتووە بۆمیسر وەك ئەکتەرێکی پیشەگەر کاری کرد بەڵام لە ساڵی ١٩٣١ ی زاینی کۆچی دوایی کرد .

بەڵام دکتۆر حسن ضاضا لە قاهیرە لەدایك بوو ١٩١٩ ی زاینی فێربونی دەست پێکرد لەسەر کتێب پاشان پەیوەندی کرد بە قوتا بخانەی {مبشرین الا نجلیز} پاش دووساڵ تەواوی کرد چۆتە قوتا بخانەی دواناوەندی لە ناوچەی {قصر نیل} لەوێش دەرچوو ، ڕیزبەندی لەسەر ئاستی میصر چواردەیەم بوو .یەکەم کاری وەرگێڕان بو لە ڕۆژنامەی {البلاغ}سەر بە {حزبی ئەحرار و دەستور }بوو .لە کاتی کارکردنی دا پەیوەندی کرد بە زانکۆی فؤادی یەکەم {جامعەی قاهیرەی ئێستا}لە کۆلیژی ئاداب ، توانی ڕێگە پێدراوی زمانی عەرەبی و سامی بەگشتی وەربگرێ ١٩٤١ ی زاینی بەو ڕیزبەندیە یەکەم مشرف بوو ، ماوەی ساڵێکی وانەی ووتەوە لە دواناوەندی سەر بە باوکانی یەسوعین ،وەك معید دامەزرا لە زانکۆی فاروقی یەکەم {زانکۆی عەین شەمسی ئێستا}١٩٤٢ ی زاینی پاشان گواستراوە بۆ زانکۆی{عبری لە قدس} توانی ماجستێر وەربگرێ لە {ئەدەبی عبری و بیری یەهودی }١٩٤٤ ی زاینی و گەڕایەوە میصر لە زانکۆی فاروق وەك یەکەم مامۆستا وانەی زمانی عبری و سریانی دەوتەوە ، پاشان ناردیانە فەرەنسا لە زمانی فەرەنسی زۆر باش بوو دبلۆمی دەولی بالای وەرگرت لە شوێنەوارو مێژوی هونەر ١٩٥١ ی زاینی لە پەیمانگای توێژینەوەی بالاّ لە{السوربون } وانەی مێژوی زمانەکان و ئاینەکانی دەوتەوە. لە ١٩٥٣ ی زاینی بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت

لە تیزی { الیمین والقسم السامین القدماو}

هاتەوە میصر وانە بلێتەوە لە کۆلیژی ئاداب زانکۆی ئەسکەندەریە، پلەی زانستی ئەکادیمی بەرزبۆوە بۆ پرۆفیسۆر لە زمانەوانی گشتی ١٩٦٩ ی زاینی وە لەم ئاستەدا کاری دەکرد تا کاتی خانە نشینی هات ١٩٧٩ ی زاینی ، دامەزرا وەك مامۆستا لە زانکۆی قاهیرە و ئەزهەرو عەین شمس لە میصر ، زانکۆی محمد خامس لە {رباط} زانکۆی بەیروت ١٩٦٦ – ١٩٦٢ ی زاینی ، زانکۆی موصل و بەغدا و بەصرە لە عێراق وە زانکۆی {ام درمان } لە سودان ، ماوەی ساڵێك وەك پرۆفیسۆر کاری کرد لە زانکۆی جێ نشینی بریطانیا لە مالطة وانەی بە ئینگلیزی دەگۆتەوە . مامۆستا بوو لە زانکۆی سعودیە وانەی زمانەوانی پێش کەش دەکرد ماوەی ١٢ ساڵ ١٩٧٨ – ١٩٩٠ پاشان وەك ڕاوێژکاری لە ناوەندی شافەیسەڵی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی خوێندنی ئیسلامی کاری دەکرد لە ڕۆژی هەینی ٩ ی نیسان ١٩٩٩ ی زاینی لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .

**زۆر نوسین و بلاّوکراوەی بابەت و شیعری چاپکراوی هەبووە ، دوو پرۆگرامی رادیۆی هەبوو بەناوی {من قلب ئیسائیل} و {احلی کلام }.**

**لە چاپکراوەکانی {المصنفات المطبوعه}{اللسان والانسان}و{مدخل الی معرفه‌لغه}١٩٩٠ ی زاینی**

**{ السامیون ولغاتهم }١٩٩٠ ی زاینی {کلام العرب فی لغوات السامیه} ١٩٩٠ ی زاینی {الفکر الدین الیهودی} ١٩٩٥ ی زاینی { أبحاث فکر الیهودی }١٩٨٧ ی زاینی { الشخصیه الإسرائیلیه}١٩٩٠ ی زاینی**

**{ الصهیونیه العالمیه و إسرائیل }بە هاوبەشی لەگەڵ دکتۆر {فتح الله خطیب} دکتۆرە {عائشة الراتب}١٩٧١ ی زاینی { منهج سیبویة في النحو العربی بین یهود الاندلس}و{دیوان شیعر سیرة بهلول}١٨ سرودی تیایە لەگەڵ ٥٠٠ دێر لە شیعری ستونی و شیعری تێك هەڵکێش {القدس} کتابەکی بە عبری نوسیوە بەناوی {اثر الفکر الاسلامی في الفکر العبری في اسبانیا إسلامیة }لە سەرەتادا ئەمە نامەی تێزی ماستەرەکەی بووە لە زانکۆی عبری پێشکەشی کردوە لە قدس ١٩٤٤ ی زاینی .**

**لە پەرتوکە دەست نوسەکانی { کتاب عام فی تاریخ یهود}لە دە بەرگ {العرب علی المائده}و {الحیوان فی التوراة}و {فتسفه فن وتاریخه } دەیان بابەتی ئەدەبی لە گۆڤاری فیصل و ڕۆژنامەی ڕیاض سعودی بلاّو کردۆتەوە ، لە زۆر کۆڕو کۆبونەوە بەشدار بووە زۆر وتاری پێشکەش کردوە زۆر ئێوارە شیعری پێشکەش کردوە.**

## الدکتوره سهیر القلماوی {١٩١١ – ١٩٩٧} ی زاینی

**دکتورە سهیر القلماوی ﴿ بەکردنەوەی سین دەربڕینی ڕاست ﴾ مانای لە عەرەبی سحر ،﴿ وەدەربڕنی بە ضمە هەڵەیەکی باوە﴾ لە ٢٠ی یولیو ١٩١١ ی زاینی لە طنطا لەدایك بووە باوکی کوردبووە و پزیشك بووە لە طنطا وە دایکی { شرکسی } بوو لە کۆلیژی کچانی ئەمریکی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە.**

**ئەو خاوەنی قوتابخانەیەکی زانستی بووە سەدان توێژەرەوە بە پلەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەیان وەرگرتووە، ئەو لە سێ یەکەمەکان بووە کە پەیوەندی بە زانکۆی قاهیرەوە کردوە یەکەم جار ١٩٢٩ ی زاینی لەگەڵ ئامینە سعید و عائشە راتب .**

یەکەم کەس بووە کەدکتۆرای هێناوەتەوە لەسەر ئادابی ئافرەتان ، یەکەم ژن بووە کە کورسی پرۆفیسۆری وەرگرتووە و یەکەم ژن بووە کاری سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبی بێت لە کۆلیژی ئاداب وە یەکەم ژن بووە خەلات و رێزی نێو دەوڵەتی لە ئاداب وەرگرتووە .

لە ساڵی ١٩٢١ ی زاینی پەیوەندی کردووە بە کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی ملك فؤادی یەکەم لە قاهیرەی ئێستا کە راگرەکەی طه حسین بوو . بەشی عەرەبی هەڵبژارد بۆسەرۆکایەتی کردن، بە سپۆنسەری راگرەکە بوو یەك کچ لە نێوان ١٤ کور لەم بەشە ، لە ساڵی سێیەم نامەکەی نوسی لە {الرساله}و{الثقافه}و ابوللو} لە ١٩٣٣ ی زاینی بروانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت .

یەکەم ئافرەت بووە بروانامەی ماجستێری وەرگرتووە لە بابەتی{ادب خوارج فی عصر الاموی}١٩٣٧ ی زاینی ، دکتۆرای وەر گرت لە زانکۆی {السوربون} ١٩٤١ ی زاینی لە توێژینەوە دیارەکەی { الف لیله ولیله} سەرپەرشتی {راژەی کتێبی}ی دەکرد یەکەم پێشانگای کتێبی کردەوە لە قاهیرە ١٩٦٩ ی زاینی ، لە کاری سیاسیش بوو بە ئەندامی ئە نجومەنی نەتەوە ١٩٥٩ ی زاینی .

هەڵبژێردرا بە ئەندام لە ئە نجومەنی گشتی گەل ١٩٧٩ ی زاینی ،چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کاری پێشانگای کتێبی کردوە لە خولی چلەیەمینی پێشانگاکە یەك لە بوارەکان یادی سهیر قلماوی کرایەوە ،

گفتوگۆ لە کاریگەری لە جوڵەی بیری رۆشنبیری عەرەبی کرا لەلایەن سهیر قلماوی .

لە کۆڕێك کە تایبەت بوو بەو بەئامادەبونی خوێندکارێکی خۆی {شەمسەدین حجاجی} و کورەکەی دکتۆر {عمر خشاب} و{جابر عصفور} کە هەر قوتابی خۆی بوو باسی کرا لایەنی گرنگی کارەکانی وشیعرەکانی بلاّو دەکردەوە لە گۆڤاری {ئەبوللو} بە واژۆی خاتوو سهیر.

هەروەها چیرۆکیشی دەنوسی وە زۆر پشتیوانی شیعری ئازادی دەکرد کە عقاد زۆر نەیار بوو لەم خاڵە لەگەڵی شەمس حجاجی دەڵی کتێبی {المحاکات } یەك لە پەرتوکە گرنگەکانی ئەم کاتەبوە کە بلاّوی کردۆتەوە ،سهیر قلماوی لە ٤ ی مایو ١٩٩٧ ی زاینی کۆچی دوایی کرد .

# الشیخ عبد الباسط عبد الصمد :

شێخ عبد الباسط محمد عبد الصمد ساڵی ١٩٢٧ ی زاینی لە شاری {ارمنت }سەر بەشاری {قنا} لە صعیدی مصر لە دایك بووە . ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ کورد باوکی لە کوردستانی عێراقەوە هاتووە بەڵام دایکی خەڵکی میسرە شێخ عبدباسط یان بووە.

قورئانی پیرۆزی لە بەرکرد لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا بە هەر حەوت جۆر قرائەتەکەی قورئانی دەخوێند ،لەلایەن خەڵکەوە زۆر خۆشەویست بوو لە بۆنە ئاینیەکان دەیان برد قورئانی دەخوێند بەدەنگە خۆشەکەی و تۆنەکانی دەنگی زۆر شاز بوون لە منداڵیەوە بەدەرکەوت وەك قورئان خوێنێکی لێهاتوو.

خاوەنی فەرهەنگی بەدواداچون و میدیا دەڵێ :خوای گەورە دەنگێکی ئەوەندە خۆشی پێداوە نەیداوە بەکەسی تر ، زۆر وڵات دەگەڕا بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆز بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزان لە مزگەوتەکان و بنکە ئیسلامیەکان

شێخ عەبدولباسط بە شێخی قورئان خوێنانی میصری ناسراو بوو ، سەرۆکی دامەزراوەی قورئان خوێنان و حافزی قورئان بوو ، بەناوبانگترین قورئان خوێن بوو لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە سەدەی بیستەم .

لە پێشەنگەکانی قورئان خوێن بوو لە ڕادیۆو تەلە فزیۆن ٥٣ ساڵ قورئانی خوێند زۆر مەدالیا و خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرت لە مەلیك و سەرکردەکانی جیهان.

لە ساڵی ١٩٥١ ی زاینی داواکاری پێشکەش بە کەناڵی ڕادیۆ کرد لەلیژنەی وەرگرتن وەرگیرا لە یەکەمین پەخش دەنگەخۆشەکەی بلاوبۆوە لە کردنەوەی مزگەوتی {پۆرسعید} بۆ یەکەم جارلە ڕادیۆ قورئان بخوێندرێ، هەموو ئێوارانی ڕۆژانی شەموو چەند ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز دەخوێند ، ناوبانگی گەیشتە هەموو وولاتانی ئیسلامی وە دامەزراوەی لەبەرکردنی قورئانی دروست کرد لە شاری {منیە} لە میصر ڕۆژی چوارشەم ٣٠ کانونی یەکەم ١٩٨٨ ی زاینی کۆچی دوایی کرد ، پاش تۆمارکردنی قورئانی پیرۆز دەجار بە هەر حەوت قرائەتەکە بۆ هەموو دەوڵەتی ئیسلامی و عەرەبی و بیانی ، ئەمەش لە نێو گەشتەکانی کە زیاتر لەسەد گەشتی کردووە ، هیچ موسوڵمانێك نیە کە گوێ ی لە دەنگە خۆشەکەی نەبوبێت ،بەیانی کاری تێ نەکردبێت ، بەزەیی و پاداشی خوای پێ بدرێت بەرامبەر ئەم خزمەتە زۆرەی کە بە قورئانی پیرۆزی کردووە .

## بەشداریەکانی کورد لە بواری هونەر:

لە نێو ئەم بوارە هونەریانەی کە کورد تێدا سەرکەوتوو بووە،ئەوانەی لە میصر جێگیر بوون لە بواری نواندن و مۆسیقا و دەرهێنان و هونەری وێنەکێشان .

لە بواری دەرهێنانی سینەمایی دەرهێنەری گەورە {ئەحمەد بەدرخان و کوڕەکەی علی بەدرخان}کە زۆر فلیمیان دەرهێنا وەك {الکرنك}و{شفیقە و متولی}و{الحب الذی کان } زۆر لە کاری هونەری تر کە خۆی دایهێنابوو .هەروەها کارەکانی لەگەڵ نوسەری گەورە { نجیب محفوظ} بووە هۆی زیاتر ناساندنی وەك دەرهێنەر ،ئەوەش بەهۆی نرخی گەورەی نەجیب محفوظ لە کارەکانی.

لە بواری نواندنی سینەمایی ئەوە سندریلای شاشەی عەرەبی {سعاد حسنی} لە گەڕەکی {بولاق}لە قاهیرە لە ٢٦ ی ینایر ١٩٤٣ ی زاینی لەدایك بووە ،ئەویش کچی خەتخۆش { محمد حسنی ئەمین بابانی} بووە ،کەلە سوریاوە هاتووە بۆ میصر توانی بە شارەزایی لە هونەرە جوانەکەی نوسین و خەت خۆشی و زەخرەفە هێلی میصر پێش بخات لەم بوارەدا ، هەڵسا بە دانانی وێنە ودیکۆر و زەخرەفەی کەعبەی پیرۆز ، کاتێ لە کۆشکی شاهانەی سعودیە ئیشی دەکرد پاشان گەڕایەوە میصر.

سەرۆك جمال عبدلناصر ڕەگەزنامەی میصری بەخشیە کچەکەی سعاد ١٩٦٥ ی زاینی کە کچی گۆرانی بێژی گەورەی میصری حسنی بابان بوو . براکەی ئەکتەری کۆمیدی{ ئەنوەر باب}کە لە ئیزاعەی لوبنانی ناوبانگی دەرکردبوو بە کەسەیاتی ژن{ام کامل}ئەوەی شایانی باسە شاعیرو هونەرمەند{عبدالرحمن الخمیسی} لە شەستەکان سعاد حسنی هەڵبژاردو ناساندی بە دونیای هونەر لە شانۆگەری {شکسبیر} لە ڕۆڵی {ئوفیلیا} خۆشەویستی {هاملت}

پیشەی هونەری سعاد حسنی دەست پێدەکات لە لە فلیمی{ حسن و نعیمە}دەرهێنانی {برکات}١٩٥٨ ی زاینی ، چەندەها فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی پێشکەش بە شاشەی عەرەبی کردوە ، ڕۆڵەکانی لەگەڵ کاری گەورە نوسەرەکان بووە وەك طەحسین {الحب الضائع} و{یوسف سباعی}{نادیە} ونجیب محفوظ {القاهرة}والکرنك} و احسان عبدالقدوس {بئر الحرمان} هەروەها کاری جوانی لەگەڵ {کمال شناوی }و {ئەحمەد رجب} و{احمد رشدی } زۆرانی تر کردوە. ئەم ناوبانگە هەموو شوێنکی داگیرکرد ناوی کەوتە سەر هەموو زمانەکان زۆر نایاب بوو لە نواندن و گۆرانی گوتن چەند جار شوی کردوە لەوانە دەرهێنەر علی بەدرخان ١١ ساڵ لای بووە ، کەسەردا نمان کرد ئەو جەختی کردەوە کە سعاد حسنی کوردە،

لە لەندەن ٢٠٠١ کۆچی دوایی کرد لەبارودۆخێکی تەمو مژاوی .

بەلاّم لە بواری هونەری وێنە کێشان دوو هونەر مەندی گەورەی کورد هەبون {ئەدهەم}و { محمد سیف دین وائلی}

له كوردەكانی كوردستانی توركیا شاری {وان}.

محمد سيف وانلی له خێزانێكی سۆزداری ئەدەب هونەر دۆست له ١٩٠٦ ی زاينی دايك بووە مالەكەی پڕبوو له ئەديب و شاعيری ميصری،لەوانه ئەحمەد شەوقی و عەبد حامولی هی تريش ، زۆر سەرسام بوو بەم شاعيرو ئەديبانەی كەچەند كاتژمێر لای دەبون و شيعريان دەخوێندەوە ،باسی ئەدەب و سياسەت وكۆمەلگايان دەكرد . له مالەوەيان كتێبخانەيەكی دەولەمەندی هەبوو پڕ له پەرتوكی ئەدەبی و شيعر ، پالی نا بۆ خوێندنەوەی قول چەندەها تابلۆی هونەرمەندە گەورەكان ،بەرامبەريان ڕادەوەستا لێيان ورد دەبۆوە ،هەندێ كاتی بۆ هونەر تەرخان دەكرد كەخۆی حەزی لێبوو له ژووری تايبەت بە وێنە كێشان . براكەی ئەدهەم وانلی لەگەلی كاری دەكرد ،دەيەها تابلۆی كێشا و داهێنانی جوانی تێدا دەكردن،تەنانەت ناوی دەركرد بە {التجريديه الغنائيه}

ڕێزو شكۆمەندی پێويستی وەرگرت و پەيمانگايەك و مۆزەخانەيەكی كردەوە بەناوی براكەی ئەدهەم له ئەسكەندريە تابلۆو وێنەكانی تێدابوو.

زۆربەی ژيانی بە ڕەبەنی بەرێكرد تا لەكۆتاييەكانی تەمەنی لەگەل خوێندكارێكی خۆی پەيوەنديان گرت لەگەل هونەرمەندێكی شێوەكاری بەناوی {احسان مختار}كە ڕێزی هونەرەكەی دەگرت . لەسالی ١٩٧٦ كۆچی دوايی كرد هيچ منالی له پاش بەجێنەما ، كارە هونەريەكانی لە گەل براكەی ئەدهەم بەكاری هونەری گەورە دەژمێردرێ له ميصری نوێ .

هونەرمەندی تريش هەبوون وەك {نجيب ريحانی} {محمود مليجی} و {احمد مظهر }و {عادل ئيمام}و{صلاح السعدنی} هی تريش .

## بەشی حەوتەم

# سەردانە مەیدانیەکان

١ – گوندی کوردەکان لە پارێزگای ئەسیوط

٢ – گوندی جزیرەی کوردەکان لە پارێزگای ئەسیوط

٣ – گوندی میتی کوردەکان لە پارێزگای دەقهلیە

٤ – شاری کوردی لە پارێزگای دەقهلیە

٥ – گوندی کفر کوردی لە پارێزگای قلیوبیە

٦ – گوندی منشات کوردی لە پارێزگای غەربیە


٧ – گوندی کوردی لە پارێزگای کفر شێخ

وەرگێڕانی مارسیا میر حسن عمر

هەڵساین بەسەردانی کردنی مەیدانی بۆ هەندێك گوند و شاری میصری کە ناوی کوردیان هەڵگرتبو.بۆ زانینی هۆکارو مێژووی ناونانیان ، بۆ زانین ئێمە لە هەموو شوێنێکی میصر ئامادە نەبوین ئەوانەش ئەم شوێنانە بوون کە ئێمە سەردا نمان کردن .

## یەکەم : گوندی کوردان و جەزیرەی کوردان :

گوندەگی کشتوکاڵی کوردانە لە ناوەندی فەتح پارێزگای ئەسیوط لە صەعیدی میصر ، دەکەوێتە ڕۆژهەلأتی رووباری نیل کە لە باوەشی گرتوە ژمارەی دانیشتوانی ٧٠٠٠ کەسە بەگوێرەی سەر ژمێری ٢٠٠٦ ی زاینی ،هەمویان موسوڵمانن وە فێرکردنی ئەزهەری زۆر پێشکەوتوترە لە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن ،هێمن و بێ کێشەیی دیاردەیەکی دیارە بەنسبەت هاوسێکانی ،کەمتر شەڕوشۆڕ و ناخۆشی و کێشەی تێدایە هەموو کێشەکان بۆ خۆیان چارەسەر دەکەن،کێشەکان دەبەنە لای خەڵکی ژیرو هۆشمەندی خۆیان ،زۆر بەکەمی دەچنە دادگا ،چونکە ئە نجومەنی خۆیان زۆر لەبارو زانا ناسراو، زۆر مەزاری پیاوچاکان و وەلی خوای لێیە ناوچەکەی قەڵەباڵغ کردوە ،هەندێ لایەنی تریشی لێیە وەك {ناصریین } و {وفودین} زۆربەی خەڵکی گوندەکە کوردن و پابەندن بە ئاین و سۆفی گەریەوە خەڵکەکی باش و سەخی تەبیعەتن لەگەڵ ئەوەی زوو هەڵدەچن و توڕەدەبن بەڵام زوو هێمن دەبنەوە .سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم کوردانە لەگەڵ سوپای صەلاحەدین هاتوون بۆ میصر کە سوپاکەی زۆربەی کورد بون،




هەندێ ڕیوایەت هەیەکە خەڵکی گوندەکەو سەرچاوەی تر دەڵێن کە سوپای صەلاحەدین سوپای فاطمیەکانی تێك شکاند هەلأتن بەرەو باشور سوپاکە بەدوایان کەوت تا جارێکی تر خۆیان ڕێك نەخەنەوە .لەگەڵ سوپای {توران شاه}یەك نەگرنەوە کە لەم کاتەدا یەمەنی داگیرکردبوو ٥٦٤ ی کۆچی صەلاحەدین زۆربەی سەربازەکانی کورد بون جێگای متمانەی بوون. پاش تەواو کردنی ئەرکەکەیان لە صەعید و نوبە و سودان گەڕانەوەیان بۆ قاهیرە هەندێ سەرباز نەگەڕانەوەو لە شوێنی جیاجیا نیشتەجێ بون ،هەر لە باشورەوە تا باکور لە دەوروبەری نیل و خاکەکەی. یەکەم شوێن کەتیایدا نیشتەجێ بون گوندێکە بەناوی{حمراء}لە ئەسیوط ژیانیان بەسەربرد لە نزیکی ڕووباری نیل بەڵام توشی لافاوی گەورە بوون ، گواستیانەوە بۆ گوندی {وەلیدیە} هاوسێیان دوای ئەوەی لەوێش توشی لافاو بون ڕۆیشتنە ناوچەیەکی چۆڵ و ژیانیان تێدا بردەسەر و ناویان نا گوندی {کوردەکان} بەگوێرەی ڕەچەڵەکیان ، خەڵکی گوندەکە وا دەبینن کەیەکەم خێزان هاتبێتە ئەم گوندە خێزانی {الخطبة}بووە یەکەم مزگەوتەکیان دروست کردوە بەناوی مزگەوتی الخطبة پاشان چەندەها خێزانی تر هاتون بۆ ئەم گوندە

لەوانەش خێزانەکانی شێخ و البدهلیه و الرمحه و عمر والریس و ئەوەی دوای کەوتون . { ماڵی مکی و محمود و ئیسماعیل و حسن علی و حسنین و حسن یوسف} ئەوانەی زۆربەی دانیشتوانی گوندەکە بون

## دووەم : گوندی جەزیرەی کوردەکان :

بەڵام جەزیرەی کوردەکان درێژبۆوەی گوندی کوردانە کەمێك لە ضفاف دوورە لەوبەری ڕووباری نیل بەرامبەر

{ وان} ،لە {عزبه جوده}و{عزبه شارونی}و{عزبه دیاب}و{عزبه العمده}و{عزبه خلف}و{عزبه مسعود}و {عزبه الکر}ئەم دورگەیە لەئە نجامی دروست کردنی بەستی عالی پەیدا بوو.




بەنسبەت خەڵکی ئەم دوو گوندە هەندێکیان کۆچیان کرد بۆ شاری گەورە وەك قاهیرە و ئەسکەندەریە و ئەسیوط و شاری تر.بەدوای کارو خوێندن ، گەڕەکی {شبرا}لە روضەی فەرەج لە قاهیرە زۆرترین خەڵکی کوردی تیایە ، نزیکەی چوار هەزارکەس لەم دوو گوندەدا دەژین بە گوێرەی خەملاندنەکانی{کۆمەڵگەی گە نجانی کوردی خێرخوازی}

## کەسایەتیە بەناوبانگەکانی ئەم گوندە:

١ – ئەدیبی گەورە {محمود بدوی} پێشەنگی کورتە چیرۆکی میسری یەکەم میدیاکاری گوند کەزۆر شانازی پێوەدەکەن خەڵکی گوندەکە.

٢ – لیوا عمر حسن عمر ، پارێزگاری کفرشێخ لە پە نجاکان .

٣ – لیوا حفضی حسن کاتی خۆی پارێزگاری قاهیرە بوە .

٤ – علی حفضی حسن کاری یاریدەدەری یەکەم وەزیری بەرگری بوو ، پاشان پارێزگاری باکوری سینا بوو.

٥ – لیوا عصام حفضی لێپرسراوی پاسەوانەکانی تایبەتی سەرۆکی کۆچ کردو ئەنوەر سادات بوو .

## سێیەم : گوندی میتی کوردەکان :


میتی کوردەکان گوندێکی کشتوکاڵی بوو سەر بە ناوەندی شاری منصورە لە پارێزگای دقهلیە ، لە منصورە نزیکەی ٧ کم دوور بووە ، وە لە قاهیرە ١٢٠ کم دوور بوو ،ڕووبەری هەزار دۆنم بوو ژمارەی دانیشتوانی ٧٠٠٠ کەس بوو بە




گوێرەی سەرژمێری ٢٠٠٦ ی زاینی وە ژیانی زۆربەیان لەسەر کشتوکاڵ بوو وە ڕیژەی نەخوێندەواری ٢٠٪ بوو بەتایبەتی لە ناو تەمەن دارەکان .

### هۆکاری ناونانی بەم ناوە :

زۆر لە خەڵکی میت بە پێچەوانەی خەڵکانی گوندەکانی تر هیچ زانیاریان لە بارەی گوندەکەیانەوە لەلا نیە، هەتا لە هەندێ خەڵکی بەتەمەن و رۆشنبیرمان پرسیارکرد لە بارەی گوندەکەیان هیچ زانیاریان نەبوو،تەنها گێرانەوەیەك هەبوو لە حاجی محمد کە لە باوکی بیستبو {الطاهر البیومی}کە لە رەمەزانی ١٤٣١ ی کۆچی مردبو کە تەمەنی سەت ساڵ تێپەری بوو .کە باوکی باسی کردبوو کە لقێك لە رووباری نیل بە لەلای {عزبە شوقی }بە نزیك گوندەکەیان دا رۆیشتووە ، بۆتە هۆی وەستان و لەنگەری دابەزینی سەرنشین و شتومەك شوێنی ئەم لەنگەرانە ناو نرا بە میتی کوردەکان چونکە زۆربەیان بنەماڵەی کورد بوون .لەسەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی . کوردەکان رۆلێ باشیان هەبووە بۆیە بەم ناوە ناونراوە.




زیاتر باس دەکا دەڵێ هەموو زەویەکانی ئەم ناوچەیە هی ژنێکی کورد بووە بە ناوی {زینب هانم} لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ئەم زەویانەی پێدراوە،قسەی رۆیشتووە لە ناو دەوڵەت ، هەرکەسێ هاتوە بۆ لای نەناردوە بۆ شەرکردن.بۆیە زۆر خەڵك ناسیویەتی و لای هەموو کەس زۆر خۆشەویست بووە . شەری نێوەنگیری کردوە لە هەموو شارەکە ، موڵکەکانی درێژبۆتەوە بۆ {تلیانە}{بلقیە}{زریقی}{شاوا}{کوم دربی}{البرمون}{کفر البرمون}{الزمار}وە ئەوە جێگیرکراوە کاتی خۆیی لە دۆسیەی کەسی .

## چوارەم: شاری کوردی و کفرکوردی لە پارێزگای الدقهلیە


شاری کوردی یەکێك بووە لە شارەکانی پارێزگای دقهلیە ، ٤٥ کم دوورە لە منصورە .وە ١٨٠ کم لە قاهیرە و رووبەری ١٢ کم٢ ژمارەی دانیشتوانی ٥٠ هەزار کەسە بەگوێرەی سەر ژمێری ٢٠٠١ ی زاینی ، زۆربەیان لەسەر کشتوکاڵ دەژیەن ٩٥٪ئەم کارە دەکەن رووبەری داچێنراوی حەوت هەزار دۆنمە ،بارستەی دانیشتوان ٢٠٠ کەس لەسەر یەك دۆنمە ،گەورەترین خاوەنداریەتی تاك رووبەر ی ١٠٠ دۆنمە . بەناوبانگترین چێندراو پیازو پەتاتە وسیر و برنج وگەنم وجۆ و بیبەر و مێخەك وگە نمە شامی ومۆزو پرتەقاڵ و لیمۆ بووە . خێزانە بە رەچەڵەك کوردەکان ٦٠٪ لەوانە ٤٠٪ لەدەرەوە هاتون ،بەناو بانگترین بنەماڵەکان ال عید ،ئەبوحسین،ئەبو عمیرە

،عامر، تومه، حسنين، ئەمانە لەسەرەتاوە لەوێ بوون ،ڕێژەی بڕوانامە لە مماليك گوندە ٨٠٪ بووە وە ميسرڕێژەی نەخوێندەواری ٥٪ بووە زۆر لەشاری کوردی هەندێ شوێنەوار دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان.

زۆر لە گەشتیارەکان مەبەستیانە ئەم شوێنانە ببينن {گردی بلاصون-گردی حەمەرات-گردی حسينين}

## مێژوو سەرەتايی دامەزراندنی :

مێژووی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی سەردەمی ئەيوبيەکان ، پاش سەرکەوتنی صەلاحەدينی ئەيوبی بەسەر خاچ پەرستەکان لە شەڕی {حطين}سەربازەکانی خەلآت کردن و زەوی و شوێنی نيشتە جێبونی پێدان لە شوێنی جياواز لە ميصر ،لەوانە ئەم شوێنە بۆ سەربازە کوردەکان بوو کە لەناو سوپای صلاحەدين بون ،ئەم خاکە زۆر بە پيت و بەرەکەت بوو بەهۆی نزيکی لە دەرياچەی {المنزلە}کە درێژ دەبێتەوە بۆ منشيەی عاصم نزيکەی ٧کم لە شاری کوردی دوورە .کوردەکان لەگەڵ خاوخێزانيان لەم شارە نيشتە جێ بون،دەستيان بە ژن و ژنخوازی کرد تابونەتە ٥٠ خێزان ،بەلآم بەداخەوە پارێزگاريان لە ناو و نازناوە کورديەکەی خۆيان نەکرد , لێرە ناو نازناوی ميصری و عەرەبی بە دەرکەوتن ، بەلآم لەبەر زۆری ڕێژەی کورد ناويان نا شاری کوردی .




لەسەرەتادا تەنها گوندەکە بەناوی کوردی بوو پاش دابەش بوو بۆ دوو گوند بەناوی {کوردی و کفرکوردی} هۆکاری دابەش بونەکەش مامۆستا {ئەحمەد عيد} دەڵێ لە سەردەمی محمد علی پاشا سەرۆك شارەوانيەك هەبوو زۆر توندو تيژ بووە لەگەڵ خەڵك ، بەتايبەتی ئەم ناوچانەی کەوتبونە سەر بەحری بچوك کە بەناو گوند دا دەڕۆيشت ، نەيان دەهێشت کشتوکاڵ بکەن بۆيە وازيان هێنا و دوور کەوتنەوە لە گوندەکە ئەم شوێنە نوێيەيان ناونا کفر کوردی ، وەسەرۆك شارەوانيەکی تريان دياری کرد .بەم شێوەيە گوندەکە بوە دوو بەش بەحری بچوك لێکی جيا دەکردنەوە.

### کەسە بەناوبانگەکانی شارەکە

ئەم شارە بەوە بەناو بانگ بووە کە گە نجەکانیان زوو بەشداریان دەکرد لە بواری خۆبەخشی و سوپاو پۆلیس بۆیە ۲۰۰ ئەفسەریان هەبوو ، لەوانەی کەبەناو بانگ بوون ئەمانەن:

۱ – لیوا علی محرز حسانین دوا پۆستی ئەمینداری گشتی ئە نجومەنی وەزیرانی پێشوو .

۲ – لیوا ئەحمەد الدردیری نبیه حسنین یەك لە دامەزرێنەری کۆمەڵگەی خێرخوازی ئیسلامی لە شاری کوردی

۲ – لیوا دکتۆر محمد فتحی عید،دوا پۆستی یاریدەدەری وەزیری ناوخۆو سەرۆکی نەهێشتنی مادەی هۆش بەر و دکتۆر لە زانکۆی ئەمیر نایفی سەربازی.

٤ – لیوا ئەحمەد دردیری حفنی دوا پۆستی یاریدەدەری وەزیری ناوخۆ

٥ – لیوا طاریق عمیرە دوا پۆستی یایدەدەری وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی یانەی {التجدیف}.

٦ – لیوا محمود فهمی عید دوا پۆستی سەرۆکی پاسەوانانی زانکۆی ئەزهەری پیرۆز.

۷ – لیوا فوزی محمد عید دوا پۆستی یاریدەدەری یەکەمی وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری فریاکەوتنی پۆلیس .

۸ – لیوا حسن محمد عید دوا پۆستی سەرکردەی پاسەوانی زانکۆی {قناة سویس}.

۹ – لیوا محمد محمود عید باوکی ڕۆحی پۆلیس لەشاری کوردی وە یەکەمەکانی خۆبەخش بوو.

۱۰ – لیوا عەبد الحفیظ شتا، ئەو یەکێك بوو لەیەکەمەکانی هاتنە ناو پۆلیسی بێ تەل .

۱۱ – مامۆستاو دکتۆر ئیبراهیم حفنی یەك لە مامۆستا باشەکانی زانستی بۆشایی ئاسمان بوو .

۱۲ – خوالێ خۆشبو حاجی نبیه محمود عید پێشەنگی ناوچەگەری و پارتەکان لە شاری کوردی .

۱۳ – محمود عید ئەندامی ئە نجومەنی گەلی پێشوو و دامەزرێنەری کۆمەڵگەی خێرخوازی ئیسلامی لە شاری کوردی

۱٤ – دکتۆر محمد عبدالحلیم عمیرە بریکاری یەکەم لە وەزارەتی تەندروستی.

۱٥ – الشیخ محرزحسن سلامە ئەندامی لیژنەی فتوای ئەزهەر .

۱٦ – دکتۆر ئەحمەد رضا شتا دوا پۆستی ڕاوێژکاری میدیایی ئە نجومەنی شورا.

۱۷ – مامۆستا ئەحمەد محمد عید یەکێك بوو لە دامەزرێنەری شاری کوردی نوێ و گەشە پێدەر.

وەرگێڕانی مامۆستا میتر حسن عمر

١٨ – دكتۆر جبر عبدسلام جبر پسپۆڕ لە ئەندازیاری كارەبایی وە بەڕێوەبەری ڕووناكی وێستگەی هەردوو حەرەمی شەریف لە سعودیە .

## پێنجەم : گوندی كفر كوردی

كفر كوردی گوندێكی كشتوكاڵیە سەر بە ناوەندی {كفر شكر} پارێزگای قیلوبیە لە شاری {بنها}نزیكەی ٧كم و نیو دوورە ، لە قاهیرەوە ٦٦ كم دوورە ، زۆربەی دانیشتوانی لەسەر بەرهەمی پرتەقاڵ و بەرووبومی خواردن وەك گەنم و جۆ و گە نمەشامی لەسەر ڕووبەری ٤٠٠ دۆنم ژیان بەڕێ دەكەن .

بەناوبانگترین خێزانەكانی {خێزانی كوردی – خێزانی عابدین } نزیكەی ٥٠٪ هەموویانن.دڵخۆشن بەزۆریان و سامانیان بەرامبەر بە خەڵكی تر.

## هۆكاری ناونانیان بەو ناوە :

چەند كەسێك لە بەتەمەنەكان و ڕۆشنبیرەكان كە چاومان پێكەوت هاوڕابوون لەسەر ئەوەی دوو پیاوی كورد كە پێش ٢٠٠ساڵ هاتونەتە ئەم ناوچەیە یەكیان ناوی كورد بووە ئەوی تر ناوی عابدین بووە بازرگانی كڕین و فرۆشتنی خوێ لە كەناری نیل لقی دمیاط وە جارێك لەم گوندە ماونەتەوە بۆ پشودان بۆ شەوێك لەلای پیاوێك بەناوی كفر شەرەفەدین میوانداری كردوون



لەو کاتەی لە میوانداری بون خەڵکێکی زۆری گوماناوی لێیان خڕبونەوە هیچ بۆ سەرۆکی شارەوانی نەما تەنها پۆستەکەی خۆیان بداتێ وە توشی ترس و شۆك بوون ،ئەم کارە سەرنجی کوردەکانی ڕاکێشا و پرسیان ئەم کێشەیە چیە ؟ئەویش گوتی ئەوانە ستەمکارن و گوێ بەکەس نادەن بەکەیفی خۆیان مامەڵە دەکەن کەس ناتوانێ




بەرامبەریان بووەستێ ،دەنا چارەنوسی کوشتن دەبێ. عابدین و کورد داوایان لەسەرۆکی شارەوانی کرد دەیانەوێ ئەم خەڵکە ڕزگار بکەن ،ئەویش قسەکەی پەسندکردن ، بەکردار ئەم کارەیان کردو خەڵك ڕزگاربوون. {علی شرف دین} لەترسی خۆی ئەم پیاوانەی لەخۆی نزیك کردەوە هەریەکەو کچەکی خۆی لێ مارەکردن.

ئەوانیش لەجیاتی بازرگانی لەوێ نیشتەجێبون نەوەیەکی زۆریان ناوە کە ئێستاش لەم گوندە ماون .

هەندێ پرسیارمان کرد لە خەڵکەکەی نەوەی عابدین و کورد کردیان کە چەند گرنگی دەدەن بە دەنگ وباسی کوردو کوردستان گوتیان ئێمە میصرین و تەواو گرنگی بە وولاتەکەمان دەدەین لە پێش هەموو شتێك لەگەڵ کێشەی عەرەبی و ئیسلامی. بەلاَم هەندێك گوتیان زۆر ئاسودە دەبین ئەگەر کورد و کوردستان سەربکەوێ.

## لە بەناوبانگەکانی گوندەکە :

لە بابەتی پۆست و کارکردن بنەماڵەی عابدین زۆر لە پێش بنەماڵەی کورد بون .بەتایبەتی لە بواری سوپا و پۆلیس ، لەگەڵ ئەوەش بنەماڵەی کورد زۆر پۆستی بالاَیان وەرگرتبوو،وەك حاجی عبد ستار کوردی گەورەترین پیاوی کوردەکان بوو .کاری دەکرد وەك سکرتێری پێشوی پارێزگای فیلوبیە کەتەمەن ٩٠ ساڵ بوو

بنەماڵەی عرفان کوردی دوو کاری خێرخوازیان کرد وەك وەقف بۆ هەتاهەتایە بەناوی {وقف عرفان کردی} پێك هاتبوو لە بەخشینی دوو دۆنم زەوی یەکەم بۆ گۆڕستان سێیەکی بۆ خێزانە کوردیەکان و سێیەکی بۆ خێزانە عابدینەکان ئەوی تر بۆ خێزانەکانی تر، کاری دووەم دروست کردنی بنکەی لاوان و قوتابخانەیەك بۆ خەڵکی گوند .

## شەشەم :    منشأە کوردی وە عزبە کوردی:

منشأە کوردی گوندێکە سەر بە ناوەندی کفر الزیات لە پارێزگای الغربیە نزیکەی ٨ کم لە کفر الزیات دوورە وە لە قاهیرە ١١٠کم دوورە . زۆربەیان لەسەر کشتوکاڵ دەژیەن خێزانە بەناوبانگەکانیان خێزانە کوردیەکان نزیکەی ٢٠٪ دانیشتوانی گوندەکەیە، وە دڵخۆشن بە زۆر بونیان بەرامبەر خێزانەکانی تر، ٦٠٠ دۆنم زەویان هەیە .



**هۆکاری ناونان بەم ناوە:** پێش شەست ساڵ ناوی {العداوی} بوو ، هەندێ خێزانە دیارەکانی کوردەکان وەك {صبی کوردی پاشا}هەڵسان بەدانانی چەند دامەزراوەیەکی نوێ وەك قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و بنکەی لاوان هی تریش بۆیە ناویان نا منشأە لەسەر داوای خەڵکی گوندەکە وەك ڕێزو شکۆمەندی بۆ خێزانە




کوردەکە .

خێزانە کوردەکان شەنسیان هەبوو بۆ بەدەست هێنانی متمانەی خەڵکی ناوچەکە بۆ سەرۆکانی شارەوانی گوندەکە کورد بوە لە ماوەی ١١٥ ساڵ لێیان جودانەبویتەوە . وەدیاری ترییان ئەمانەن :

١ – محمد ئەحمەد عبدللە کوردی {یەکەم سەرۆك شارەوانی} ١٨٩٦ – ١٩١٤ ی زاینی وە ناسراو بە {ئەبوذهب}بەهۆی زۆری سەخاوەت و شکۆمەندی ژیان ، وەلە پاش ئەو کوڕی مامی هات .

٢ – ئەمین ئیبراهیم عبدالله کوردی {١٩١٤ – ١٩٣٨} ی زایینی پاش خۆی کوڕی برای هات .

٣ – مصطفى حمدی کوردی {١٩٣٨ = ١٩٧٤ } ی زایینی پاش ئەو کوڕی سەرۆکی زووتر هات.

٤ – عەبدولغەفار ئەمین ئیبراهیم کوردی {١٩٧٤ = ١٩٩٧} ی زایینی پاش ئەو کوڕی سەرۆکی زووتر هات

٥ – ئەندازیار عباس ئەفەندی مصطفى حمدی کوردی {١٩٩٧ – ٢٠٠٤ } ی زایینی

٦ – سەرۆکی ئێستا محمد مصطفى سید کوردی ناسراو بە زکریا لە ٢٠٠٤ تا ئێستا ئەویش نەقیب بوو هێزی چەکداری میصری پێشوو بوو.تۆی خێزانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی کاتێ کەسێك بەناوی عبدالله کوردی دادوەر گشتی قاهیرە ناردویەتی وەك دادوەر بۆ ناوچەی {ئیبار }هەمووی پێوە پابەند بوون لە ئیبار مایەوە تا ١٨٩٨ ی زایینی لە ئیبار دوو کوڕی بوو بەناوی ئەحمەد و ئیبراهیم پاش کۆچی دوایی باوکیان گوسترانەوە بۆ العداوی ١٩٨٩ ی زایینی لەم ناوچەی زەوی کشتوکاڵی پێدان ولەم گوندە ژیان و ژنیان هێناو جیگیر بون .بەلام عزبە کوردی لە تەنیشت منشاە کوردی بوو یەکەم نیشتەجێ بوون لە ١٩٣٤ ی زایینی بوو یەکەم کەس خێزانێکی کوردی بوون .بەلام بەناوبانگی ئەم گوندە زۆربون .لە زۆر لایەن لەوانە {صبری پاشا کوردی} وەك خوالێ ی خۆش بێ مصطفى نبیل باسی دەکات یەکەم وەزیری ئاودێری بوو لە میصر لە ساڵی سییەکانی سەدەی بیستەم ، بەشداری لە دامەزراندنی سدالعالی کردووە.یەك کچی هەبوو شوی کرد بە ئەندازیار {ئەحمەد کمال علی}وەزیری ئاودێری پێشو کرد بەلام خوشکی صبری پاشا نەنکی خوا لێ خۆش بوو مصطفى نبیله .

## حەوتەم : گوندی کوردی بقلین – پارێزگای کفر شێخ

کوردی گوندێکی کشتوکاڵییە سەر بەناوەندی بقلین لە پارێزگای کفر شێخ ٤ کم لە بقلین دوورە وە ١٢٤ کم لە قاهیرە دوورە ، ڕووبەری ١٥٠٢ دۆنمە ژمارەی دانیشتوانی ١٨٠٠ کەسە زۆربەیان لەسەر کشتوکاڵی لۆکەوبرنج وگە نمەشامی و گەنم و جۆ و بیبەرو چەوەندەر دەژین .

بەلام هۆی ناونانی ڕایەکان لێك نزیکن لە فەرمانگەی موڵکایەتی ولی عهد {امیر محمد علی}یان {خولی} محمد علی کوردی کە لە ناوچەکە ناسراوە بەناوی ئەو دەڵێن کوردی یان خاکی کوردی ناوەکە بلاّبۆوە لە ناوچەکە وە لە دۆسیەی فەرمی میصری بە کوردی ناسرا بەلام چارەنوسی محمد علی پاش شۆڕشی ٢٣ ی یۆلیۆ ناوچەکەی بەجێ هێشت. ئێستاش لە گوندەکە کۆشکی پاشایی هەیە کە دەڵێن محمد علی دروستی کردوە.

پاش بەرپابونی شۆڕشی ٢٣ ی یۆلیۆی ١٩٥٢ ی زاینی جێبەجێکردنی یاسای چاکردنی کشتوکاڵی هەموو موڵکی محمد عەلیان دابەش کرد بەسەر کرێکارو جوتیارەکان ئەوانەی زەویەکان دەچێنن بەرێژەی دوو یان سێ دۆنم بۆ هەر خێزانێك خەڵکیان لە پارێزگاکانی ترەوە هێنا ئێستا خەڵکی ئەم گوندەن .



# المصادر و المراجع


١ – القران الكريم

٢ - الا نجيل

٣ - التوراة

٤ – ابن الاثير : عزدين ابوالحسن على بن ابى الكرم الجرزى ﴿ ت ٦٣٠ ﻫ / ١٢٣٢ م﴾

- التاريخ الباهر في الدوله الاتابكية ، تحقيق عبدالقادر احمد طليمات ، دار الكتب الحديثة القاهرة ١٩٦٣ م .
- الكامل في التاريخ تحقيق عبدالله القاضي ، الطبعة الثانية دار الكتب العلمية ،بيروت .

٥ – إسكندر صيفى :المنارة التاريخية في مصر الوثنية والمسيحية ،المطبعة المصرية في القاهرة .

٦ – ابن اياس : محمد بن احمد بن اياس الحنفى المصرى ﴿ت ٩٣٠ ﻫ / ١٥٢٣م﴾

٧ - البدليسى :الأمير شرف خان بن الاميرشمس الدين بن شرف خان الروزكى ﴿ ت ١٠١٠ ﻫ / ١٦٠١ م﴾

- شرفنامة ترجمة محمد جميل ملا احمد الروزبيانى ط ٢ مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر أربيل ٢٠٠١ م .

٨ – د . بلة شيركوه : القضية الكردية ماضى كرد وحاضرهم ١٩٣٠ م .

٩ – ابن تغردى بردى : جمال الدين ابى المحاسن يوسف الاتابكى ﴿ ت ٨٧٤ ﻫ / ١٤٦٩ م

- النجوم الزاهرة في ملوك المصر و القاهرة ج٥ مطابع كونستا تسوماس و شؤكائه القاهرة ، ج١٣ تحقيق فهيم محمد شلتوث ،الهيئة المصرية العامة لتاليف والنشر القاهرة ١٩٧٠ م ج١٥ تحقيق ابراهيم على طرخان ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٧٢ م .

١٠ – جلبى : أولياء جلبى الرحالة التركي : سيحتنامة مصر ، ترجمة :محمد على عونى ، تحقيق د.عبدالوهاب عزام ، د. احمد سعيد سليمان ،مطبعة داركتب و الوثائق القومية المصرية

﴿١٤٣٠ ﻫ /٢٠٠٩ م﴾

١١ – د.جمال حمدان : شخصية مصر. الجزء الرابع ،طبعة دار هلال .القاهرة ١٩٩٥ م .

١٢ – د . جمال رشيد : ضهور الكرد في التاريخ ،ثلاثة أجزاء . دار اراس للطباعة والنشر ، أربيل كردستان
العراق ، الطبعة الأولى ٢٠٠٣ م .

١٣ د . جوليا سامسون : نفرتيتى الجميلة ترجمة المختار السويفى، الدار المصرية اللبنانية ،
الطبعة الثانية – القاهرة ١٩٩٨ م .

١٤ – ابن حجر العسقلانى : شهاب الدين احمد بن علىبن محمد ﴿ ت ٨٥٢ ه / ١٤٤٨ م ﴾

- الدرر الكامنة في الاعيان المائة الثامنة ، حققه الشيخ عبدالوارث محمد على داركتب العلمية بيروت
١٩٩٧ م .

١٥ – الحنبلى : ابن عماد الحنبلى أبو الفلاح عبد الحى ،

- شذرات الذهب في الاخبارمن الذهب ، مكتبة قدس ،( ط.بلا ) القاهرة ١٩٧١ م .

١٦ – ن . أ . خالفين : الصراع على كردستان المسألة الكردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع العشر
(ترجمة الروسية ) د. احمد عثمان ابوبكر ، بغداد ١٩٦٩ م .

١٧ – ابن خلكان : أبو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابراهيمى﴿ ت ٦٨١ ه = ١٢٨٢م }

- وفيات الاعيان ، و انباء أبناء الزمان ، حققه يوسف على طويل و مريم قاسم طويل ،دار الكتب العلمية
بيروت ١٩٩٨ م .

١٨ – خيردين الزركلى : الأعلام ،دار العلم للملاين – بيروت ٢٠٠٢ م.

١٩ – رشيده تيمور : السلاملك .الهيئه المصريه العامه للكتاب – القاهره ٢٠٠٨ م.

٢٠ – السخاوى : شمس الدين محمد بن عبدالرحمن ﴿ ت ٩٠٢ ه – ١٤٧٩ م﴾

٢١ – د. سعيد عبدالفتاح عاشور

- أضواء جديدة على حروب الصليبية . الناشر الدار المصرية للتأليف والترجمة القاهرة ١٩٦٤
م .

- الايوبيون و المماليك في مصر و الشام .دار النهضة العربية القاهرة ١٩٩٦ م.

٢٢ – السيوطى : عبدالرحمن بن كمال أبى بكر ﴿ ت ٩١١ ه = ١٥٠٥ م﴾

- نضم العقيان في اعيان الاعيان تحقيق فيليب حتى مكتبة الثقافة الدينية القاهرة١٩٩٨

٢٣ – ابن شداد : عزدين أبو عبدالله محمد بن على إبراهيم الانصارى ﴿ت ٦٨٤ ه = ١٢٨٥ م ﴾

- سيرة صلاح الدين ( النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية ) دار المنار القاهرة ٢٠٠٠ م .

٢٤ – د. شوقى ضيف : شوقى شاعر العصر الحديث ، مكتبة الاسرة ،القاهرة ٢٠١٠ م .

٢٥ – الصفدى : صلاح الدين خليل بن ايبك ﴿ ت ٧٦٤ ه = ١٣٦٢ م ﴾ .

- الوافى بالوفيات ، حققه احمد الارناؤوط و تركى مصطفى ، دار الاحياء التراث العربى بيروت ٢٠٠٠ م .

٢٦ – د.عادل عبد الحافظ حمزة : العلاقات السياسية بين الدولة الايوبية والامبراطورية الرمانية المقدسة زمن الحروب الصليبية . الهيئة المصرية العامة للكتب ، القاهرة ٢٠٠١ م.

٢٧ – عبدالحمن الرافعى : تاريخ حركة القومية ج٢ مكتبة الاسرة ،القاهرة ١٩٩٩ م .

٢٨ – د. عبدالرحمن قاسملو : كردستان والاكراد دراسة سياسية اقتصادية .بيروت الطبعة الأولى ١٩٧٠ م .

٢٩ – د.عبداعزيز سليمان نوار: تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داوود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا .دار الكاتب العربى ، القاهرة ١٣٧٨ ه / ١٩٦٨ م .

٣٠ – عبدالله السيد مخيمر : أنساب لعرب فيما أهمله العرب في مروج الصحارى بأنبوب و الفتح البدارى . المركز العلمى للطباعة القاهرة ١٩٩٨ م .

٣١ – د.عفاف لطفى السيد : مصر في عهد محمد على ، ترجمة عبدالسميع عمر زين الدين ، ومراجعة السيد امين شلبى ،منشورات مجلس الأعلى للثقافة {المشروع القومى للترجمة} ، الطبعة الأولى، القاهرة ٢٠٠٤ م .

٣٢ – عمر الاسكندرى : الميجرأ.ج.سفدج –تاريخ مصر الى فتح العثمانى ، الطبعة الرابعة .مطبعة المعارف .القاهرة ١٩٢٠ م .

٣٣ – أبو الفداء : الملك المؤيد عماددين إسماعيل الايوبى ﴿ ت ٧٣٢ ه / ١٣٣١ م .﴾

دكتور/ ميرفت ماهر عبد الرحمن - حسن عمر

- تاريخ ابى فداء المسمى المختصر في اخبار البشر ، حققه محمود أيوب ، دار الكتب العلمية بيروت ١٩٩٧ م .

٣٤ – فيليب حتى : تاريخ سورية ولبنان و فلسطين ، بيروت دار الثقافة ١٩٥١ م .

٣٥ – قادر إسحاق نا تخو : التاريخ الشركس ، ترجمة محمد ازوقة ،ط١ ،دار ورد الاردنية للنشر و توزيع ٢٠٠٩ م .

٣٦ – د. قاسم عبده قاسم : عصر سلاطين المماليك ، ط١ دار الشروق ،القاهرة ١٩٩٤ م .

٣٧ – القلقشندى : أبو العباس احمد بن عى ﴿ ت ٨٢١ ﻫ / ١٤١٨ م .﴾

٣٨ – د. كمال الدين سامح : العمارة الإسلامية ،مطبوعات معهد الدراسات الاسلامى القاهرة ١٩٩١ م .

٣٩ – دكتور . ب. ليرخ : دراسات حول الاكراد و اسلافهم الخاليدين الشماليين .ترجمة عن الروسية د.عبدى حاجى .منشورات دار علاء دين حلب ١٩٩٢ م .

٤٠ – محمد امين الكردى : تنوير القلوب في معاملة علام الغيوب ، القاهرة ١٣٨٤ ﻫ / ١٩٦٤ م .

٤١ – د. محمد على الصويركى: الكرد في بلاد المصر ، بحث ضمن كتاب عنوانه : محمد على عونى المؤرخ والاديب الكردى المصرى ١٨٩٧ ﻫ / ١٩٥٢ م .

٤٢ – محمد أمين زكى بك : خلاصة تاريخ الكرد و كردستان ، ترجمة محمد على عونى ، منشورات الجمعية اللبنانية – بيروت ، الطبعة الثانية ٢٠٠٣ م .

٤٣ – محمد أمين زكى بك : مشاهير الكرد وكردستان ،ترجمة محمد على عونى، دار الزمان ديمشق ٢٠٠٦ م .

٤٤ – محمد على عونى : الرسالة العونية في الاسرة التيمورية ، مخطوطة غير منشورة ،وهى محفوظة بمكتبة الأستاذة درية عونى .

٤٥ – محمد فريد بك : البهجة التوفيقية في تاريخ مؤسس العائلة الخديوية ،منشورات دار الوثائق القومية ، الطبعة الأولى ٢٠٠٧ م .

٤٦ – مصطفى مختار : امة الكرد بين ضلم اعدائها و جهل اصدقائها، مكتبة جزيرى في دهوك {كردستان العراق}، الطبعة الأولى ٢٠٠٧ م .

٤٧ – د.مصطفى العبادى : الامبراطوية الرومانية ( النظام الامبراطورى ومصر الرومانية )،دار المرفة الجامعية ،دار المعرفة الإسكندرية ١٩٩٩ م .

٤٨ – المقريزى : تقى الدين احمد بن على بن عبدالقادر بن محمد ﴿ ت ٨٤٥ ﻫ / ١٤٤١ م .﴾

- السلوك لمعرفة دول الملوك ، تحقيق محمد عبدالقادر عطاء ،داركتب العلمية بيروت ١٩٩٧ م
- المقفى الكبير ، تحقيق محمد البعلاوى ،ط٢ ،دار الغرب الاسلامى ،بيروت ٢٠٠٦ م .
- المواعظ والاعتباربذكر الخطط و الاثارلبمعروف بالخطط المقريزية،وضع حواشية خليل منصور،دار الكتب العلمية بيروت ١٩٩٨ م .

٤٩ – ميرى بصرى : اعلام الكرد

٥٠ – د . نجم الدين الكردى : خلاصة كتاب المواهب السرمدية في المناقب السادة النقشبندية . القاهرة ﴿١٣٨٤ ﻫ / ١٩٦٤ م .﴾

٥١ – نشأت الديهى : محمد على باشا بدايات قاسية و مجد عظيم ، طبع دار الجمهورية للصحافة ضمن سلسلة كتاب الجمهورية ،القاهرة أغسطس ٢٠٠٩ م .

٥٢ – د. نضلر حسان سعداوى : التاريخ الحربى المصرى ،مكتبة نهضة بغداد ١٩٥٧ م .

٥٣ – نيكتين : دراسة سوسيولوجية تاريخية .ترجمة عن الفرنسية وعلق عليه د. نورى طالبانى ،منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطنى الكردستانى السليمانية ، الطبعة الثالثة ٢٠٠٧ م .

٥٤ – هنرى باركى، واخرون : القضية الكردية في توركيا ،ترجمة هفال ،مؤسسة الموكريانى للبحوث والنشر- أربيل الطبعة الأولى ٢٠٠٧ م .

٥٥ – ابن واصل : أبو عبدالله بن محمد بن سالم بن نصرالله المازنى التميمى الحموى الشافعى الملقب ب ابن واصل ﴿ ت ٦٩٧ ﻫ﴾

- مفرج الكروب في اخبار بنى أيوب ، تحقيق الدكتور جمال الشيال و أخرون ١٩٦٠ م .دار الفكر العربى للنشر و التوزيع ٢٠٠٠ م .

٥٦ – ياقوت الحموى : شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت الحموى الرومى البغدادى ت ٦٢٦ ﻫ.

- معجم البلدان : تصحيح الشيخ احمد بن الأمين الشنقيطى ، ط١ ، مطبعة السعادة القاهرة
- ﴿١٣٢٤ ﻫ / ١٩٠٦ م .﴾

زۆریگراى ماموستا شیر حسن عمر

## المصادر الأجنبية :


1- Boris James: saladin et lec kurdes.L'HarMattan .mars 2006 .
2- Hassan Arafa :The kurds An historical and political study university press .London –New York-Toronto .1996


## شبكة المعلومات الدولية ﴿ الانترنت ﴾


1- http://WWW.iraqhurr .org/content/article/1681769.html

2 –http://kurdsyria.wordpress.com./

3 – http// www.toutankharation.com/montada/viewtopic.php?id=331

4 – http// www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=kurdish per sons – 20061118-324

5 – http://www.mriraq.com/vp/showthread.php?p=435270

6 – http://3raqi-ana.com/vb/ showthread.php?t=435270

7 – http://www.bingeh.com/news.php?action=view&id=30


## اللقاءات :


١ – لقاء مع أ.طاهر أحمد إسماعيل ،في جزيرة الاكراد يوم ٣ نيسان ٢٠١١ م .



وەرگێڕانی مامۆستا عیماد حسن عمر

٢ – لقاءات مع أ. محمد عبدالرزاق فراح. أد. محمود عبدالرحمن حامد. في قرية الاكراد يوم ٢ نيسان ٢٠١١ م

٣ – لقاء: مع الاستا أحمد محمد محمود عيد، بمنزله في مدينة كردى يوم ٢٠١١/٤/٣٠ م .

٤ – لقاءات : مع أ. محمد مصطفى إبراهيم مصطفى كردى .أ. ممدوح محمد على حسين إبراهيم كردى.أ. صلاح كردى ، بقرية كفر كردى يوم ١٦ /نيسان /٢٠١١ م .

٥ – لقاءات : مع الحاج محمد الشرنوبى الحصرى ،و الحاج عوض ممدوح الزعولى( عمدة القرية )،والمهندس حسنى محمد البحيرى ،و المهندس محمد عبدالمجيد ،في قرية كردى مركز قلين محافظة كفر الشيخ.

٦ – لقاء مع الأستاذ ماجد فرح بحى العجوزة بالقاهرة يوم٢٨ تشرين الأول ٢٠١٠ م .

٧ – لقاء مع الدكتور عمر محى الدين في منزله يوم ٢٣ / حزيران /٢٠١١ م .

٨ – لقاء مع أ. محمود الحلوجى ،نائب مدير متحف المصرى يوم ٢١/يوليو /٢٠١١ م .

الدوريات :

١ جريدة الاهرام المصرية عدد يوم ١٢ / ديسمبر /٢٠٠٥ م .

٢ جريدة الحياة :جريدة الحياة عدد١١٠٠٨ ، بتاريخ ١٩٩٣/٤/٣ م .

٣ جريدة المصرى اليوم . بتاريخ ٢٠٠٩/٧/٢٠ م .

٤ مجلة﴿المصور﴾المصرية ،العدد (١٣١١) بتاريخ ٤ /صفر / ١٣٦٩ ﻫ الموافق ٢٥/نوفمبر/لعام ١٩٤٩ م .

# تێبینی :

**شەرت نیە ئەوەی لە پەرتوکەدا هاتوە کۆتایی هەموو شتێك و بابەتێك بێت ،بەڵکو هەردەم بوار هەیە بۆ هەر خستنەسەری زانیاریەکی نوێ ،یان دەستکاری کردن ،وە ئێمە دڵخۆش دەبین کە خوێنەرەکان هەر پرس و ڕاو پێشنیارەکیان هەبێت ،بۆمان ڕەوانە بکەن لەسەر ئەم ناونیشانە ئەلەکترونیە بەدڵێکی کراوە وەری دەگرین.**

Mzaid30@yahoo.com

**ئەمەش لینکی کتابەکەیە بە زمانی عەرەبی**

# الاكراد في مصر عبر العصور

https://pirtukenkurdi.blogspot.com/2014/12/kurds-in-Egypt.html?fbclid=IwAR0spLTlShDIt_ebQ0mczrzUCkRyhnv09CuWNQcnPNdzG-0brTZJpeoXDHM

وەرگێڕانی مامۆستا مشیر عمر

**وەرگێڕان تەواو بوو لە ٢٠٢٣/٥/٢٤**